# دەربارەی
# فەلسەفەی مێژوو ... زانستی مێژوو

ئامادەکردن و وەرگێڕانی:

**سەلام عەبدولکەریم**

**چاپی یەکەم**

**سلێمانی**.............................2009

**لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی رێنما**

**زنجیرە(169)**

## ناسنامەی کتێب

**ناوی کتێب:** دەربارەی فەلسەفەی مێژوو ... زانستی مێژوو.

**بابەت:** فەلسەفەی مێژوویی.

**ئامادەکردن و وەرگێڕانی:** سەلام عەبدولکەریم

**دیزاین و بەرگ:** فواد کەوڵۆسی

**شوێنی چاپ:** چاپەمەنی گەنج

**ساڵی چاپ:** 2009 سلێمانی

**نۆرەی چاپ:** چاپی یەکەم

**تیراژ:** 1000 دانە

**ناونیشان:** سلێمانی ـ بازاڕی سلێمانی ـ بەرامبەر بازاڕی خەفاف.

**ژمارەی مۆبایل:** (07701574293)، (07501191847)

# پێشکەشە

## بەشوێنی لەدایکبوون و گەورەبوونی منداڵیم گوندی

## "کانی بەردینە"ی شارەزوور

# پێڕست


پێشەکی ........................................................................ 7
چۆن لەمێژوو تێبگەین؟ ........................................................ 11
" لێدوان دەربارەی ئیشکالیەتی وتاری مێژوویی "............................ 11
ئایا مێژوو زانستە؟ ............................................................ 18
گێڕانەوەی زارەکی(ئیپۆس)سەرەتای دەستپێکردنی مێژوو ................... 22
ئافراندنی مێژوو لەنێوان تاکەکەس و کۆمەڵدا.................................. 27
خوێندنەوەی ئایینی بۆمێژوو...................................................... 32
" جولەکە، مەسیحیەت، ئیسلام" ................................................ 32
راڤەی جولەکەیی بۆمێژوو........................................................ 34
خوێندنەوەی مەسیحیەت بۆمێژوو ............................................... 36
خوێندنەوەی ئیسلامی بۆمێژوو .................................................. 41
ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و.................................................. 46
شێوازی پەیڕەوکردنی لەپرۆسەی نوسینەوەی مێژوودا ......................... 46
نوسینەوەی مێژوویی لەشارستانیەتە دێرینەکاندا................................ 47
نوسینەوەی مێژوویی لەشارستانیەتی یۆنانی و رۆمانیدا ....................... 50
چەمکیی قورئانیی بۆ مێژوو ..................................................... 58
مەبەستمان لەمێژوو چییە؟........................................................ 58
ئەجەل چی یە؟ .................................................................... 63
نوسینەوەو تۆمارکردنی مێژوو لای عەرەب و مسوڵمانان ...................... 65
مێژوو لەسەردەمی نەفامیدا ...................................................... 66
مێژوو دوای دەرکەوتنی ئاینی ئیسلام............................................ 67
هۆکاری بایەخدانی عەرەب بەنوسینەوەو تۆمارکردنی مێژوو دوای دەرکەوتنی ئیسلام .................................................................. 68
فرەیی شێوەی نوسینەوە مێژووییەکان ........................................... 70
مێژوو.. مێژوونوسانی عەرەب لەسەردەمە نوێیەکاندا............................ 74

مێژوو لای عەرەب ............................................................ 77
**میتۆد لای عەرەب ........................................................ 79**
**ماهیەتی مێژوو.............................................................. 79**
**شیعر تۆماری عەرەب بووە ............................................... 81**
**عەرەبو نوسینەوەی مێژوو.................................................. 85**
**عەرەبو مێژووی گشتی ................................................... 90**
**میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی لای عەرەب ............................ 94**
**عەرەبو میتۆدی ژیاننامەی مێژوویی.................................... 98**
بیردۆزەکانی راڤەکردنی مێژوو..................................................... 101
**راڤەی پاڵەوانی بۆ مێژوو .......................................................... 101**
**راڤەکردنی ئاینیی بۆ مێژوو......................................................... 105**
**راڤەکردنی جوگرافی بۆ مێژوو...................................................... 106**
**راڤەی خولی بۆ مێژوو................................................................ 107**
**راڤەی ئایدیاڵی بۆ مێژوو ............................................................ 110**
**راڤەی ماتریاڵی بۆ مێژوو............................................................ 111**
**پەراوێزەکان:.................................................................................. 113**
**بۆنوسینی ئەم بەرهەمە سود لەم سەرچاوانەی تر وەرگیراوە:............................ 116**
**سەرچاوە عەرەبییەکان: ...................................................................... 116**
**بەرهەمە بلاَوکراوەکان .................................................................... 117**

# پێشەكی

كتێبخانـەی كـوردی ئێمـە لـەزۆر بـوارو لایەنـەوە كـەلێن‌و كـەمو كـورتی تێدایـە، بـەجۆرێك رەنگـە هەڵـە نـەبێ گـەر بڵـێین هێشـتا لەقۆناغی پێگەیشتن‌و بونیاتنـان‌و دروسـتكردندایە. هـەروەك مـرۆڤ تـاوەكو نەچـێتە كایەیـەكی ئـەكادیمی‌و ناوەنـدێكی زانسـتی‌و سـەرقاڵی نوسـین‌و توێژینـەوەو دەستخسـتنی پـەرتوك نـەبێت لەبوارە جیاوازەكاندا، هەست ناكات كەچەندە كتێبخانـەی كـوردی پێویسـتی بەپڕكردنـەوەی كەلێنـەكان‌و دەوڵەمەنـدكردنی هەیـە بەتایبـەت بەرهـەم‌و پـەرتوكمان بـەزمانی رەسـەنی كـوردی یـەكجار كەمە. لەلایەكیترەوە بواری زانستی زانكۆو پەیمانگەكان ئاتاجێكی زۆریان بەسەرچاوەو پەرتوك هەیە لەهەموو بوارەكانەوە، بەتایبـەت كەئێسـتا خوێنـدن لەهەنـدێ بەشـی كۆلیـژو زانكۆكانـدا بـەزمانی كوردیـــە، وەك كۆلیـــژی زانســـتە مرۆڤایەتیـــەكان‌و زمـــان‌و ئـەدەبیات‌و...تـاد. بۆیـە لـەكاتی ئامـادەكردنی راپـۆرتی زانسـتی رۆژانەو لەكاتی نوسینی توێژینـەوەی دەرچوون‌و تێزی ماستەرو

دکتۆرادا خوێندکاران دەکەونە بەردەم قەیرانی سەرچاوە لەو بوارانەی کەجۆرێك لەتایبەتمەندییان هەیە.

ئەوکاتەی کەخوێندکاری بەکالۆریۆس بووم لەبەشی مێژوو، یەکێك لەو ماددەو میتۆدانەی کەبەنیسبەت ئێمەوە سەرچاوەی زۆر لەسەری کەمبوو، پاشان بەزمانی کوردیش شتێکی ئەوتۆ بەدی نەدەکرا تائەوکات بریتی بوو لەماددەی(فەلسەفەی مێژوو، زانستی مێژوو)کەبۆخۆیشی ماددەیەکی بنەڕەتیەو پێویستە قوتابی یان خوێندکار بەر لەوەی هیچ شتێکی تر لەمێژوو بخوێنێ جارێ خودی مێژوو خۆی بخوێنێ و توێژینەوەو گەڕانی بەدوادا بکات، چونکە ناکرێ خوێندکارێ بەشی مێژوو تەواو بکات، بەلأم نەزانێت پێشوەخت مێژوو خۆی چیە؟ پێناسەکانی مێژوو چین؟ بیردۆزەکانی راڤەکردنی مێژوویی کامانەن؟ پرۆسەی نوسینەوەی مێژوویی کەی دەستی پێکردووەو چۆن ئەم مێژووە نوسراوەی ئێستا گەیشتۆتە بەردەستمان؟.......تاد، لەلایەکیترەوە زۆربەی قوتابیانی ئێمە لەزانکۆو پەیمانگەکان تەنها زمانی کوردی دەزانن، کەئەمە بۆخۆی گرفتێکی گەورەیەو لەولاشەوە ئەو ماددانەی کەدەیانخوێنن یان توێژینەوەو راپۆرتیان لەسەر دەکات بەزمانی کوردی سەرچاوە دەربارەیان زۆر کەمە یان هەیەو دەگمەنەو بەشی پێداویستی زانستی قوتابی ناکات.

بۆیە وەك هەستکردنێك بەبەرپرسیارێتی بەبەرامبەر هاوکاری کردن و پڕکردنەوەی کەلێنەکانی کتێبخانەی کوردی و وەك

خزمـــەتکردن بـــەقوتابیان‌و خوێنـــدکارانی کـــورد لـــەزانکۆو پەیمانگەکانی کوردستان(ئەگەر ئەم بەرهەمەم شیاو بێت‌و بیگومان لەکەمو کورتیش بـەدەر نیـە)پێمخۆشـبوو پێشکەشـی کتێبخانـەی کـوردی‌و قوتابیـانی کـوردی بکـەم لەهـەر شـوێنێك هـەبن، بـەو ئومێـدەی بتـوانین لـەو بوارانـەی کەبـەزمانی کـوردی سەرچـاوەو زانیاریمان کەمە لەسەریان دەستباری کتێبخانەی کوردی بین‌و ئەو قـەرزە نەتـەوەیی‌و نیشـتمانییەی لـەم قۆناغـەدا لەسـەر شـانمانە بیدەینەوەو لەئەرکەکانمان کەمبکەینەوە.

لەبنەڕەتـدا ئـەم کتێبـە بریتیـە لەچـەند وتـارێکی پچـڕ پچـڕ کەهەنـدێکیان نوسـینن‌و هەنـدێکیان ئامـادەکردن‌و هەنـدێکی تریشیان وەرگێڕان‌و لەرۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانی وەك(گۆڤاری پـەیڤین، روونـاکبیر، رۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ، رۆژنامـەی یەگرتوو). رەنگە شێوازی زنجیرە بەندکردنی بابەتـەکان زانستیانە نەبێت، بەڵام ئامانج لێی بەخشینی کۆمەڵە زانیارییەکە دەربارەی زانسـتی مێـژوو، فەلسـەفەی مێـژوو، بـەو هیوایـەی لـەداهاتوودا کەسـانی بـەتواناتر بتـوانن لـەم لایەونـەوە خزمـەتێك بەکتێبخانـەی کوردی‌و خوێندکارانی کورد بکـەن. دەمـەوێ ئـەوەش بڵـێم کەلەبـەر سـەرقاڵی نـەمتوانیوە لـەم بەرهەمەمـدا باشـترو زانسـتیانەتر کـاری تێـدا بکـەم، بـەڵام هەوڵـدەدەین لـەداهاتوودا گـەر خـودا دەرفـەتی پێداین ئەم بەرهەمـە دەوڵەمەنـدتر بکـەین یـان هـیچ نـەبێت بـەڕێزێك بەسـەرنج‌و تێبینـی‌و رەخنـەی زانسـتیانە رێکـو پـێکتری بکـات.

لەكۆتاييــدا ئــەم بەرهەمــە وەك دانــەوەی قــەرزێكی نەتــەوەیی و نیشتمانی پێشكەشی كتێبخانەی كوردی دەكەم و هیوادارم لەكەمو كورتی بمبورن.

سەلام عەبدولكەریم
خوێندكاری دواقۆناغی ماستەر لەبواری مێژوودا
زانكۆی سلێمانی
Salam_80jornalist@yahoo.com
2009/1 /5

# چۆن لەمێژوو تێبگەین؟

## (1)

### " لێدوان دەربارەی ئیشکالیەتی وتاری مێژوویی "

یەکێك لەدیاردانەی وتاری رۆشنبیری کوردی لەئێستادا، ئیشکالیەتو گرفتی زانستیو بەئەکادیمیبوونی گوتارو نوسینە مەعریفیو رۆشنبیرییەکانە، تەنانەت لێکۆڵینەوەو توێژینەوە زانستیەکانیش لەمجۆرە ئیشکالانە دەرباز نەبوون. لەنێو ئەو گیروگرفتانەشدا زیاتر ئەو وتارو بابەتانەیە کەلەسەر بابەتە مێژووییەکان دەنوسرێت، هاوکات ئەو گیروگرفتانەش جۆری هەیە، تەنانەت ئەو کەسانەی کە لەسەر مێژوو دەنوسن، هێشتا بەتەواوی لەچەمکی مێژوو، فەلسەفەی مێژوو تێنەگەیشتوون بەمانا زانستیەکەی، جگە لەوەی کەدوورو نزیك کەسی نوسەر ئاگاشی لەمیتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی نییەو نەیتوانیوە پەیڕەوییان لێبکات، بەگوێرەی پێناسە کلاسیکیەکان تاڕادەیەکی زۆر "

مێژوو نوسینەوەو تۆماری رابردووی مرۆڤە" یاخود " مێژوو وێنەی ئەو رووداوانەیە کە لەرابردوودا روویانداوە". دیارە ئەم شێوە پێناسکردنەی مێژوو، هاوشێوەکانیان جگە لەوەی دەلالەتی رەهانییە لەسەر جەوهەری مێژوو، لەلایەکی تریشەوە بەتەنها ئەو پێناسانە بەس نین بۆئەوەی بەو جۆرە تێگەیشتن لەمێژوو جێگیر بکەین، چونکە ئەگەر بچینەوە لای ئەو کەسانەی تر لەمێژووناسانو فەیلەسوفانی بواری مێژوو کە بەقوڵیو بیرکردنەوەوە لەدیاردەو رووداوە مێژووییەکانیان روانیوە دەگەینە چەندین پێناسەی جیاوازترو گونجاوتر لەمەڕ چەمکی مێژوو، لەوانەش (هیرۆدۆت)دەڵێت:" مێژوو گەڕانو پشکنینە بەدوای راستی رووداوەکاندا". هەروەها(ئیبن خەلدون)یش دەڵێت:" مێژوو لەرواڵەتدا هەواڵە دەربارەی رۆژگارو رووداوە پێشووەکان، لەناوەڕۆکدا روانینو وردبوونەوەو لێکۆڵینەوەیە بۆبوونەوەرەکانو پرەنسیپەکانیانو زانستە بەچۆنێتی رووداوەکانو هۆکارە قوڵەکانیان". بەمانایەکی تر(کولینکود)دەڵێت:" مانای مێژوو لەوەدایە کە ئەو رابردووەی باسی لێوەدەکات، رابردوویەکە مردوونیە، بەڵکو رابردوویەکە بەمانایەك لەماناکان لەئێستادا دەژێت". ئەوەی لێرەداگرنگە وەریبگرین ئەو لایەنەی مێژووە کەگەڕانو پشکنینو لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی ئەو رووداوانەیە کە لەرابردوودا روویانداوە، نەك نوسینەوەو تۆمارکردنی رووداوە مێژووییەکان، چونکە تائێستاش ژمارەی ئەو بابەتانەی کە لەسەر رووداوە

مێژووییــەکان دەنوسـرێت، زۆر کـەم ڕەچـاوی ئـەم لایەنـە پـڕ بایەخـەی چەمکی مێژووی کردووە. نەبوونی پسپۆڕیو تایبەتمەندیو شـارەزایی لای بەشـێکی نوسـەرانی کـورد لـەبواری مێـژوودا هەمیشـە وایکـردووە کەئـەو وتارانەی کە لەسەر مێژوو دەنوسـرێن زیـاتر شـەقڵی گێڕانەوەیـەکی پێـوە دیاربێــت، کەکــەم تــا زۆر بەشــێکیان لەگێڕانــەوەی چــیرۆکی بــەرگوێی ئاگردانو قسەی ئـەو حیکایەتخوانانـە بچێت کـەدەنگیان لـەنێو تاریکـایی سەر تەختەی شـانۆیەکەوە دەبیسـترێت. پێدەچێت هـەموومان هـاودەنگ بـین لەسـەر ئـەوەی کەپرۆسـەی نوسـین بەشـێوەیەکی گشـتی پـرۆژەی ئاشـکراکردنو کەشـفکردنی مـەجهولو نادیارێکـە، ئەمـەش بـەپێی جـۆری بابەتەکە دەگۆڕێـت، بەمانایـەکی تـر هەوڵدانـە بـەهۆی چـەند زانراوێکـەوە بۆدۆزینـەوەی نـەزانراوێك یـاخود زیـاتر، سـەرەڕای ئـەوەش ئـەم حاڵەتـە لەنوسینو توێژینەوەیـەکی سیاسـیو کۆمەڵایـەتی یـان بـایلۆژیو زانسـتی رووتەوە بۆ یەکێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت، هەروەکو پێشتر باسمـانکرد راسـتە رووی یەکـەمی مێـژوو بریتیـە لـەتۆمارو نوسـینەوەی رووداوەکـان، بەڵام ئەمە مانـای ئەوەنیـە کـە هـەموو مێـژوو دارنـین لـەماناو تێگەیشـتنە راسـتەقینەو شـیاوەکەی خـۆی، کەبریتیـە لەتوێژینـەوەو لێکۆڵینـەوەی رووداوە مێژووییـــەکان، کەئەمـــە رووی دووەمو بەشـــە تەواوکەرەکـــەی مێژووە، چونکە ئەگەر وانەبێت ئەوکات بەیەکجار نوسینەوەی مێـژوو ئـیتر پێویستمان بەنوسینەوەی دووبـارەو جـارێکی تـری ئـەو مێـژووە نوسـراوە

نییە، بەڵکو پێویستمان بەئاشنابوون بەو هۆکارانە هەیە کە لەپشتەوەی رووداوە مێژووییەکانـدا خۆیـان حەشـارداوەو کاریگـەری راسـتەوخۆو ناڕاستەوخۆیان لەسەر مێژوو، رەوتی مێژوویی رووداوەکـان هەیـە، بەچـاك یان بەخراپ، پێویستمان بەساغکردنەوەی راستیەکی مێژوویی ، وتەیـەکی مێژوویی، رووداوێکـی مێـژوویی، تەنانـەت کـاتو شـوێنی رووداوێك هەیـە، گومـان لەوەشـدا نیـە کەئـەم سـاغکردنەوەو سـەلماندنو جێگیرکردنـە بەنیسـبەت مەسـەلە مێژووییەکانـەوە بەگێڕانـەوەو نوسـینەوەی مێـژوو نابێـتو دەسـتناکەوێت، بـەڵکو بەپشـکنینو توێژینـەوەو وردبوونـەوەو لێکۆڵینـەوە دەبێـت، رەنگـە لێـرەوە ئەمـە بەهـەوڵی فەلسـەفەی مێـژوو دەستنیشـان بکـەین، لەسـەرووی هەمووشـیانەوە پێدەچـێت فەیلەسـوفی بەناوبانگی فەرنسی( ڤۆڵتێر) لەپێشترین کەس بووبێت کـە لـەدەرگای ئـەم باسەی دابێـت، کاتێـك دەڵێـت:" هەنـدێ لەمێژوونوسـان بایـەخ بەجـەنگو پەیماننامـەکان دەدەن، بـەڵام دوای ئـەوەی کـەمن دەیخوێنمـەوە جگـە لەوەسـفکردنی ئـەوەی کـە لـەنێوان سـێ تاچـوار هـەزار جـەنگو سـەدەها پەیماننامەدایە هیچ داناییەکی تێدا نابینم، هـیچ پێویسـتی بـەوە نـەدەکرد کـە لەورووداوانـە تێبگـەم". لـەم پێگەیـەوە ڤـۆڵتێر هەوڵـدەدات دانـایی بدۆزێتـەوەو ئاشـکرای بکـات، کـە لەپشـت رووداوە مێژووییەکانـەوە وەسـتاوەو رووداوەکـان ئاراسـتە دەکـات، بەمـەش یەکـەم کـەس بـوو کەزاراوەی (فەلسەفەی مێـژوو)ی بـەکارهێناوە، هـەر لێـرەوە جـارێکی تـر

تێدەگەین کەفەلسەفە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر توێژینـەوەی مێـژوو، ڕووداوە مێژووییـەکان هـەبووەو هەیـە، چـونکە کاتێـك بـاس لەمێژووییـەك دەکرێت ئەرکی فەلسەفە پێش هەموو شتێك پرسیارکردنە لەو مێژووە، بـۆ نموونە دەوترێت:" شۆڕشی فەرەنسی لەساڵی 1789ز ڕویـداوە"، لێـرەدا فەلسەفە دەپرسێ چۆن ئەو شۆڕشە ڕوویـدا؟ کـەی ڕوویـدا؟ هۆکارەکـانی کامانــەبوون؟ ئــەنجامی شۆڕشــەکە بەچــی گەیشــت؟ کــەوابوو ئامــانج لەنوســینی مێــژوویی، لێکۆڵینــەوەو لێکدانــەوەو توێژینــەوەی نــاوەڕۆكو هۆکارو ماهیەتی ڕووداوە مێژووییەکانە نەك نوسینەوەو گواستنەوەی ئـەو مێژووە نوسراوە بێت جارێکی ترو بەزمانێکی تر بۆسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارو تەنانەت کتێبەکانیش، چـونکە ئەگـەر لایـەنی توێژینـەوە نەبووایـە لەمێژوودا، ئـەوا نەمانـدەتوانی زۆر بابـەتو حەقیقـەتی مێـژوویی یـەکلایی بکەینەوەو بەڕاستی لەبیرو هۆشماندا جێگیریـان بکـەین، دیـارە ئیشـکالو گیروگرفتی نوسینی مێژوویی زۆرن، بەڵام یەکێکی تـر لـەو گرفتانـە کاتێـك کەسێك تەنانـەت توێـژەرێك بابـەتێکی مێـژوویی دەنوسـێت، زانیارییـەکی مێــژوویی، بڕگەیــەك لەسەرچــاوەکەیەوە وەردەگرێــت، بــەڵام بێئــەوەی تێبینیو پشکنینی خۆی هەبێت لەسەر ئەو زانیاریو بڕگە مێژووییـە بـەبێ ئەوەی تێڕامانو خوێندنەوەی خۆی بەسەریدا تێدەپـەڕێت، ئەمـەش بـووە بەکێشەیەکی گەورەو درێژکراوە تارۆژگاری ئەمڕۆ، هەرئەمەیش وایکـردووە کەزۆرێك لەوانەی کەلەبواری مێژووییدا دەنوسنو بەرهەمی مێژووییان هەیە

بەسەر ئەو هەڵە گەورە مێژووییەدا تێپەڕی کەکوردستان لەساڵی (1514ز) لەشەڕی چاڵدێراندا لەنێوان عوسمانیو سەفەوییەکاندا روویداوە لەکاتێکدا بەگوێرەی بۆچوونە راستەکان یەکەم دابەشکردنی کوردستان لەپەیمانی زەهاوی ساڵی(1639ز) دابەشکراوە، چونکە دابەشکردن لەفۆرمە رەسمیەکەیدا لەسەر پەیماننامەو بڕگەی یاسایی دەبێت نەك لەسەر بنەمای شەڕ، دەکرێ بڵێن دەرئەنجامی شەڕی چاڵدێران دابەشبوونی ئاینیو مەزهەبی کوردستان بوو بۆهەردوو ئاینزای سوننەو شیعە، بەجۆرێك خاکی کوردستان بوو بەدوو شوێنی نفوزی ئەو دوو مەزهەبە. بەهەرحاڵ چەندین هەڵەی مێژوویی تریش بەدی دەکەین. لەهەمان کاتدا تەشەنەکردنی ئەم هەڵەو دیاردە مێژووییە تاوەکو ئێستا رەنگە کاریگەری هەبووبێت لەسەر ئەوەی کەلای ئێمە ئەو جۆرە نوسەرانە ناپاكو پیاوخراپمان لێبکەن بەپاڵەوانو نیشتمان پەروەر قەیرانو تەنگژەیەکی گەورە بۆ بابەتە مێژووییەکان بخولقێننو کار بکاتە سەر داخستنی دەرگای لێدوانو تەفسیرکردنە جیاوازەکان بۆمێژوو، لەکاتێکدا یەکێك لەو خەسڵەتە جوانانەی مێژوو ئەوەیە کەمێژوو پانتاییەکی بەرفراوانی هەیە بۆخوێندنەوەی جیاوازو تێڕوانینی دوور لەیەك، کەهیچ یەکێك لەو راڤەکردنو دیدو تێڕوانینە جیاوازانە رەتنەکراوەتەوە بۆخاوەنەکانیان، مەگەر تەنها بەسەلماندنو هێنانەوەی بەڵگەو پەیڕەوکردنی رێبازی زانستی نەبێت کەمامەڵەیان لەگەڵدا کراوەو

بەگوێرەی عەقڵو مەنتیقو لێکدانەوەکان بۆچوونە نزیکو راستەکەیان بەهەند وەرگیراوەو ئامانجی خۆی پێکاوە، لەکۆتاییدا ئەگەرچی ئیشکالیەتی تر ماون لەمەڕ گوتاری مێژوویی. ئەوەی لەسەرو بەندی ئەم چەند پەرەگرافەی کەپێشکەشمان کرد، چەند تێبینیو پێشنیارێکە لەسەر لایەنی زانستی لەبواری مێژوودا، هاوکات خەمخواردنێکی ئەکادیمیە بۆ بنەبڕکردنی ئەو فەوزایەی کەلەبواری نوسین بەگشتیو نوسینی مێژووییدا لەگۆڕەپانی رۆشنبیری کوردیدا هاتۆتە ئاراوە، کەهەر کەسەو بەگوێرەی ئەوەندەی خۆی کە لەمێژوو تێگەیشتووە، زۆرجار بەبێ رەچاوکردنی میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی دێت قسە لەسەر رووداوە مێژووییو بابەتە مێژووییەکان دەکات، ئەوکات جگە لەسەردو گێڕانەوەو نوسینەوەو بەرجەستەکردنی هەمان مێژووی نوسراو نەتوانێ بەرهەمێکی شیاومان لەلێکۆڵینەوەو توێژینەوەو گەڕانو پشکنین بەدوای رووداوو حەقیقەتە مێژووییو هۆکارو دەرەنجامو چۆنێتی روودانیان پێشکەش بکات.

## ئایا مێژوو زانستە؟ (2)

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستمان بەپێناسەی زانست هەیە بۆئەوەی خۆمان یەکلایی بکەینەوەو بتوانین قسە لەسەر کۆمەڵێك شتی تربکەین، زۆرێك لەلێکۆڵەرەوان زانستیان بەوە پێناسەکردووە بەپلەیەك کورتیان کردۆتەوە بەسەر زانستە سروشتیەکانو زانستە رێکوپێکەکاندا، بەوەی کە بریتیەلە "کۆمەڵێك راستیو دیاردەی رێکخراوی لەیەکچوو لەسەر دەزگایەکی گشتی یان یاساو رێسایەکی گشتی کە بەهۆیەوە بتوانرێ پێشبینی دەربارەی رووداوەکان یان دیاردە لەیەکچووەکان بکرێت لەبارودۆخە لەیەکچووە ناسراوەکاندا لەسەر ئەو یاسانەوە". ئەگەر بەم شێوەیە چەمکی زانست کورت بکەینەوە ئەوا ناتوانین مێژوو جێگە بکەینەوەو بەزانستی دابنێین، تەنانەت زۆرێك لەزانستەکانی تریش، بەلام بەگوێرەی بۆچوونی لێکۆڵەرەوە متمانە پێکراوەکان زانستیان بەپێناسەیەکی فراوانتر ناساندووە بەوەی بریتیەلە "کۆمەڵێك راستی رێکوپێك کەدەتوانرێ بەهۆی پرۆگرامێکی تایبەتەوە لەگەڕانو پشکنینو

تێبینی کردن بگەین بەدەرهێنانی چەند رێسایەك کـە بڕیـار دەدات بەسـەر ئەو شتەی کەلێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە".

دیـارە مێـژوو زانسـتێکی مرۆییـە، فەیلەسـوفەکانی رێبـازی مـاددی لەسەدەی (19)دا ئـەوەیان دەووت کـە تـەنها یـەك زانسـت هەیـە ئـەویش زانستی مێژووەو بریتیە لەدووبەش: مێژووی ئادەمیزادو مێژووی سروشت، مەبەست لەیەکەمیان ئەو لقانەی زانستە کە ئادەمیزاد خۆی کەرەستەیانە وەك(مێژوو، ئابوری، کۆمەڵایەتیو...تاد). هەرچی دووەمیانـە بریتیـە لـەو زانستانەی کە کەرەستەیان لەناوخودی سروشت خۆیدا هەیـە وەك(کیمیـا، فیزیا، بایلۆجیا،...تاد). هاوکـات هـەموومان دەزانـین کـە(1+1=2)پـاش چەندهەزار ساڵی تریش هەر ئەو ئەنجامە دەکات، بەڵام ناتوانین ئەم رێسـا زانستیە بەسەر مێژوودا پراکتیك بکەین، چونکە کەرەستەی ئـەو گیانـدارە خاوەن هەسـتو هۆشـە گـەلێك هۆکـار کـاری تێدەکـەن، بـەجۆرێك مێـژوو پرۆسـەیەکە بـەردەوام کارلێـك دەکـاتو وەسـتانی بۆنیـەو هەمیشـە بـۆ پێشەوە دەڕوات. (هۆلاکۆ) بـەو هـەموو زەبـرو زەنگیـەوە نـەیتوانی کـاری مزگەرو زەڕەنگەرو ئاسنگەری بەپلەی خوێندەواری عێراقیەکان بگێڕێتەوە بۆسـەردەمی رۆژگـاری سـۆمەرو ئەکـەد. هـەروەها ووتمـان مێـژوو لەگـەڵ دەوروبەرەکەیدا کارلێـك دەکـات کـە بـەدوو شـێوەیە، کـارلێکی ئاسـۆیی‌و کارلێکی ستونی. هەرچی کارلێکی ستونیە ئەوەیە کە لەناو خودی کۆمەڵدا روودەدات، کـارلێکی ئاسـۆیش ئەوەیـە کـە لـەنێوان رووداوی مێـژوویی کۆمەڵی جیاوازدا روودەدات.

بابـەتی زانسـتی مێـژوو دادەبڕێـت بەسـەر کۆمـەڵێك دیـاردەو  راسـتی کـــرداریو هەڵچـــوونەکان بەوەچـــەکانو کۆچـــکردووەکان لەروانگـــەی رووداوەکانـــەوە، هـــەروەها گەشـــەکردنی چـــینەکانو لەنێوچـــوونی شارسـتانیەتەکان لەکۆنـەوە تـاوەکو ئێسـتا. ئـەرکی ئێمـە کۆدەبێتـەوە لەدەوروبـەری زانیـاریو باوەڕمـان بـەو پەیوەندییـەی کەلـەنێوان ئـەو دیاردانـەدا هەیـە لەسـەر ڕەوتـی سـەردەمەکانو ئـەو یاسـایانەی کـە لەچوارچـێوەی مرۆڤـدا دەبـزوێن. هاوکـات زانسـتی مێـژوو، ئـەوەی کەبە(سوڕی مێژوو) ناودەبرێت مەبەست ئەوەیە کەناسراوە بە(فەلسـەفەی مێژوو)یان هەوڵدان بۆ ئاشکراکردنی فاکتەرەکانی بزوتنی مێژوو، هـەروەها ئەو ئاراستەیەی کە گرتویەتیە بەر، جگە لەوەش ئەوەی کـەپێی دەوترێـت (زانستی سەیرورەی مرۆڤ).

شێخ محەمەد مەهدی شەمسەدین لەخسـتنەڕووی پێناسـەکەیدا دەڵـێ: "بزوتنی شتێکە لەدەوروبەرەکەیـدا لـەماوەی زەمەنـداو بەئاماژەیـەکی تـر پرۆسەی گۆڕینو گۆڕانکاریو گواستنەوەیە(صيرورة) لەحاڵەتێکـەوە بـۆ حاڵەتێك، ئەوەی کەبەدەسـتی دەهێنـێ لەرەگـەزەکانی ئـەو دەوروبـەرەدا لەماوەی زەمەندا". کەواتە ئـەرکی زانسـتی مێـژوو گەڕانـە بـەدوای نهێنـی گەشەکردنی رەوتی ژیاندا. بۆیە داکۆکی کردنمـان بـەمانای یەکـەم بابـەتی زانســـتی مێـــژووە کەبایەخـــدانمان پێـــی بریتیـــە لـــە بەدەســـتهێنانی کەرەستەیەکی زانستی کەوامان لێبکات بگەین بەیاسا گشتییەکان، چونکە مەبەستمان لەپرسـیارەکە زیندووکردنـەوەی وەڵامەکەیـەتی کەیەکسـانمان

دەكات لەبنیاتنانەوەی ناتێڕوانینی تێروتەواومان بۆگەردوونو ژیان، ئەمە زیاتر خولگەی بایەخپێدانەكەیە چونكە:

1–ناتوانین یەك بەرهەم بەدەست بهێنین.

2– پەیوەستە بەتایبەتمەندیەكانی مرۆڤو بیروباوەڕەكەیەوە.

واتە مەبەستی یەكەم فەلسەفەی مێژووە، دووەم ئەو فەلسەفانەیە كە پەیوەستن بەتێڕوانینی گشتییەوە بۆ گەردوونو ژیان. فەلسەفە یان یاساكانی سەیرورەی مێژوو، واتە لەو روانگەیەوە كەپەیوەستە بە بیروباوەڕمانەوە. بۆ ئەم مەبەستەش زانایانولێكۆڵەرەوان هەوڵو كۆششێكی زۆریان كردووە بۆ لێدوان لەسەری.

بۆیە دەتوانین بڵێین مێژوو زانستە ، بەلام لەچوارچێوەی زانستە مرۆییەكاندا نەك لەچوارچێوەی زانستە ئەزمونیو تەجرییبەكاندا، هەرچەندە زۆر كەس بەدرێژایی قۆناغو سەردەمە مێژووییەكان نكوڵییان لەتیۆری زانست بوونی مێژوو كردووە.

# گێڕانەوەی زارەکی(ئیپۆس)سەرەتای دەستپێکردنی مێژوو (3)

گفتوگۆ دەربارەی سـەرەتای دەسـتپێکردنی مێـژوو، ناچـارمان دەکـات بگەڕێینــەوە بۆهەنــدێك پرسـیاری گـرنگو وردبوونــەوەی زیـاتر، چـونکە هەرشتێك لەبوونەوەردا وەربگرین،خۆی بۆخۆی مێژوویەکی هەیە، تـاوەکو گەیشتۆەتە ئەم دۆخە ئاساییەی ئێستای، دەکرێت لێرەشەوە قسە لەسەر ئەوەبکەین کە مێژوو بۆخۆیشی مێژوو ڕابردوویەکی تایبەت بەخۆی هەیـە، بۆئەوەی بپرسـین مێژووکـەی دەسـتی پێکـردوەو سـەری هەڵداوە ؟ چـۆن دەتـوانین سـەرەتاکانی مێـژوو دەستنیشـان بکەین؟بەمانایـەکی تـر ئـەو قۆناغانــە زەمەنیانــە کامانــەن کەمێــژوو پێیــدا گــوزەری کــردووە ؟ مەبەستیشـمان لەمێـژوو بریتیـە لـە دەقـە نوسـراوەکان دەربـارەی ژیـانو بەسەرهاتی سەردەمە دێرینەکان کـەمرۆڤ بەسـەری بـردوون. لەنوسـینێکی تـردا باسمـان لەهــەردوو لایـەنی مێـژووکردووە، بـەوەی مێـژوو لەڕواڵەتـدا بریتیە لەگێڕانەوەو تۆماری ڕابردوو، لەلایـەکی تـرەوە مێـژوو لەناوەڕۆکـدا

گەڕان‌و پشکنین‌و لێکۆڵینەوەیە بەنێو ڕووداوەکانی ڕابردووداو دیاریکردنی فاکتەرەکانی بزووتنەوەی ژیانە. لەم باسەدا دەمانەوێت چەمکی گێڕانەوەی دەماودەم(ئیپۆس) بناسێنین‌و بزانین سەرەتاو ستایلی ئەوگێڕانەوەیە چۆن بووەو کەی دەستی پێکردووە؟ ئەگەرچی هەندێك لەمێژووناسان سەرەتای دەستپێکردنی مێژوو دەبەستنەوە بەدۆزینەوەو سەرهەڵدانی نوسینەوەو لەم بارەشدا چاخ‌و سەردەمە مێژووییەکانیان دابەشکردۆتە سەردوو جۆر، ئەوانیش:

1– چاخەکانی پێش مێژوو، کەمەبەستیان لێی ئەوەیە هێشتا نوسین نەدۆزراوەتەوە.

2–چاخە مێژووییەکان، کەمەبەستیان دۆزینەوەو سەرهەڵدانی نوسینە، زیاتریش نوسینی بزماری سۆمەرییە.

بەگشتی دەوروبەری ساڵی(3100پ. ز)بەسەرەتای دەستپێکردنی چاخە مێژووییەکان دیاریدەکەن، بەڵام بەبڕوای ئێمە سەرەتای مێژوو دەگەڕێتەوە بۆ بوونی مرۆڤ لەنێو ئەشکەوتەکاندا، واتا سەرەتای نوسینەوەی ڕووداوە مێژووییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نوسینە وێنەییانەی کەمرۆڤ لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان ئەنجامی داون، چونکە کاتێك مرۆڤی کۆن ئاژەڵێکی ڕاودەکرد، ئەوا دەقی ئەم ڕووداوی ڕاوکردنی ئاژەڵەی بەوێنە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان دەردەبڕی، بوونی چەندەها وێنەی ئاژەڵی کێوی‌و باڵندەو تەنانەت وێنەی ماسی لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان دەکرێت بکرێنە بەڵگەی ئەم حاڵەتە، بەدەر لەم قۆناغەش، دەستپێکردنی مێژوو خۆی لەپڕۆسەی (گێڕانەوەی زارەکی – ئیپۆس)دابینیوەتەوە، واتا

تـاكو سـەرهەڵدانی نوسـین، مێـژوو ڕووداوە مێژووییـەكان دەقـی تیـۆریو بەرجەستە نەكراوبوون، دواتربوون بەدەقی نوسراو بەیارمەتی سەرهەڵدانی نوسین لەشارستانییەتە دێرینەكانـدا، واتـا ڕووداوە مێژوویـەكان لەڕێگـەی ئیپۆسەوە لەنەوەیەكەوە گوێزراوەتەوە بۆنەوەیەكی ترو تاڕادەیەكی بـاش پارێزگارییـان لێكـراوە، بەتایبـەت لـەڕووی مانـەوەیانو پاراسـتنیان لەفەوتانو لەبیرچوونەوە. بەمەش دەكرێـت بڵـێین :" ئیپـۆس لەپرۆسـەی نوسینەوەی ڕووداوە مێژوویەكاندا ڕۆڵێكی یەكجار گەورەو گرنگی گێـڕاوەو بەڕەگـەزێكی هـەرە بنچـینەیی دادەنرێـت لـەو بـوارەدا، چـونكە هـەموو پرۆسەیەكی نوسینەوە پێویستە بەقۆناغی گێڕانەوەو ئیپۆسـدا تێپـەڕبێت، بەمـەش ئەگـەر ئیپـۆس نەبوایـە ئـەوا نـەدەتوانرا قسـە لەسـەر مێژوویـەك بكـەین كەئێسـتا دەقێكـی نووسـراوو ئامادەیـە لەبەردەسـتماندا" . دیـارە مێژوو لەگـەڵ هاتنـە دونیـای مرۆڤـداوجودی هـەبووە، بـەڵام سـەردەمێكی زۆریش هەروا ماوەتەوەو لەشێوەی گێڕانەوەدا.

مێژوو بەهرەیەكی سادەو ساكاربووەو خـەڵكی وەكـو ئیپـۆس دەهـاتن ڕووداوەكانیـان لەوەچـەیەكەوە بـۆ وەچـەیەكی تـر دەگێڕایـەوەو دەگواستەوە، بەتایبەت ئەم گێڕانەوەیەش لەشـێوەی داسـتانو ئەفسـانەو بەسەرهاتدا بووە، بۆیـە دەتـوانین لێـرەوە بەمانایـەكی تـر دەسـتپێكردنی مێـژوو ببەسـتین بەچـەمكی ئەفسـانەو داسـتانەكانەوە، چـونكە ڕەگـەزی خەیاڵ دروسـتكەری مێـژوو بـووە لەبەرئـەوە دەبیـنین ئەفسـانەكان شـتی وایان تێدا تۆمار دەكـرا كەدەكەوتـە سـەروو شـەپۆلەكانی عەقڵەوەوعـەقڵ بەئاسانی نەیدەتوانی تەسەورو پێشـبینیان بكـات. دواتـر بـەهۆی گـۆڕانو

گەشەکردنی ژیانی مرۆڤەوە، قۆناغەکانی دەرکەوتنی نوسین سەری هەڵدا کــە ئــەویش زیــاتر نوســینێکی هێمــایی بــووە، خــەڵکی ڕووداوو بەسەرهاتەکانیان لەسەر دیواری ئەشکەوتەکانو لەسەر بەردو مۆرو قوڕو شتی لـەمجۆرە بەشـێوەی هێمـا دەنوسـیەوە، بەشـێکی هـەرە گـەورەی سەردەمو ڕووداوە مێژووییەکان لەسـەر بـەردو مـۆرو قـوڕ بۆمێژووناسـانو لێکۆڵـەرەوانی ئـەم بـوارە ئاشـکرابوو ، چـونکە هـەر ڕۆژێـك ئاسـەوارێکی مێــژووی دەدۆزرێتــەوە، ئــەوا لایــەنێك یــاخود ســەردەمێك لەمێــژووی شارسـتانیەتو کۆمەڵـە مرۆڤێـك ئاشـکرا دەبێـت، ئیپـۆس وەکـو هۆکـارو ئامرازێکی گرنگی پشت پێ بەسـتراو ڕۆڵـی بەرچـاوی هـەبووە لەپاراسـتنی بەشـێکی گـەورەی مێـژوودا، داسـتانی (گـەلگامێش)ی پادشـای بنەماڵـەی وەرکـای سـۆمەرییەکان لـەدۆڵی نێـوان دوو ڕووبـارو داسـتانی(ئـەلیادەو ئۆدێسا)ی هۆمیرۆسی شاعیری یۆنـان لـەو شارسـتانێتیەدا تاسـەردەمێکی دوورو درێژ پارێزراو بوون، تەنها بـەهۆی ئیپۆسـەوە نوسـرانەوە. ئـەدەبی فۆلکلــۆر کــە بناغەیــەکی هــەرە گرنگــی کلتــوری نەتەوایــەتی گــەلان پێکـدەهێنێت، بێگومــان تائێســتاش بــەهۆی ئیپــۆسو گێڕانــەوەوە لای خـەڵکی مـاون، تەنانـەت زۆرێـك لەفـەرموودەکانی پێغەمبـەر(د.خ) وەکـو بەشـێك لەمێـژووی شارسـتانیەتی ئیسـلام بـەماوەی ئیپـۆسو گێڕانـەوەی دەمـاودەمو زارەکیـدا ڕۆیشـتوون، تـاوەکو پـاش سـەردەمێك نوسـرانەوە، ئەمە جگە لەوەی دەقەکانی قورئانی پیرۆزیـش لەبـەرکراون پـێش ئـەوەی بنوسرێنەوەلەقۆناغی نوسینەوەی مێژوودا. بەم شێوەیە دەبیـنین ئیپـۆس ســەرەتای دەســتپێکردنی مێــژوو بــووە، گێڕانــەوەی ســەرزارەکی

وەسیلەیەکی پشت پێبەستراو بووە لەگواستنەوەی هـەواڵو ڕووداوەکـانی ڕابردوودا، بەیارمەتی زمان مرۆڤ لـەجۆری مرۆڤـی تـرو خێـزانو هۆزەکـەی تێبگات، هـەر بـەهۆی زمانـەوە مـرۆڤ دەیتـوانی هـەواڵو تاقیکردنـەوەکان بگوازێتـەوە بۆتاکـەکانی تـر، بێگومـان سـتایلو شـێوازی ئیپـۆس لەلایـەن گەلانی ترەوە دەستیپێکردو شـێوەی جۆراوجـۆری وەرگـرت وەك ڕۆمـانو چیرۆك و کـاری پاڵـەوانانو بەمـەش ڕەگـەزی هونـەرو ئەندێشـە هاتـە نێـو گێڕانـەوەی مێژوویـەوە، ئەمـەش بـوو بـەهۆی گەشـەکردنی گێڕانـەوەی مێـژوویی‌و هونـەری چـیرۆك، تـاوەکو نوسـین داهـات مـرۆڤ سـەرقاڵ بـوو بەنوسـینەوەی بەسـەرهاتو ڕووداوەکانـەوە، بەهـەڵکۆڵین لەسـەر دیـوار و بەردو قوڕو مۆرو شتی تر، ئەمەش ئـەو جـۆرە مێـژووە بـوو کـە بـەئیپۆس ناودەبرا، یاخود باشتر وایە بڵێین ئیپۆس سەرەتایەك بوو بـۆ نوسـینەوەی ڕووداوە مێژوویـیـەکان کەپێویسـت بـوو بکرێتـە ڕەگـەزێکی بنچـینەیی بۆپاراستنی سـەرجەمی ئـەو ڕووداوانـەی کەپێشـتر لای مرۆڤـی سـەردەمە دێرینـەکان مابوونـەوە، بۆئـەوەی لەئێسـتادا مـرۆڤ سـودیان لێوەربگرێـت، لەکۆتاییـد ائیپـۆس‌و گێڕانـەوەی زارەکـی، قۆنـاغێکی یـەکجار گـرنگو بایەخـدار بـوون لەبزووتنـەوەی نوسـینو سـەرهەڵدانی مێـژووی شارسـتانیەتەکاندا لەمێـژووی مرۆڤایەتیـدا کـەتاوەکو ئێسـتاش بایـەخی خۆیان وون نەکردووە.

# ئافراندنی مێژوو لەنێوان تاکەکەس و کۆمەڵدا (4)

زۆرێــک لەبیرمەنــدان و لێکۆڵــەرەوانی بــواری مێــژوو گفتوگۆیــان دەربــارەی چــەمکی مێــژوو، بابەتــە پەیوەندیــدارەکانی، رووداوو بەســەرهاتە مێژووییــەکان کــردووە، هــەموو ئــەو بــاس و خواســانەی کــەدەربارەی فەلســەفەی مێــژوو، رۆڵــی (مــرۆڤ و ژینگــە) لــەم مەیدانــەدا تــاوتوێ کــراوە، یــەکێك لــەو تــەوەرە گرنگانــەش بریتیــە لــەرۆڵی تاکەکــەس و کۆمــەڵ لەخوڵقانــدنی حــەدەس و رووداوی مێژووییــدا، بــەو مانایــەی کەئــەم بیرۆکەیــە تیــۆرو بیردۆزێکــی تایبــەت بــەخۆی دارشــتووە، هاوکــات ئــەو جەدەلــە فیکــری و فەلسەفیەشــی لەگــەڵ خۆیــدا هێنــاوە کــە ئــاخۆ تاکەکــەس دەتوانــێ مێــژوو دروســت بکــات یاخود کۆمەڵ رۆڵی لەدروست کردنی رووداوی مێژوویدا هەیە؟

بەهــەرحاڵ دەکرێــت بڵــێین:" بــەردی بناغــەی هــەموو رووداوێکــی مێــژوویی گەلــە"، ئەگــەر فــراوانتر بــڕوانین باشــتر ئــەو راســتیەمان لائاشــکرا دەبێــت، لەهەمانکاتــدا ئــەرکی گــەورەی هــەموو بەســەرهات و

رووداوێــك دەكەوێتــە ئەســتۆی كۆمــەڵانی خــەڵك، راســتە كەســێك ســەركردايەتی شۆڕشـێك دەكـات، بـەڵام چـينی رەش‌و رووتـی كۆمـەڵ دەبنـە سـوتەمەنی ئـەو شۆڕشـە، چـونكە سـەركردە بـێ گـەل ناتوانێـت هـــيچ گۆڕانكارييـــەك ئـــەنجام بـــدات. (جەمالـــەدينی ئـــەفغانی) لەنامەيەكيـدا كەئاراسـتەی (ناسـرەدين شـا)ی دەكـاتو پێـی دەڵێـت:" خــاوەن شــكۆ جوتيــارو كرێكــارو ســەنعەتكار لەوڵاتــدا، كــەڵكيان لەجـەنابتان‌و ميرەكانتـان زيـاترە، بێگومـان جـەنابی سـوڵتان بەچـاوی خـۆت ديوتـە يـان خوێندوتەتـەوە نەتەوەيـەك تـوانيبێتی بـێ پاشـا بـژی، بـەڵام ئايـا پاشـايەكت ديـوە بـێ نەتـەوەو رەعيـەت تـوانيبێتی بـژی؟". لێـرەوە هەسـت دەكـەين ئـەفغانی زيـاتر بەئاراسـتەی كۆمەڵـدا دەڕواتو ئــەركی دروســتكردنی رووداوی مێــژوويی‌و هەڵســوڕاندنی رەوڕەوەی مێــژوو دەخاتــە ئەســتۆی كۆمــەڵانی خــەڵكو پايەيــەكی بــەرزتر لەپێگــەی تاكەكــەس بەكۆمــەڵ دەبەخشــێت. بــەم شــێوەيە دەبيـنين كۆمـەڵ وەكـو بناغەيـەك وايـە، بـەڵام ئەمـە مانـای ئەوەنيـە كەتاكەكـەس هـيچ رۆڵێـك لـەو حاڵەتـەدا نابينێـت، چـونكە ئـيرادەی گـەل دەقێكـی مـردووە بـەبێ بـوونی سـەركردەيەك يـان بـەبێ بـوونی هێزێكــی جوڵێنــەر، هــەرگيز كۆمــەڵ ناتوانێــت خواســتەكانی بهێنێتـەدی، چـونكە دانـايی‌و هۆشمەنـدی سـەركردە خـاڵی سـەرەكييە لەبـــەرەو پـــێش بـــردن‌و بزوانـــدنی مێـــژوودا. (نـــاپليۆن) كەســەركردەيەكی لێهــاتوو بــوو، رۆڵێكــی گــەورەی لەمێــژوودا وەكــو تاكەكـەس بينـی، بـەڵام پێويسـتە ئاگامـان لـەوەش بێـت كـەناپليۆن

هــەر لەســەرەتاوە کەفراوانخوازییــەکانی خــۆی دەســت پێکــرد متمانــەی خــۆی خســـتە ســـەر گـــەلی فەرەنســـی، ئەگـــەر گـــەلیش نەبوایـــە ئـــەو ســـــەرکەوتنەی بەدەســـــت نـــــەدەهێنا، یـــــاخود تێبینـــــی دەکـــــەین کەلەمێــژووی وڵاتــی بــەریتانیادا بــەزۆری شــەڕ لەســەر خــاکی ئــەو وڵاتــە رووی نــەداوە، لەنێوەنــدی ئــەو هــەموو شــەڕە جیهانیــەی کــە لەمێــژووی ئـــەوروپای ســـەدەکانی ناوەڕاســـتو دواتریشـــدا رویانـــداوە، هەســـت دەکـــــەین فاکتـــــەرێکی گـــــرنگ لـــــەم حاڵەتـــــەدا بریتییـــــە لەپێگـــــە جیۆپۆلەتیکیەکـــــەی کەزۆربـــــەی خاکەکـــــەی بـــــەئاو دەورە دراوەو ئیعتیمــادی ســەرەکیان لەســەر هێــزی دەریــایی بــووە، بــەڵام خۆنــاکرێ رۆڵـــی بەرچـــاوو، مێـــژوویی ســـەرکردە ســـەربازیو دیپلۆماســـیەکانی بــەریتانیا لــەیاد بکــەین کەبەرامبــەر بەهێرشــە یــەك لــەدوای یەکــەکانی نـــاپلیۆن وەســـتاوەنەتەوە، تـــەنها بـــەریتانیا مـــابوو داگـــیری بکـــات، لەتەنیشـــت رۆڵـــی ســـەرکردەکانەوە کۆمـــەڵانی خـــەڵکی بـــەریتانیاش توانیــان پێگــەی سیاســیو ســەربازی ســەرکردەکانیان جێگیرتــر بکــەن لەبـــەردەم هێـــرشو شـــاڵاوەکانی تریشـــدا، هاوکـــات (هیتلـــەر)ی ئــەڵمانیای نــازی راســتە وەکــو تاکەکــەس ســەرکردەیەکی نــاودار بــوو، بـــەکرداریش هێـــزو دیپلۆماســـیەتیو هێـــزی ئـــەو توانیـــان رۆڵـــی تاکەکەســی لەمێــژوودا تۆمــار بکــات، بــەڵام ئەگــەر کۆمــەڵانی ئــەڵمانیا نەبوونایــە ئــەوا ئــەو نەیــدەتوانی هــەروا بەئاســانی ئــەو هــەموو ناوچــەیە داگیربکـــاتو دواتـــریش بانگەشـــەی هەیمەنـــەی هـــەموو جیهـــان بکـــات یــاخود ئەگــەر پشــتی بەســوپا نازییەکــەی نەبەســتایە، ئــەوا هــەرگیز

ئامادەنــەبوو جــەنگی دووەمــی جیهــانی هەڵبگیرســێنێت ئەگەرچــی خۆیشــیو وڵاتەکەیشــی بــوون بــەقوربانی ئــەو جەنگــە. هــەموو ئەمانــە بەڵگــەن لەســـەرئەوەی کەتاکەکــەسو کۆمــەڵ دوو دیــوی پێکــەوە گرێــدراوی یــەکپارەن و هیچــیان بــەبێ ئــەوی تریــان نــایکرێ، واتــە نەســەرکردە بــەبێ کۆمــەڵانی خــەڵك دەتوانــێ ڕۆڵــی خــۆی لەمێــژوودا بگێڕێــت، بەئاراســتەیەکی تــریش گــەلو کۆمــەڵ بــەبێ بــوونی تاکەکــەس توانــای بەرجەســتەکردنی ئاواتــەکانی نیــەو بــەبێ ســەرکردە بەشــداری لەخولڤانــدنی ڕووداوی مێژوویــدا ناکــات، بۆنمونــە: بەهــەزارەها ســاڵ بــەر لەئێســتا ئەگــەر ســەرکردەیەکی وەکــو(ســپارتاکۆس)نەبوایــە بۆئــەوەی ڕابەرایــەتی کۆیلــەکان بکــات ئەواکۆیلــەکان مەگــەر هــەر بــۆنی ئازادییــان بکردایــە، ڕاســتە دەبــوو هــەر کەســێك هەڵبکــەوێتو جڵــەوی ڕێبــەری کۆیلــەکان بگرێتــە دەســت بــەرەو ئــازادی، بــەڵام پێدەچــوو هێنانــەدی ئــەو خەونــە ســەردەمێکی درێــژتری بخایاندایــە تــاوەکو ئــەو ســەرکردەیە بێتــە ئــاراوە، ئــەو حاڵەتانــەش کــەوایانکردووە ڕۆڵــی تاکەکــەس لەمێــژوودا بخرێتــە پــێش ڕۆڵــی کۆمــەڵانی خــەڵكو دەســتە جەمعییــەوە ئەوەیــە کەهەنــدێك لەفەیلەســوفو شــیکەرەوانی بــواری لێکۆڵینــەوەی فەلســەفەی مێــژوو بڕوایــان وایــە کەئاراســتەی پاڵــەوانی لەراڤــەکردنی مێــژوودا لەپێشــترینی ئــەو ڕاڤەکردنانەیــە کــەمرۆڤ پێــی ئاشــنابووە، بەواتایــەکی تــر کــارو کــردەوەی پیــاوە مەزنــەکان هۆکــاری دروســت کردنــی ڕووداوە مێژوویــەکانن لــەم جیهانــەدا، لەکۆتاییــدا بڕوامــان وایــە کــەجارێکی تــریش مێــژوو بەتــەنها بەئــەرکی ســەرکردە

یاخود کۆمەڵ نایەتە بوون، بەڵکو ئەوکات رووداوێکی مێژوویی لەدایك دەبێت کەهەموو فاکتەرەکانی کۆمەڵانی خەڵك‌و سەرکردایەتی کردنی تاکەکەسێك پێکدادەچن‌و بەهاوکاری چەندین فاکتەری یارمەتیدەری تری وەکو ژینگەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی‌و ئابوریەکان، تێکڕا بەشداری لەئافراندنی حەدەسی مێژووییدا دەکەن، نەك بەتەنها هەریەکەیان توانای خوڵقاندنی رووداوە مێژووییەکەی هەبێت.

# خوێندنەوەی ئایینی بۆمێژوو
# " جولەکە، مەسیحیەت، ئیسلام"
# (5)

مێژوو وەکو بوارێکی سەربەخۆ، خاوەنی چەندین لێکدانەوەو تەفسیری جیاوازە، ئەو هەموو راڤەکردنە ماددیو شارستانیو ئایدیالیستیو ئاینیو...تاد)یانەی کە بۆمێژوو کراوە، لەو خاڵەوە دەستی پێکردووە کەتێڕوانینی هەر جیهانبینیەك بۆگەردونو مرۆڤو رووداوەکان لەیەکتری جیاوازبووە، هەر ئایدۆلۆژیایەك بۆچوونی وابووە کەگەردوون بەگوێرەی چەند یاساو رێسایەك بەڕێوە دەڕوات، هاوکات ئایدۆلۆژیاش هەیە قەناعەتی وانیە کەهێزێك هەبێت کارلێکە جۆراو جۆرەکانو ئاراستەی گەردون و رووداوەکان بکات، بەڵکو لەبۆچوونیدا پێی وایە کەگەردوون بۆخۆی بەڕێوەدەچێت.

بەهەرحاڵ مێژوو لەسەرەتادا بەشێوەی ئەفسانە سەری هەڵداوە، بۆیە یەکەمین راڤەی ئەفسانەیی بۆمێژوو لەدایکبوو، ئەم راڤەکردنەش بۆئەوە دەگەڕایەوە کەمرۆڤی کۆن توانای ناسینی دەوروبەرەکەی خۆی نەبووە

وەکو ئـەوەی کەهـەبووە، مـرۆڤ دەستەوسـان بـووە لەبـەردەم ئـەو هێـزە نادیارو سروشتیانەی کە لـەئیرادەو توانـای خـۆی بـەدەربوون، بۆیـە مـرۆڤ بۆخۆگونجانـدن لەگـەڵ رووداوو کارلێکـە سروشـتیەکانی گەردوونـدا هـات هێماو ناوو راڤەی بۆ ئەو حاڵەتانە کـرد، بەشـێوەیەك جێگـەی رەزامەنـدی خـۆی بێـت. لەلایـەکی تریشـەوە بـەحوکمی ئـەوەی زانیـاری نـەبووە لەسـەریان. بۆیـە دەمێـك هـەورە بروسـکەی دەپەرسـت وەکـو ئـەوەی (خواوەندێك بێت یاخود لافاوو ئەستێرەو..تاد).

لەوسەردەمەدا ئەفسانە تەحەکومی کردووە بەسەر رەوتی مێژوودا، ئەم خوێندنەوە ئەفسانەییەش بۆمێژوو خاوەنی سیمایەکی پاساودەرانە بووە، بەجۆرێك هەوڵی داوە راڤەی ملکەچی مرۆڤ بۆپادشاکان بۆ ئەوە بگێڕێتەوە کەئەوانـە سـەرکردەبوون لەچوارچـێوەی حکومـەتو فـەرمانڕەوایی خواوەندیـدا بـوون، یـاخود لەوەچـەی خواوەنـدبوون. هـەروەها ئەفسـانە چیرۆکێکی پـیرۆزە چـونکە ئەوکەسـەی یـان ئـەو هێـزەی رۆڵـی سـەرەکی دەگێڕێت خواوەندێك بووە یاخود هاوشێوەکانی خواوەند. دەکرێ ئەوەش بلێین کەهەریەکە لەو هێماو بەڵگـە داڕێـژراوە خەیاڵیانـەی کـە لەتەفسـیری ئەفسانەییدا هاتوون لەدەوروبەری واقیعێکی مێژوویدا خولاونەتـەوە. پـاش ئەوەی کات تێپەڕی زۆر گۆڕانکاری هاتـەئارا لەعـەقڵی مرۆیـیو مەعریفـەی مێژووییدا، ئەمە سەری کێشا بۆئەوەی کـەمرۆڤ ئاشـنای زۆرێـك لـەماددەو کەرەستەو رووداوەکانی ناو ژیان بێتو بتوانێت گۆڕانکاری بەرچاو لەژیانی خۆیـدا ئـەنجام بـدات. عـەقڵی مـرۆڤ بەشـێوەیەك پێشـکەوت کـەبتوانێت ئامادەبێت بۆقبوڵکردنو وەرگرتنی پەیامە ئاسمانیەکان. ئاینەکان لـەوەدا

هــاتنو پێشــکەوتن کــەوەڵامی چــەندەها پرســیاریان لەگــەڵ خۆیانــدا هــەڵگرتبوو، وەك پرســیاری(بۆچــی؟). وورده وورده راڤــەکردنی ئــاینی بەگۆڕانی شتەکان بۆمێـژوو خـۆی چەسپاند، هاوکـات ئـەم خوێندنەوەیـە بەدرێژایی سەردەمە مێژووییەکان لەئاینێکەوە بۆئاینێکی تـر جیـاوازبووە، ئەم جیاوازییەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر ئاینێـك بـەجۆرێك تێڕوانینـی بۆڕۆڵی مـرۆڤ لەگەردوونـدا هەیـە، هـەروەك چـۆن ئامـانجیش لەئاینێکـەوە بۆئاینێکی ترجیاوازە.

## راڤەی جولەکەیی بۆمێژوو

لێکدانەوەی جولەکە(وەکو ئایین) بۆمێـژوو لەسـەربیرۆکەی هەڵبـژاردنو بــەڵێنی پــیرۆز (الاختیــار والوعــد المقــدس)بونیــات نــراوە، بەشــێوەیەك نوســەرانی بەشــەکانی پــەیمانی کــۆن(اســفار العهــد القــدیم)ی جولەکــە، مێـژوویان لەچوارچـێوەیەکدا دارشـتووە کـەبتوانرێ راڤـەکردنی لـەپێناوی ئامانجەکانی ئاینی جولەکەدا بەکاربهێنرێت. لەراستیدا نوسـراوە مێژووییـە عیبریـەکان وێنـای قۆنـاغی تێکـەڵاوی فیکـری مێـژووی بـەفیکری ئـاینی دەکەن، بەجۆرێك تۆمارە عیبریە یەکەمینەکان گوزارشتو شێوەیەك بـوون لەروونکردنـەوەی رۆڵــی مـرۆڤ لەمێـژووداو کەمکردنـەوەی رۆڵــی خواوەنـد کەباڵادەستو زاڵبوو لەتەفسیری ئەفسانەییدا بۆمێـژوو. لەلایـەکی دیکـەوە بیرۆکـەی هەڵبـژاردن(واتــە بـاوەڕی جولەکـە بـەوەی گـەلی هەڵبـژێردراوی خــودان) وای لێکــردوون، لەکتێبــە پیرۆزەکەیانــدا هــەوڵیان دەربــارەی تــەدەخولکردنی پــەروەردگار کــردووە لەئاراســتەکردنی بــزوتنو جوڵــەی

مێژوودا لەبەرژەوەندی خۆیان، لەبەرئـەوەی بیرۆکـەی مێـژوو لای جولەکـە لەدەوروبـــەری فەلســـەفەیەکی مەبەســـتدار دەســـوڕێتەوە کـــەئامانجی دڵنیـاکردنی جولەکەیـە لەبـەڵێنی پـیرۆز لەسـەر زەویـدا(سـفر التكـوین).

هەروەها خوێندنەوەی جولەکە بۆمێـژوو بەشـێوەیەك رووداوەکـانی مێـژوو دادەڕێــژێت کــەهاوڕێك‌و گونجاوبێــت لەگــەڵ نموونــەی جولەکایەتیــداو لەچوارچــێوەی فەلســەفەی مێــژوویی جولەکــەدا کەجــەخت دەکاتــەوە لەسەرئەوەی پەروەردگار لەکۆتاییدا تەدەخول دەکات بۆبەرژەوەندی گەلی هەڵبژێردراوی خۆی، واتە گـەلی هەڵبـژێردراوی خـودا(شـعب اللـه المختـار).

لێـــرەدا ژمارەیـــەکی گـــەورە لـــەزانایان‌و لێکۆڵـــەرەوان وای دەبیـــنن کەجولەکایەتی ئایینێك بووە گەشەی کـردووەو پـەرەی سـەندووە بـەهۆی کولتوری رۆشنبیری ناوچەکەوە، لەوانەیە ئـاینی (ئـاتون)ی یەکتاپـەرسـتی لەمیسـری کۆنـدا ئـەو پاڵنـەرەی بەخشـیبێت بەجولەکـە، واتـە پاڵنـەری یەکەمینی گەشەکردنی ئاینی جولەکە بێت، پاشان دواتر بەهۆی کاریگەریە رۆشــنبیرییەکانەوە لەناوچـــە عەرەبیەکانداگەشـــەی کردبێــت، ئـــەوەش بـــەرونی لـــەناوەڕۆکی کتێبـــە مێژووییـــەکانی وەکـــو تەوراتـــدا هەسـتی پێدەکرێت. مێـژووی جولەکـە هـەروەك لەلاپـەڕەکانی تەوراتـدا دەبینرێـت بەجـــەنگ‌و خوێنڕشـــتندا تێپـــەڕیوە، بـــەڵام بەشـــەکانی تـــەورات ئـــەو رووداوانـــەیان بەشـــێوەیەك راڤـــەکردووە، کەئەوراڤەکردنـــە لـــەپێناوی مەبەستەکانی ئاینی جولەکەدا بەکارهێنراوە، ئـەم ئاراسـتەیەش بەتـەواوی لەگۆشـەنیگای بەشـەکاندا دەبینرێـت کەراڤـەکارانی جولەکـە هەوڵیانـداوە مێژووی جیهان دابـەش بکـەن بـەگوێرەی کـات‌و بـەوە کۆتـایی پـێ بهێـنن

کەپەروەردگار تەدەخول دەکات بۆرزگارکردنی گەلی هەڵبژێردراوی خـۆی و لەناوبردنو روخاندنی دووژمنەکانی. لەلایەکی ترەوە بەشی پاشاکان (سفر الملـوك) وێنـای بیرۆکـەی مێـژوولای جولەکـە بەباشـترین نمـایش دەکـات، بەجۆرێك نوسەری ئەو بەشـە هـەوڵی رازی کردنـی جولەکـەی داوە بـەوەی دڵسـۆزی ئـاینی بـەهای خـۆی هەیـە، ئـەوەش لەڕێگـەی خولْقانـدنی نموونەیـەکی مێـژوویی کەناڕەحـەتیان بیربخاتـەوە کاتێـك کـەوازیان لەئاینەکـەیان هێنـا ئـەوەی رادەمێنـێ لەکەرەسـتە مێـژوویی هاتووەکـان لـەپێنج پارچـەو بەشـەکانی تەوراتـدا لەبەشـەکانی پـەیمانی کۆنـدا بەشێوەیەکی گشـتی هەسـت بـەوە دەکرێـت کـەڕوانینی جولەکـە بۆمێـژوو سەرەتا مێژووی نەوەی ئیسرائیلی تێدا دەبینن، پاشان مێژووی(غیار)یـان ئومەمیەکان، دوای ئەوەش پاشماوەی مرۆڤایەتی.

بیرۆکەی مێژووی جولەکە باوەڕی جولەکەیە بەوەی کـەئامانجی مێـژوو بڵاوکردنـەوەی مەملەکـەتی پـەروەردگارە لەسـەر زەوی بـەڵێن پێـدراو بەدەسـتی (دڵسـۆز)ێـك کـە لـەکۆتایی زەمانـدا دێـت خوێندنـەوەو راڤـەی جولەکـە بۆمێـژوو هـەموو رووداوە مێژووییـەکانی بەشـێوەیەك تەفسـیر کردووە کەراڤەکردنێکی گونجاو بێت لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەدا.

## خوێندنەوەی مەسیحیەت بۆمێژوو

لێکدانـەوەی مەسـیحیەت بۆمێـژوو خوێندنەوەیـەکی مەبەسـتدارەو خاوەنی ئامانجێکی پاشەڕۆژیە، بەڵام سیاقەکانی بەتەواوەتی جۆراو جۆرو لێـك جیـاوازن. مـرۆڤ لـەتێڕوانینی مەسـیحیەتدا هـەڵگری تـاوانی هەڵـەی

یەکەمینە لەژیانی دونیاییدا، کەقۆناغێکی ناوەندیەو دەکرێت مرۆڤ کۆشش بکات بۆ بەدەستهێنانی دڵسۆزی. هاوکات راڤەی مەسیحیەت بۆچوونی وایە ژیان قۆناغێکە دەکەوێتە ناوەڕاستی هاتنی مەسیحی یەکەمو رووداوی لەخاچدانەوە حاڵەتی دووەمو هاتنی دووەمی لەکۆتایی زەماندایە، کەلەناوبردنی مەملەکەتی شەڕو خراپەو لەناوبردنو زاڵبوونە بەسەر دەجالدا. هەروەها بەرجەستەکردنی مەملەکەتی پەروەردگارە کەهەموو موسوڵمانان لەخۆدەگرێت، هاوکات مەسیح لەپێناوی دڵسۆزی بۆ مرۆڤایەتی هاتووە، بەجۆرێك مرۆڤێك بەرجەستە بکات بەویستو رەزامەندی خۆی، هەروەها خۆی لەخاچ بدات لەپێناوی مرۆڤایەتیدا، لەسەر ئیماندارانە کەشوێن پەیڕەوو پرۆگرامەکەی بکەون لەقوربانی دان بەجەستەو مادده بۆگەیشتن بەدڵسۆزیو بەختەوەری گیانی. پاشان خوێندنەوەی مەسیحیەت بۆمێژوو وادەبینێت کەمێژووی مرۆڤایەتی پێش مەسیح رێگە خۆشکەرێك بووە بۆ هاتنی، مێژووی مرۆڤایەتی لەدوای ئەو واتە(مەسیح)کۆششو هەوڵدانە بۆدڵسۆزیو چاوەڕوانیە بۆهاتنی دووەمی مەسیح. ئەمەش (خوێندنەوەی مەسیحیەت)وادەبینێ لەمێژوودا کەکتێبێکە پەروەردگار بەشەکانی نوسیوەو مرۆڤ هیچ رۆڵێکی ئیجابی تیدا نابینێتو لەسەری پێویستە کەچاوەڕێی هەر شتێ بکات کەلەلایەن پەروەردگارەوە بەسەریدابێت.

لەسەرەتاوە ئەم ئاراستەیە لەنوسینەکانی(ایوزیبیوس)ی ئەسقەفی قەیسەریو (ئۆگەستین)ی مامۆستای مەسیحیەتی کاسۆلیکیدا دەرکەوت، پاشان لەنوسینەکانی مێژوونوسانی سەدەکانی ناوەڕاست لەئەورووپا

دەنگـــی دایـــەوە. بیرۆکـــەی مێـــژوویی مەســـیحیەتی کاســـۆلیکی لەنوسراوەکانیئۆگەسـتین(354 — 430ز)خـۆی دەنوانـد، کەبەمامۆسـتای یەکـەمی کەنیسـەی کاسـۆلیکی دادەنرێـتو لەچوارچـێوەی بەرگریـدا لەمەسیحیەت لەکاتی ئەو هێرشەی کەلەلایەن زانا بتپەرستەکانەوە کرایە سەری.

ئۆگەستین هێڵەکانی بیرۆکەی مێژووی جیهانی دابەشکرد بۆشەش چاخ وەك پێوەرێك لەسەر ئەو رۆژانەی کـەخوای گـەورە جیهـانی تێدا دروست کرد لەلایەك، پێواندنێك لەسەر تەمەنی مرۆڤـی تـاك بەشـەش قۆناغـەکانی ژیانیـــەوە لەمنداڵیـــەوە تـــاکو مـــردن ئـــەو بیرۆکەیـــەی کەئۆگەســـتین لەکتێبەکەیدا(مدينة الله)ئاراستەی کرد هـەموو خوێندنـەوەی مەسیحیەتی بۆمێـــژووی جیهـــان گرتـــەوە، بەشـــێوەیەك کەمێژوونوســـانی چـــاخە ناوەڕاسـتەکانی ئـەوروپای ملکـەچ کـرد لەنوسـراوەکانیاندا بـۆ ئەوشـێوە دابەشکردنەی ئۆگەستین. هەروەها کەوتنە ژێـر جۆرێکـەوە کەوێنەیـەکیان بۆمێژووی مرۆڤایـەتی کێشـا کـە بەهەڵـەی گـەورەو دەرکـردن لەبەهەشـت دەسـت پێـدەکات، ئەمـەش بـەردەوام دەبێـت لـەژیانی دونیـا لەشـێوەی ناڕەحەتو مەئساتی بەردەوام کەکۆتایی دێت بەدڵسۆزی لەسـەر رەوتێـك کەمەسیح دیاری کردووەو بریتیە لەوەی کەقوربانی بەجەستەی خۆی داوە بۆئەوەی دڵسۆزو گیانفیدابێت بۆمرۆڤایەتی.

بێگومان مێژوونوسە کاسـۆلیکیەکان دانراوەکانیـان لەچوارچـێوەی ئـەم بیـنشو تەسـەورەوە دارشـتووە، بـەهۆی زاڵبـوونی بیرۆکـەی مێـژوویی کاسـۆلیکیەت بەسـەر مێژوونوسـەکانی ئـەوروپای سـەدەکانی ناوەڕاسـت

ئەوانــەی کــەووزەکانیان ئاراســتە دەکــرد بەنوســینێك کــەرەوتێك بێــت لەنوسینەوەی مێژووییداو دەتوانین ناوی بنێین(مێژووی هاوچەرخ). ئــەوان رووداوەکانیــان لەســەردەمی خۆیــدا دەنوســیەوە کەشــاهیدی بینراویــان هەبوو، هاوکات هەوڵیان دەدا ئەو رووداوانــە لەچوارچــێوەی خوێندنــەوەی کاسۆلیکیەتەوە لێکبدەنــەوە، لەئەنجامــدا ئــەوان رووداوە مێژووییــەکانیان نەدەنوسـیەوە، بــەڵکو دەهــاتنو هــەوڵیان دەدا کــەرووداوەکان بگــونجێنن لەگــەڵ خوێندنەوەیەکــەدا، واتــە لەگــەڵ خوێندنــەوەی مەســیحیەتەکەدا کەئــەوکات خوێندنــەوەی کاسـۆلیکی بــوو لــەپێناوی ئەوەشــدا قوربانیــان بەرووداوە مێژووییە وەزعیەکان دەدا لــەپێناوی وێنــە کێشــانی نمونەیــەکی کاسۆلیکی بۆمێژوو، ئەمەش ئــەوە نــەبووە کەنــەزان بــن بــە رووداوەکــان، بــــەڵکو ئارەزوویــــان هــــەبوو لەهەڵگێڕانــــەوەی مێــــژوو لەچوارچــــێوەی خوێندنــەوەی کاســـۆلیکیەتدا کــەهۆکارێك بوولــەوەدا. بیرۆکــەی مێــژووی کاسۆلیکیەت لەسەر بنەمای مرۆڤ لەمێژوودا ملکەچی دەسەڵاتێکی لــەخۆی بــەرزتر دادەمــەزرێنێت، جوڵــەو بزاوتــی مــرۆڤ لەمێــژوودا جێبــەجێ کردنــی ویستی خودایی نیە کەلەسەرەتای مێـژوو کۆتاییـدا دایڕشـتووە. لەلایـەکی تــرەوە گــرنگترین مێژوونوســانی ســەدەکانی ناوەڕاســت لــە ئــەوروپای کاسۆلیکیەت بریتیی بوون لەروهبانو پیـاوانی  کەنیسـە، کەسـەرکردایەتی ژیـانی فیکـریو رۆشـنبیری گشـتیان دەکـرد. روهبانــەکان بەشـێوەیەکی تایبــەت ئەوانــە بــوون کــەدانراوە مێژوویــەکانیان دەنوســی، ســەدە رابردووەکـان لەچـاخەکانی ناوەڕاسـتدا مـاوەی داڕووخـان بـوون لـەبواری نوسینەوەی مێژووییداو تێگەیشتنی بزاڤـی مرۆڤایـەتی کـە ئـەو مێـژووەی

بەستەوە بەرەگەزە نادیارەکانـەوەو جێگـەی ڕۆڵـە حەقیقیەکـەی گرتـەوە لەئاراســـتەکردنی ڕووداوە مێژووییەکانـــدا، ئەمـــەش بەپڕوپاگەنـــدەکردن بۆپاشـاکان بـوو کەئـەوان کەنیسـەیان سەرخسـتووە لەچوارچـێوەی ئـەو فاکتەرانەی کەفـەرمانڕەوایی نوسـینەوەی مێـژووییان دەکـرد لەئـەوروپای سەدەکانی ناوەڕاسـتدا. پڕوپاگەنـدەیان لەبـەهێزترین وێنەیـدا توندوتیـژی لەژیانی پادشا ئەوروپیەکان پیشان دەدات لەوکاتەدا ئەگـەر پادشـا وەکـو لاســـاییکردنەوەیەکی ئاشـــکرای پـــەڕاوی ژیـــانی قوســـتەنتین "حیـاة قسـطنطین" کـەئیوزیبیوس" داینـا بۆبـەرز ڕاگـرتنو سـەر بـەرزکردنی ئیمپراتـــۆر کەنیســـەی مەســـیحیەتی سەرخســـتبوو، بـــەلاَم ئەگـــەر لەدووژمنەکانی کەنیسە بووایە، ئەوا دانەر دەیکردە ڕاوچـیەك بـۆراوکردنی هــەموو ئــەو خراپانــەی کەپــەروەردگار بەســەر دوژمنــەکانی کەنیســەدا دەیهێناو توشی دەکردن، نەنگیو عەیبـەکانی خوێندنـەوەی کاسـۆلیکیەت بۆمێژوو لەئـەوروپای سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا خـۆی لەکـەمی هۆکارەکـانی لێکۆڵینەوەو نائامادەیی هۆشیاریو باوەڕی کوێرانە بەگێڕانەوەی شـاهێدە بینراوەکان دەبینیەوە، لەلایەکی ترەوە ئەو خوێندنەوەیـە کەوتبوویـە نـاو ڕەگەز نادیارەکانەوە، کەنوسەرەکەی باوەڕی وابوو ئەوە لەناوەندییەکانی هۆکارێتیە لەدیاردەی مێژوویدا، واتە ئەو ڕەگەزە نادیارو غەیبیانە هۆکاری یارمەتی دەرن لـەنێوان مێـژوونوسو ڕووداوەکانـدا. دەکـرێ دادپەروەرانـە ئاماژە بەوەش بکەین کەئەو نـەنگیو کەموکوڕیانـە لەئـەنجامی بـارودۆخی کۆمەڵگـەی ئـەوروپی بـوو لەوکاتـەدا، کـەزانیاریو فێرکـردن لەدێرەکانـدا بەشـێوەیەك کـورت کرابوویـەوە کەحاڵـەتێکی ڕەهـایی بـەخۆوەگرتبوو،

پاشــان لایــەنگیری‌و پاڵپشــتی کردنــی روهبــانی ئــاینی لەپشــتی ئــەو کەمتەرخەمیە ئاشکرایەوە لەخوێندنەوەکانیانـدا بۆمێـژوو بـەدی دەکرێـت، بەشـێوەیەك دەتـوانین ئـەوە بڵـێین بەراسـتی کەسـەرجەم دانراوەکـانی کولتــوری مێــژووی ئــەوروپی لەســەدەکانی ناوەڕاســتدا لەبــەروبوم‌و ئەنجامەکانی دێرەکانەوە بوو.

## خوێندنەوەی ئیسلامی بۆمێژوو

تەفســیرو لێکدانــەوەی ئیســلامی بۆمێــژوو جیــاوازترە بەشــێوەیەکی بنــەڕەتی‌و لەڕەگوڕیشــەوە لەگــەڵ هەریەکــە لەخوێندنــەوەی جولەکــەو تەفسیری مەسـیحیەت بـۆ مێـژووی مرۆڤایـەتی. بیرۆکـەی مێـژوو هـەروەك قورئـانی پـیرۆز بەرجەسـتەی کـردووە، بەرجەسـتە کردنێکـە بۆتەسـەوری مرۆیی دەربارەی پەیامی مرۆڤ لەژیان‌و رۆڵی لەگەردووندا، بـەجۆرێك مـرۆڤ جێنشـینی خــودای گەورەیــە لەســەر زەویدا،ئەمــەش هاوڕێکــە لەگــەڵ تەسەوری ئیسلامیدا، کەمرۆڤ هەڵگری ئەمانەتی ئاوەدانکردنـەوەی زەوی‌و دروستکردنی شارستانیەت‌و بڵاوکردنەوەی راسـتی‌و دادپەروەرییـە لەسـەر زەویدا، بەشێوەیەك کەگونجاوو هاوتابێت لەگەڵ سوننەتی پـەروەردگاردا. بۆئەوەی مرۆڤ بتوانێت ئەو ئەمانەتـە جێبـەجێ بکـات، لەسـەری پێویسـتە زانیــاری هــەبێت لەمێــژووی شارســتانیەتی مــرۆڤو گــەڕان بەشــوێنیاندا بەمەبەســتی بەدەســتهێنانی مەعریفــەو زانیــاری دەربــارەی ســوننەتی پەروەردگار کەبۆبەندەکانی باس کردووە.

لێرەوە تێدەگەین کەبیرۆکەی مێژوو لەقورئانی پیرۆزدا لەسەر ئەو بنەمایە دادەمەزرێت کە" مێژوو لەکۆتا شیکردنەوەدا کردەیەکی مرۆییە، لەئەنجامی کارلێکردنی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەیەکدا لەچوارچێوەی کاتدا"، هەروەك چۆن مێژوو لەلایەکی ترەوە باشترین هۆکارو ئامرازە بۆدەرخستنو ئاشکراکردنی ماهیەتی مرۆڤ، بەوەش کەرەستەیەکی مێژوویی لەقورئانی پیرۆزدا بەدی دەکەین کەچیرۆکی نەتەوەو شارستانیەکان دەگێڕێتەوەو مێژووی مرۆڤ بەدرێژایی زەمان بەخۆیەوە بینیوە، وەکو چیرۆكو بەسەرهاتی گەلی نوحو سەمودو گەلی لوتو مەدیەنو فیرعەونو بەنی ئیسرائیلو جگە لەوانیش بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی فیکری مرۆییو پاڵپێوەنانی بۆپرسیارکردنو لێکۆڵینەوە دەربارەی راستی بەبەردەوامی. بەئاماژەیەکی تر پاڵپێوەنانی مرۆڤە بۆلێکۆڵینەوە دەربارەی هۆکارە مێژووییەکان کەروویانداوە.

بیرۆکەی مێژووی ئیسلامی سەری کێشاوە بۆپەرەسەندنێکی گرنگ لەخوێندنەوەی مێژوونوسە ئیسلامیەکانەوە دەربارەی مێژووی مرۆڤایەتی، کاتێك پشکنینیان لەچیرۆکی مرۆڤ لەسەر زەویدا ئەنجامداوە، مێژووی رووداوە وەسفیەکان لەکردەوەی مرۆڤنو ئەوان بەرپرسیارن لێی لەمیانەی کەرەستە مێژووییە هاتووەکانەوە لەقورئانی پیرۆزدا. دەتوانین چەند ئەنجامێك دەربهێنین لەتوێژینەوەی مێژووی مرۆییدا قورئان تەسەوری وایە بەشێوەیەکی زۆر روونو ئاشکرا کە لەڕاستیدا هێزێکی بەنرخ هەیە، داڕوخانو سەرنەکەوتن چارەنوسی کاری ناڕەوایە لەکۆتاییدا. هەروەك مرۆڤ ئارەزووی بەلایاندا هەیە لەئەنجامی ئەو رۆڵەی کەسروشت پێی

بەخشراوەو مومارەسەی دەكات، هەروەك چۆن گۆڕانكاری مێژوویی كتوپڕ روونادات، بەڵكو ئەنجامی كەڵەكەبوونێكی قوڵە بەدرێژایی زەمەن بەهۆی هۆكارەكانەوە كەسەردەكێشێت بۆ ئەم گۆڕانكارییە مێژووییە، لێرەدا تێبینی ئەوە دەكەین كەبیرۆكەی قورئانی دەڵێت مێژوو لەخۆیەوە روونادات هەروەك چۆن بزوتنی مێژوویی جوڵەیەكی عیشوایی نیە بەڵكو مەحكومە بەچەند رێساو یاسایەك لەئەزەلەوە، تاوەكو رۆژی دوایی، هەروەها ئەو یاساو رێسایانەی كەخوای گەورە دای ناون رێگری مرۆڤ نین لەجێبەجێكردنی رۆڵی مێژووییدا، بەڵكو دەیكاتە بەرپرسیارێك لەكارو كردەوەكانی، چونكە خوای گەورە مرۆڤی بەعەقڵو ئازادی جیاكردۆتەوە. لەمەشداچەندین ئایەتی زۆر بەدی دەكەین لەقورئاندا كەجەخت لەسەرئەوە دەكاتەوە كەمێژوو شوێنگەیەكی ئارامە بۆپەندو ئامۆژگاری وەرگرتنو پێویستە لەسەر مرۆڤ لێكۆڵینەوە دەربارەی هەواڵی نەتەوەكانی رابردوو بكات. لێرەدا راستیەك هەیە كەجەخت دەكاتەوە لەسەر ئەوەی كەقورئان دەڵێت كرداری مرۆڤ لەمێژوودا هۆكارێكە بۆئەنجامەكانی كەچارەنوسی كۆمەڵی مرۆڤایەتی دەست نیشان دەكات، ئەم تێڕوانینە پەروەردەییو رەوشتیە بۆ مێژوو خۆی بەسەر مێژوونوسە موسڵمانەكان فەرزكردووە كە خوێندنەوەی مێژوویی ئیسلامی بەرجەستە كردنێكە بۆی. پێویستە ئەم تێگەیشتنە رەوشتیو خێرخوازیە بۆمێژوو لەو خەلفیەتەوە تەماشا بكەین. ئیبن خەلدون لە(المقدمة) بەناوبانگەكەیدا ئەو تێڕوانینەی باسكردووە كەدەڵێت:"دەزانم كەهونەری مێژوو هونەرێكی رێباز خۆشەویستە، سودی زۆرە، مەبەستو ئامانجی پیرۆزە، كەدەمان

وەستێنێ لەسەر هەواڵی رابردوو لەگەڵو نەتەوەکانو رەوشتیان، لەپێغەمبەرانو ژیانیان ، پادشاکان لەدەوڵەتو سیاسەتیاندا.."

بەهەرحاڵ خوێندنەوەی ئیسلامی بۆ مێژوو تەرکیز لەسەر لایەنی خێرخوازی و پەروەردەیی دەکاتەوە ئەمەش بەئاشکرا لای مێژوونوسە ئیسلامیەکان دەبینرێت، بەدرێژایی سەردەمەکانی رۆشنبیری ئیسلامی کەمێژوویان وابینیوەو سەیرکردووە ئامێرێکە پێویستە لەخزمەتی لایەنی رەوشتیو خێرخوازی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بێت، بەڵام لەوانەش کە(فوائد التاریخ)یان دابەشکردووە بۆدوو بەش یەکێکیان دونیاییو ئەوی تریان رۆژی دواییە، بەشێوەیەك ئەم دابەشکردنە لەچوارچێوەی پەند لێوەرگرنو ئامۆژگاری نەچووەتەدەر لەگەڵ مانای رەوشتیو مەغزای پەروەردەیی لەپشتی رووداوە مێژووییەکانەوە، کە هەر کەسێك لەدونیادا سەرکەوتووبێت لەکۆتایشدا پاداشتی چاك وەردەگرێت، ئەم لایەنە بیروباوەڕییە کاریگەری باشی بەجێهێشتووە بەسەر خوێندنەوەی ئیسلامیەوە بۆ مێژوو. ئەم خوێندنەوەیە پێدادەگرێت لەسەر بەرپرسیارێتی مرۆڤ لەکردەی مێژوویی لەلایەك، هەروەك کاریگەریشی بەجێهێشتووە لەسەر پەرەسەندنی ئیجابی لەنوسینەوەی مێژووییدا لای موسوڵمانان لەلایەکی ترەوە. هاوکات ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین ئەوەیە کە مرۆڤ لەخوێندنەوەی ئیسلامیدا تەوەرێکی مەحکومکراونیە لەسەرئەوەی کەهەرکردەوەو رووداوێك ئەنجامی دەدات لەدەرەوەی ویستو دەسەڵاتی مرۆڤەکە خۆی بێتو لەلایەن پەروەردگارەوە بێت، بەڵکو خوای گەورە پێشتر زانیاریو عیلمی بەوە هەیە کەمرۆڤ چ کارێك یاخود رووداوێکی

**مێژوویی ئەنجام دەدات، نەك ئەوەی کەئایدۆلۆژیاکانی تری ناو فەلسەفەی مێژوو وادادەنێن کەمرۆڤ قەدەرێکی مەحکوم کراوبێت.**

**سەرچاوە:**


1-**گۆڤـاری** (العربـی)ی **چـاپی کوەیـت، ژمـارە**(496)**ی مایســی** 2000، **وتاری**(القراءة الدينية للتاريخ)د. قاسم عبدة قاسم ،(21 – 25).

# ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و شێوازی پەیڕەوکردنی لەپرۆسەی نوسینەوەی مێژوودا

## (6)

ئەگەرمێـژوو بریتـی بێـت لـەتۆمارو نوسـراوی ڕووداوەکـانی ڕابـردووی مـرۆڤ، ئـەوا زانینـی ڕێبـازی لێکۆڵینـەوەو میتـۆدی مێـژوویی و زانسـتی لەپرۆسەی نوسینەوەی مێـژوودا کـارێکی یـەکجارگرنگو بەنرخـە، چـونکە مەحاڵە لەدروستی و ڕاستی هـەواڵو ڕووداوێکـی مێـژوویی دڵنیـابین، بـەبێ پێشـوەخت زانینـی ئـەو ڕێبـازی لێکۆڵینەوەیـەی کـە لـەو پرۆسـەیەدا بەکاربراوە. هـەروەك ڕەنگـە کرۆکـی بایـەخی نوسـراوێکی مێـژوویی زیـاتر خۆی لەوەدا بەرجەستە بکات، کە تاچەند ڕێبـازی لێکۆڵینـەوەی زانسـتی و مێـژوویی تێـدا پیـادەکراوە، ئەمـەش بـۆ دوورخسـتنەوەی کاریگـەری ئەفسانەو خەیاڵە بەسەر نوسراوە مێژووییەکانەوە.

ڕێبـــازی لێکۆڵینـــەوەی مێـــژوویی لەشارســـتانیەتێکەوە بۆیـــەکێکیتر جیـــاوازبووەو لەهـــەر ســـەردەمو قۆناغێکیشـــدا لـــەژێر کاریگـــەری ئـــایینو ئایدۆلۆژیاو بیرو هزری مرۆڤو تیۆرەکانـدا بـووە، لەبەرئـەوەی مـرۆڤ خـۆی کاراکتـــەری ســـەرەکییە لەخولقانـــدنی ڕووداوی مێژووییـــدا بێگومـــان پێویستیشە بیرکردنەوەی مـرۆڤ جێگایـەکی باشـی لـەم حاڵەتـەدا هەبێتـ، هەروەك (دیکارت)دەڵێت:" چاك وایە مرۆڤ دوای ڕاستی نەکـەوێت، مەگـەر بێگرتنەبەری ڕێباز هەوڵی بۆبدات". یاخود(پۆڵنسکی) وردتر لەمبارەیـەوە دەدوێـــتو دەبێـــژێت:" لێکۆڵینـــەوە واتـــە بەدواداچـــونێکی ڕێکوپێـــك بەمەبەسـتی دۆزینـەوەی زانیاریـەکانو دڵنیـابوون لەڕاسـتیو دروسـتیان بەهۆی تاقیکردنەوەی زانستییەوە". پێدەچێت بـیروڕای جیـاوازی تـریش دەربارەی بیرکردنەوەی مرۆڤو چەمکی لێکۆڵینـەوەو قۆناغـەکانی هـەبێت. بەهـــەرحاڵ لێـــرەوە هەوڵـــدەدەین گۆشـــەنیگایەك بخەینـــە ســـەر ڕێبـــازی لێکۆڵینەوەی مێژووییو مەودای پراکتیزەکردنـی لەچـەند شارسـتانیەتێکی جیاوازدا.

## نوسینەوەی مێژوویی لەشارستانیەتە دێرینەکاندا

لـەماوەی دەرکـەوتنی یەکـەم شارسـتانیەتی مرۆیـی لەهـەردوو دۆڵـی ڕافیـدەینو نیـل، نوسـینەوەی کاروبـارە جۆربـەجۆرەکانی ژیـان دەسـتی پێکـردووە بەتایبـەت ڕووداوەکـانی ڕابـردوو، ئـەوەش پـاش دەرکـەوتنی نوسینی بسماریو هیروگلیفی دێت. بێگومـان پرۆسـەکەش تایبـەت بـووە بەمێـژووی مـرۆڤ. یەکـەمین شـتێك کـەگرنگو جێگـای بایەخپێـدان بـوو

لەنوسـینەوەی مێژوویـیدا لەشارسـتانیەتی دۆڵـی رافیـدەین، کـەدواتر بـوو بەبناغەیەك بۆچەمکی مێژوو، بریتی بـوو لـەزاراوەی (هەسـتی مێـژوویی — الحس التاريخي)ئەمەش بەهۆی ئەوەوەبوو کەدانیشتوانی پێشووی عێـراق گرنگیـان داوە بـەرووداوەکانی رابـردوو، هەسـتاون بەنوسـینەوەی ئـەو رووداوانە. ئەم هەسـتی مێژوویـیە بـەگرنگترین رەگـەزەکانی شارسـتانیەت لەکولتورو ژیـاری دۆڵـی نێـوان دوو رووبـار دادەنرێت. هـەروەها زانیـاریو شارەزایی رابردوو، تاقیکردنەوەکان لەوشتانە بـوون کـەجۆری مرۆڤـی پـێ جیادەکرایەوە لەکولتورو پاشماوە جۆراوجۆرەکان، ئەمەش لێرەدا مایـەی گرنگیدان بوو بـەجۆرێك لـەرێبازی لێکۆڵینـەوەی مێـژوویی کـەپێی دەوتـرا گێڕانەوەی سەرزارەکی(ئیپۆس)پێش دەرکەوتنی نوسین. دەکرێت لێـرەوە ئاماژە بەئامانجەکانی نوسینەوەی مێژوویی بدەین لەشارسـتانیەتی نێـوان دوو رووباردا، ئەویش بریتی بوو لەبایەخدانی مرۆڤ لەشوێنکەوتنی شێوازی سیسـتمی کۆمەڵایـەتیو گەشـەکردنی، دواتـر هەڵسـەنگاندنی رووداوە مێژوویـیەکانو راڤـەکردنیان. لێـرەوە ئـیتر یەکـەمین هەوڵـدانی مـرۆڤ بۆنوسینو وێژە سەری هەڵدا لەوشارسـتانیەتەدا بۆشـیکردنەوەی بنەچـەی شـتەکانو رەچـەڵەکی مـرۆڤو ژیـانو پەرەسـەندنی شارسـتانیەت بەشێوەیەکی گشتی.

لـەم سـەردەمەدا دەتـوانین بڵـێین رووداوە مێژوویـیەکان تێکـەڵ بەئەفسـانەکان دەکـرانو میتـۆدی لێکۆڵینـەوەی مێـژوویی بـەدەر نـەبوو لەتـەرزەکانی خـەیاڵو لەوێشـەوە تـەوزیفکردنی رەگـەزەکانی خـەیاڵو ئەندێشەی مرۆڤ لەپرۆسەی گێڕانـەوەی رووداوە مێژووییەکانـداو دواتـریش

راڤەکردن و لێکدانەوەی خەیاڵی و ئەفسانەیی بۆ ئەو روداوانە. لەوچیرۆکە جۆراوجۆرانەی کەگواستراونەتەوە بۆشارستانیەتەکانی دیکە، لەوانە شارستانیەتی یۆنان، دەبینین ئەفسانەکان کەرەستەی یەکەمن کەبیریارەکانی یۆنان شیکردنەوەو بۆچوونە فەلسەفیەکانیان کەپەیوەستبوون بەرەچەڵەکی شتەکانەوە لەسەر بونیادکردووە. رەنگە هەڵەنەبین ئەگەر بڕوامان وابێت کەلێرەوە(لێکدانەوەی ئەفسانەیی بۆمێژوو) سەری هەڵدابێت و ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی کەمتر توخنی رەگەزی عەقڵ کەوتۆتەوە، هەم لەنوسینەوەی رووداوە مێژووییەکان و هەم لەتەفسیرو راڤەکردنیشیاندا. هاوکات ئامانجێکی تری مێژوونوسان لەماوە سەرەتاییەکانی مێژوودا بریتی بووە لەپەیوەستکردنی رابردوو بەئێستاوە، ئەمەش بۆ زیاتر تێگەیشتن بووە لەئێستا، چونکە ئێستا لەدایکبووی رابردووە، هەروەکچۆن دوارۆژو ئایندەش لەدایکبوو، بەرهەمهاتووی ئێستایە. ئەم ئامانجانە لای مێژوونوسە عێراقیە دێرینەکان بەتایبەت نوسراوە ئاشورییەکان هەروەك لەنوسراوە رەسمیەکانی پادشادا دەردەکەوێت زیاتر پێکهاتووە لەسەر تۆمارکردنی کاری پادشاکان لەتەلارسازی و چاککرنەوەو هەڵمەتە جەنگییەکان، بەڵام ئەمانە زۆربەیان بەشێوەی دیباجیاتی مێژوویی نوسراون و باسی رابردوویان تێداکردووەو پەیوەستکردنی ئەو کارانەی کەپادشا پێی هەستاوە. ئەو نوسراوە مێژووییانەی کەلەعێراقی دێرینەوە بۆمان ماوەتەوە تایبەت نەکراوە لەسەر نوسینەوەی رووداوەکانی دەوڵەت و پادشایەك بەتەنها، بەڵکو نوسەرە پێشووەکان هەوڵیانداوە بەنوسینەوەی مێژووی جیهان و

تەفسـیرکردنی بـەگوێرەی بـیروڕاو بۆچـوونەکانیان پـێش دروسـت بـوون (الخلیقـة)، وەك هەنـدێك لــەو چـیرۆکانەی کەپەیوەسـتن بــەڕووداوی تۆفانەکە(الطوفان)و سیستمی فەرمانڕەوایی‌و ڕەچەڵەکی شتەکانەوە.

## نوسینەوەی مێژوویی لەشارستانیەتی یۆنانی‌و ڕۆمانیدا

شارسـتانیەتی یۆنـانی لـەماوەی سـەدەی شەشـەمی (پ. ز) لەزانستەکان‌و مەعریفـەدا دەستی بەبوژاندنـەوە کـرد، بەتایبـەت لـەوڵاتی ئەیۆنیا(کەنارەکانی خۆرئاواو دوورگە نزیکەکان لەئـەنادۆڵ). ڕەگوڕیشـەی شارستانیەتی یۆنان دەگەڕێتەوە بۆرەگەزەکانی شارسـتانیەتی ئیجـە(ئـەو شارستانیەتەبوو کە لەکریت‌و دوورگـەی ئیجـە لـەنێوان هـەزارەی سـێیەم‌و دووەمـی پ.ز گەشەیسـەند)بیریارەکـانی وڵاتـی یۆنـان زیـاتر سـەرقاڵبوون بەتوێژینەوەوگـەڕان‌و شـیکردنەوە لەڕەچـەڵەکی شـتەکان، ڕاسـتتر بڵـێین فەلسـەفە یـەکێکبوو لـەداهێنراوە فیکریـەکانیان. هـەروەها لەمـەودای ئەفسانە تایبەتیەکانەوە سەیری ڕەچەڵەکی گەردوونیان دەکـرد، زیـاتریش سـەرقاڵبوون بەووردبوونـەوە لەهـەواڵی ڕابـردوو، پشـکنینیان، واتـا ئـەو بابەتـەی کـەزاراوەی(historya)ی بەسـەردابڕاوە. یەکـەمین مێـژوونوس‌و جوگرافیانـاس لـەوڵاتی یۆنـان کەمێـژووی پاراسـتبێت ڕەنگە(هیکاتیوس)بووبێت، کەخەڵکی ناوچەی مەڵاتیە بووە لەمەملەکـەتی ئـەیۆنیا (540 پ.ز– لـەدایك بـووە). ئـەم کەسـایەتیە زیـاتر دەربـارەی ڕەچـەڵەکی یۆنـان‌و نـەژادو کۆچـکردنەکانیان شـتی نوسـیوەو بـەوەش بەناوبانگـە یەکـەمین جوگرافینـاس بـووە کـە وێنـەی نەخشـەی زەوی

کێشاوە. لێرەوە تێدەگەین کەسوود وەرگرتن لەزانستی نەخشەسازیو جوگرافیا توانراوە لەم شارستانیەتەدا سودی لێوەربگیرێت بۆ زیاتر وردبوونەوە لەشوێنو ناوچەکانو زیاتر تەوزیفکردنی زانیاری لەپرۆسەی نوسینەوەی مێژوییدا.

هەروەها(هیرۆدۆت)کەلەلایەن (شیشرۆن)ی دواندەری بەناوبانگەوە نازناوی (باوکی مێژوو)ی لێنراوە، زیاتر زانیاری دەربارەی جەنگەکانی نێوان یۆنانو فارس نوسیوە، جیا لەوەش زانیاری زۆری لەسەر گەلانو نەتەوەکانی تری وڵاتی میسرو بابلو ئاشورو باکوری ئەفریقیا پێشکەش کردووە، لای یۆنانیەکان بەشێکی باکوری ئەفریقیا بە(لیبیا)ناسرابووە، بەڵام لەرووی رێبازی لێکۆڵینەوەی مێژووییەوە ناتوانین متمانەی تەواو بخەینە سەر زانیارییەکانی هیرۆدۆت، چونکە چیرۆکی ئەفسانەیی تێکەڵ کردووە، بۆنموونە کاتێك باسی میسۆپۆتامیا دەکات لەسەردەمی هەخامەنشیەکانو وەسفی پەرستگاکانی شاری بابلو دابو نەریتی خەڵکەکەی کردووە. هەروەها کەموکورتیەکان زیاتر لەوەشدا خۆی دەبینێتەوە زۆرێك لەو زانیاریانەی کەهیرۆدۆت بۆمان دەگێڕێتەوە زیاترگوێی لێبووەو بۆیان گێڕاوەتەوەو بۆی باسکراوەو ئەویش لای خۆی تۆماری کردووە، نەك خۆی لەنێو رووداوو هەواڵەکاندا ژیابێت، بەتایبەت کاتێك باسی لەوڵاتی میسر کردووە کەوتۆتە هەڵەوە لەزۆر زانیاریدا، چونکە وەسفی هەندێك شوێنی وڵاتی میسری کردووە، بەبێ ئەوەی خۆی بینیبێتی. هەروەك هەندێك شتی لەسەر میسر وتووە لەکاتێکدا وانەبووە.

لەدوای هیرۆدۆت مێژوونوسێکیتردێت بـەناوی (سـوکیدایدز،471 — 401 پ.ن) کەیەکێك بووە لەسەرکردە سەربازییەکانی دەوڵەتـە شـاری ئەسـینا. کاتێك سوکیدایدز شکستیهێنا لەیـەکێك لەجەنگەکانـدا، ئـیتر کـەنارگیرکراو پلەوپایەکـەیو دواکـاتی ژیـانی تـەرخانکرد بۆنوسـینەوەی مێـژوویی‌و نوسینەوەی رووداوەکانی ئەو جەنگەی کەدرێژەی کێشـا لـەنێوان هـەردوو دەوڵەتـە شـاری(ئەسـیناو ئەسـپارتە)و هاوپەیمانـەکانیان. ئەوجەنگـەش لەمێژووی وڵاتـی یۆنانیـدا پێـی دەوترێـت(پیلۆپۆنیسـیا، 431—404پ ن). بابەتی مێژوو نوسینەکەی سوکیدایدز زیاتر مێژووییـەکی هاوچـەرخ بـووەو بەپلەی یەکەم تۆمارکردنی ئەو رووداوانە بووە کە لەسـەردەمەکەی خۆیـدا روویانداوە، یان بڵێین خۆی تێیدا بەشداری کردووە. هاوکات گێڕانەوەکانی بەهەڵوێسـتـەکردن‌و رەخنـــەو شـــیکردنەوە جیادەکرێتـــەوەو جـــۆری مێژوونوســـینەکەی بەیـــەکێك لـــەجۆرەکانی مێـــژووی سیاســـی جـــەنگی دادەنرێت. ئەگەر سەرنجی میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی لای سـوکیدایدز بدەین هەست دەکەین تاڕادەیەکی باش ئامادەیی هەیەو رووداوو نوسـراوە مێژووییەکانی جێگای ئەوەن متمانەیان پێبکرێت، چونکە خـۆی بەشـداری هەندێك لەو رووداوە مێژووییانەی کردووە کەتیایـدا ژیـاوەو ئـەوانی تـریش لەسـەردەمی ژیـانی خۆیـدا روویانـداوەو وەکوشـاهید عـەیانێك ئاگاداریـان بـووە، ئەمـــەش مـــەرجێکی گرنگـــە لەروانگـــەی میتـــۆدی لێکۆڵینـــەوەی مێژووییەوەو بۆ ئـەو کەسـانەش کەدەیانـەوێت مێـژوو بنوسـنەوە، چـونکە رووداوێکی مێژوویی مێژوونوسێك کەخۆی تێیدا ژیابێت‌و لەنزیکـەوە ئاگـای لێبووبێت یـاخود بەشـداری تێـداکردبێت کـەدواتر دەینوسـێتەوەو جێگـای

وەرگرتنی زیاترە، وەك ئەو ڕووداوە مێژووییەی کەچەند ماوەیەکی زەمەنی لەسەردەمی مێژوونوسەکەوە دوورە.

یەکێکیتر لەو مێژوونوسانەی یۆنان کەلەسەردەمی کۆماری ڕۆمانیادا ژیاوە (پولیبیوس/205 — 123پ ز)ە، کەڕۆمانیەکان بەدیلی گرتیانو ناردیان بۆ ئیتالیا ساڵی (167 پ. ز). پولیبیوس توانی سود لەو ماوەیە وەربگرێت کەلەڕۆما مابووەو دەستیکرد بەنوسینەوەی ڕووداوە مێژووییەکان بەزمانی یۆنانیو زیاتر بایەخی بەنوسینەوەی مێژووی وڵاتی ڕۆمان داوەن بەتایبەت مێژووی دەستوریو سیستەمی فەرمانڕەواییو خستنەڕووی بەشێکی جەنگیو هەڵمەتە ڕۆمانیەکان، هەروەك یەکەمین کەسە کە زاراوەی (میسۆپۆتامیا)ی بەکارهێناوە بۆبەشی ناوەڕاستو باکوری عێراق. دەربارەی نوسینەوەی مێژوویی لەشارستانیەتی ڕۆمانیداو شێوازی پیادەکردنی میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی لەنوسینەوەی ڕووداوەکاندا چەند مێژوونوسێکمان هەیە، گرنگترینیان (پلوتارخ/40پ ز— 120 ز)ە، کەلەسەردەمی (تراجان)ی ئیمپراتۆری ڕۆمانیدا ژیاوەو زیاتر بەزمانی یۆنانی مێژووی نوسیوەتەوە، هەرچەندە خۆی بەرەگەز ڕۆمانی بووە، ئەم مێژوونوسە لەشاری ڕۆما ژیاوەو لەوێ دەستیکردووە بەنوسینی جۆرەکانی ژیاننامەو مێژووی وەرگێڕان. شێوازی بەکارهێنانی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی بەجۆرێك بووەکەژیانو ڕووداوەکانی یەکێك لەپادشاو کەسایەتیە بەناوبانگەکانی یۆنانی باسکردووە، لەبەرامبەریشدا باسی ژیانو ڕووداوەکانی کەسایەتییەکی ناوداری ڕۆمانی کردووە. بۆنموونە باسی(ئەسکەندەری گەورە/356 — 322 پ.ز)ی کردووە،

لەبەرامبەریشـــدا باســـی (یۆلیـــۆس قەیســـەر/102– 42پ ز)ی کـــردووە. یەکەمینی ئەو نوسراوە مێژووییانەی کەلای رۆمانییەکان دەرکەوتن، بریتی بـوو لەمێـژووی جەنگـە سـەرکەوتووەکانی یۆلیـۆس قەیسـەر، نوسـراوە مێژووییـــەکانیش جیادەکرێنـــەوە بـــەروونی شـــێوازەکەیو راکێشـــانی لەخسـتنەڕوودا. ئـەو مێـژووەش هەشـت هەڵمـەتی جـەنگی لـەخۆگرتووە کەبەرفراوان بـووە لەسـنوری ئیمپراتۆریـەتی رۆمانیـدا. هـەروەها یۆلیـۆس قەیسەر هاوچـەرخی سـەرکردەو مێژوونوسـی بـەناوبانگ (سالوسـتی/86– 34پ ز)بووە. ئەورووداوە مێژووییانەشی نوسیوەتەوە کە لەسـەردەمەکەی خۆیـدا روویانـداوە. دیسـان هـەواڵی ئـەو جەنگانەشـی نوسـیوەتەوە، کـە بەجەنگی (یوگریتە)لەمێژوودا ناسراون.

لەمێژوونوسەکانی تری رۆمـان (لیڤـی/59/پ ز– 17ز)دێـت، کەمێـژووی رۆمـانی لەهـەردوو سـەردەمی کۆمـاریو ئیمپراتۆرییەتـدا نوسـیوەتەوە، بەســـــەدەیەك دوای ئـــــەویش مێژوونوســـــێکی یۆنـــــانی دێـــــت بـەناوی(تاسـیتۆس/55–117ز). ئـەم مێژوونوسـە ئەگەرچـی بەرەچـەڵەك یۆنـانی بـووە، بـەڵام بـەهۆی سـەرقاڵبوونی بەپلەوپایـەی باڵوێزییـەوە لەرۆمان، زیـاتر دەربـارەی مێـژووی وڵاتـی رۆمـان زانیـاری تۆمـارکردووە، بەشێوەیەك بەکۆتا مێژوونوسەکانی رۆمان دانـراوە. رێبـازی لێکۆڵینـەوەی مێـــژوویی لەنوســـینەکانی تاسیتۆســـدا دەبینرێـــتو زیـــاتر بەشـــێوازی زمانەوانیو رەوانبێژی دەردەکـەوێتو جیادەکرێتـەوە. هـەروەها نوسـینو دانـراوە مێژووییـەکانی لەسـەر شـێوەی (حولیـات)بـووە، واتـا رووداوە مێژووییـەکانی ئیمپراتۆرییـەتی رۆمـانی سـاڵ لـەدوای سـاڵ نوسـیوە.

نــاوەڕۆكی نوسینەكانیشــی باســی وێرانكــاریو عــەیبو عــاری هــەردوو ولآتــی(پادشــا تەبــەریۆس/14– 37ز)و (نــیرۆن/54 – 68ز)كــردووە، جگــە لــەوەی كەهــەواڵی گرنگــی دەربــارەی هــۆزە جەرمانیــەكان خســتۆتەڕوو. شــێوازی خســتنەڕووی ڕووداوە مێژووییــەكان لای تاســیتۆس زیــاتر بــەوە جیادەكرێتەوە كەنزیكبووەلە(وەعزی ئەخلاقی)یــەوە. هــەر لــەو مێــژووەدا كەتاســیتۆس باســی لێــوە دەكــات، بەتایبــەت دەربــارەی ســەردەمی ئیمپراتۆرییــەتی رۆمــانی(نــیرۆن)نــاوی مەســیحیو مەســیحیەكان دەخوێنرێنەوە، كەچۆن نیرۆن كەماییەتیە مەسیحیە رۆمانیەكانی تاوانبـار دەكرد بەسوتاندنی یەكێك لەمەزنترین تەلارەكانی رۆمانی پایتەخت. پـاش بڵاوبوونــەوەی ئـایینی مەسـیحیەت لــەرۆمانو لــەنێوان ســەدەی سـێیەمو چوارەمی زاینیداو بوونی بەئایینی رەسمی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی، لەلایـەن ئیمپراتــۆر(قوســـتەنتینی یەكـــەم/ 306 – 337ز)ەوە، ژمارەیـــەكی زۆر لەنوســەرو مێژوونوســە رۆمانیــەكان دەركــەوتن، وەك (یوســیبۆس/265 – 340ز)و (قــەدیس جــیرۆم/ 340 –420ز)كەبەناوبانگــە بــەوەرگێڕانی كتێبــی تەورات بۆ سەر زمانی لاتینی. لێرە بـەدواوە دەتـوانین بڵـێین نوسـینەوەی مێژوویی پێینایە سەردەمو قۆناغێكی ترەوە كەسەردەمی كڵێسـاو ئـایینی مەسیحیەت بوو. لەم سەردەمەدا خوێندنەوە بۆمێژوو جۆرێـك لەتەفسـیری رەهای بەخۆوە بینی، بەشێوەیەكی گشتی راڤەكردنی تاكلایەنانەی كڵێسـا بۆ ڕووداوەكانی مێژوو، هێزە هەڵسوڕێنەرەكانی بوو بـەخاڵی چەقبەسـتنی هزری كڵێسا لەو سەردەمەدا، بەشێوەیەك پیاوانی كڵێسا هەموو ئـەو بـیرو بۆچــوونو ئایدۆلۆژیانــەیان رەتكــردەوە كــە لـــەدەرەوەی تێــڕوانینو

جیهـانبینی خۆیـان بـوون، چـونکە بـەلای کڵێسـاوە نەخـەڵكو نەکۆمـەڵو نەئاڵوگۆڕەکانی ژیان هیچ رۆڵێکیان لەدروستکردنی رووداوە مێژووییەکانـدا نیـــەو بڕیـــاری بەســـەرهاتەکانی مێـــژوو لەپشـــت ئاسمانـــەوە دەدرێـــن. بۆنموونـە(ئۆگەسـتینۆس/354 – 430ز)کەبەگـەورەترین دانـەری میتـۆدی تەسکبینی لێکۆڵینەوەی مێـژوویی سـەدە ناوەندییـەکان دادەنرێـت بـڕوای وابـوو"لەئاسـتی ئاسمانـدا هـەموو بەرهـەمێکی عـەقڵ پـووچ دەبێتـەوە". لێـرەوە سـەرەتای قـۆرغکردنو دەسـت بەسـەرداگرتنی مێـژوو لەلایـەن پیاوانی مەسیحیەتو کڵێساوە دەستپێکردو هەر لەنوسینەوەیەی رووداوە مێژووییەکانو تێڕوانین بۆیانو دواتر شـیکردنەوەو راڤەکردنیشـیان دەبـوو لـەژێر تێـزو تیـۆرو ئایـدۆلۆژیای فیکـری ئـایینی مەسـیحییەتدا بووایـەو مەحاڵبوو بۆچونێکیتر قبوڵ بکرێت لەدەرەوەی ئایـدۆلۆژیای کڵێسـا. بۆیـە هەسـت دەکـەین میتـۆدی لێکۆڵینـەوەی مێـژوویی لەنوسـینەوەی رووداوە مێژووییەکانـــدا لـــەژێر کاریگـــەری ئـــایینی مەســـیحیەتدا بـــووەو ئـــاینی مەسیحییەت شێوازی مێژوو نوسینەکەی دیاری دەکـرد. دیـارترین سـیمای ئـــەو رێبـــازی لێکۆڵینـــەوەی مێژووییـــەی کـــەپیادە دەکـــرا، بریتـــی بـــوو لەدوورکەوتنـەوەی عـەقڵی مـرۆڤو کاریگـەری مـرۆڤ لەخوڵقانـدنی رووداوە مێژووییەکانو دواتـر شیکردنەوەشـیاندا. لەبەرئـەوە زۆرجـار مێـژوونوسو لێکۆڵەرەوان کاتێك باسی سەدە ناوەندییەکان دەکەن، دەبینین بە(سـەدە تاریکەکانی مرۆڤایەتی)نـاوی دەبـەن. هاوکـات هـەر نوسـراوێکی مێـژوویی دوای ئـەو سـەردەمە ببیـنین، هەسـت دەکـەین زۆربـەیان قسـەکردنێکی رەخنـــەیین بۆرزگـــارکردنی مێـــژوو لـــەژێر چـــەپۆكو هـــەژمونی ئـــایینی

مەسیحیەت. ئەوەی لەپێشـەوە لێـی دوایـن، گۆشـەنیگایەك بوودەربـارەی نوسینەوەی مێژوویی‌و شێوازی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێـژوویی لەهەریەکـە لەشارستانییەتە دێرینەکانی مرۆڤایەتی‌و دواتـر لەشارسـتانییەتی یۆنـانی‌و ڕۆمانیـــــدا. دەکرێـــــت شـــــێوازی پیـــــادەکردنی ئـــــەم میتـــــۆدە لەشارستانیەتەکانیتردا جیاوازبووبێت.

# چەمکیی قورئانیی بۆ مێژوو

(7)

مێژوو ئەو زاراوەیەیە کەزۆر پەیوەستە پێمانەوەو هەگیز داڕنراوو تەنها نەبووە لەچەند مەدلول و واتایەك، کەکۆمەڵێك پەیوەندی مەعریفی پێك دەهێنن و پەیوەستن بەچەند شەقڵێکەوەو لەگەڵ شتەکانیتردا کارلێك دەکەن، لەپێناو تێگەیشتنی چەند لایەنێکی گرنگی بزاڤی ئەم بوونەداو کۆمەڵێ پەیوەندی مەعریفیە کەلەدواتردا بەتیۆرەکانی شیکردنەوەی مێژوو ناوی دەرکردو هەندێ جار سەرکەوتوو بووە لەدەرخستنی نهێنی ڕووداوەکان و هەندێ جاریش شکستی هێناوە لەدەرخستنی چەند نهێنیەکیتردا.

## مەبەستمان لەمێژوو چییە؟

یەکەم واتا کە لەمێشکماندا بەرامبەر وشەی مێژوو گەڵاڵە دەبێت، وێنەی ئەو ڕووداوانەیە کە کاریگەریان لەسەر مەجرای ژیانی مرۆڤ هەبووە، بەتایبەت ژیانی پاڵەوانان و گەورە ناوداران و دەستکەوتە مێژووییەکانیان.

هیچ واتاییەکیتر بۆئەم زاراوەیە لای خـەڵك نیـە بەگشـتی، بـەڵام پسـپۆڕان بەشێوەیەکی ورد بۆی دەچن‌و دەزانن ئەم وێنەیە دروست، نیە هەرچەندە زۆر نزیکە لەواتا ئەکادیمیەکەیـەوە، چـونکە مێـژوو ئەگـەر مانـای تۆمـاری دیــاردەو دیمەنــەکان‌و رووداوەکــانی ژیــانی مــرۆڤ بێــت، ئــەوە تــەنها لەرووداوەکاریگەرو بەدەنگەکاندا هەڵناژمێرێت، بەڵکودەبێت باوەشێك بێت بۆتۆماری هەموو رووداوەکـان بـێ جیـاوازی لـەنێوان کاریگـەرو پـەراوێزدا. هەموو رووداوێك شایانی یادداشت‌و تۆمارکردنـە، هەرچـەندە ئـەم کـارەش مومکین نییە، چونکە ژیانی کۆمەڵگـە بریتیـە لـەژیانی دەیـەهاو سـەدەهاو هەزارەهاو ملیۆنـەهامرۆڤو هەریـەك لـەم مرۆڤانـەش دروسـتکەری چـەندین رووداوو بەسـەرهاتن، ئـیتر راسـتەوخۆبێت یـاخود ناڕاسـتەوخۆ لەڕێگـەی یارمەتیدانی مرۆڤەوە بێت بۆبەرەوپێشبردنی واقیع، وەك گەورە نـاوداران‌و سەرکردەی شۆڕشەکان‌و سەرکردەی گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان. ئەم کـارەش خۆی لەخۆیـدا پێگـەی نـاکۆکی نێـوان ئـەرکی مێـژووە. هەنـدێك دەیـەوێ گشــتگیری‌و رێســایەك دەربهێــنن‌و گرنگــی تــەواو بەتاکەکــەس بــدەن، هەندەکەی تر دەیانەوێ کۆمەڵ‌و کۆمەڵگـەکان بەخولقێنـەری رووداوەکـان بناسێن. لێرەوە بەرەنگاری دوو چـەمکی مێـژوویی دەبینـەوە، یەکـەمیان: گرنگی بەرێساو یاساو گشتگیری دەدات.

دووەمیان: گرنگی بەرووداوی رووت(ئەبستراکت) دەدات، واتە لەمێژوودا دوو چەمك هەیە، یەکێکیان بابەتی مێژووەو ئەوی تریان زانسـتی مێـژووە. زانستی مێژوو بەکۆمەڵێك دیـاردەو راسـتی‌و کاریگـەری دەوترێـت، مـردن‌و لـەدایك بـوون لەئـەنجامی رووداوەکانـەوەو گەشـەکردنی چـەند چـینێك‌و

دەركەوتن‌و پوكانەوەی شارستانیەتەكان‌و كۆمەڵگەكان. هەموو دیاردەو رووداوە تایبەتیەكان بەمرۆڤو پەیوەندی بەسروشتەوە،خاڵی دووەمیش زانست‌و شارەزایی‌و باوەڕی ئێمەیە بەو ڕێگەیەی كەمرۆڤایەتی گرتویەتیەبەر بەدرێژایی چاخەكان‌و ئەو رێسایەی كەمرۆڤ لەچوارچێوەیدا دەخولێتەوە. ئەم پێناسەیەش بەسەر(زانستی مێژوودا دادەبڕێت‌و بەرۆڵی خۆی بەمێژوو دەناسرێت). جیاكردنەوەش گران نیە بەتایبەت لەكاتێكدا كەگرنگی دان بەگشتگیرەكان ئاشكرایەو بۆشایی خۆی داگیركردووە لەوەی كەناسراوە بە(فەلسەفەی مێژوو)،یاخود هەوڵەكانی دەرخستنی فاكتەرەكانی بزاڤی مێژوو، ئاراستەی رێڕەوەكەی‌و ئەو شتانەش كەدەكەونە ئەو بازنەیەوە. یەكێك لەزانایان لەپێناسەكردنی مێژوودا دەبێژێت:" بزاڤو جوڵەی شتێكە لەچوارچێوەی خۆی لەكاتێكی دیاریكراودا، بەمانایەكیترگۆڕان‌و گواستنەوەیە لەحاڵەتێكەوە بۆحاڵەتێكیتر كەبەدەست دێت لەمیانەی پێوەندارێتی بەرەگەزەكانی ناو زەمەنەوە". هەرچۆن ئاماژە دەكرێت كەبابەتی زانستی مێژوو سەرنجمان رادەكێشێ لەم گۆشەیەوە، واتە ئەو مادده زانستیانەمان بۆكۆدەكاتەوە كەدەمانگەیەنێتە گشتگیرەكان، لەهەمانكاتدا لایەنەكەیتر بەگرنگی دەمێنێتەوە، چونكە وەڵامی پرسیارێك دێنێتەكایەوە كەئەوپەڕی گرنگەو یاریدەمان دەدات لەبونیاتنانی تێڕوانینی گشتی ئێمە بۆبوون‌و ژیان‌و گەردوون. لەبەرئەوە ئێمە دووەممان كردۆتە خولگەی گرنگی پێدانمان لەبەرچەند هۆیەك، چونكە یەك دەرئەنجامی نییەو بەوردی پەیوەستە بەتایبەتمەندێتیەكانی ژیان‌و بیروباوەڕەوە. مەبەستمان لەیەكەم ئەوەیە

کەچەند فەلسەفەیەکی مێژوو هەیەو دووەمیشیان ئەو فەلسەفانە پەیوەستن بەتێڕوانینی گشتییەوە بۆبوونو ژیان. فەلسەفەو یاساکانی گۆڕانی مێژوویی مرۆڤ سەرنجمان رادەکێشێ، چونکە پەیوەستە بەبیرو باوەڕمانەوە، لەبەر ئەمەش زانانوێیەکان لەهەوڵی گەڕاندان بۆی. ئەوەی ئێمەش مەبەستمانە پێناسەی مێژووە بەپێی رێڕەوی قورئان، ئەگەر بمانەوێ بەوردی سەیری دەقەکانی قورئان بکەین ئەوە بەهیچ شێوەیەك بەکارهێنانی وشەی مێژوو(تاریخ) نابینین بەو دەربڕینو شێوەی زاراوەی پێشووە لەدوتوێی دەقەکاندا، بەڵکو گەر بمانەوێ لەزاراوەی مێژوو بدوێین، ئەوا پێویستەو دەبێت لەناوەڕۆکی دەقە قورئانیەکان بدوێین.

قورئان بەشێوەیەکی فراوان باسی لەمێژووکردووەو پانتاییەکی فراوانی پێداوە لەبونیادی تیۆریدا، لەبەرئەوە پێشبینی ئەوە دەکەین کەهاومانای مێژوو بدۆزینەوە لەم دەروازەیەوە. هاوکات قورئان بەسەرهاتو روداوە مێژووییەکان دەگێڕێتەوەو پاشان دەچێتە دەرەوەی چەند رێسایەکی گشتییەوە. هەندێ جار تەنها بەوە رادەوەستێ کەبانگمان دەکات بۆئەوەی خۆمان ئەنجامی دەربهێنینو سود لەو راستیانە ببینینو ئیعتیباراتی لێدەربهێنین، بەڵگەشمان بۆئەمە ئەوەیە کەخوای گەورە دەفەرموێ:[ افلم يسيروا في الارض فينظروا كيف كان عاقبة الذين من قبلهم...] سورەتی غافر/ئایەتی82 ، یان﴿ قد خلت من قبلكم سنن فسيروا في الارض﴾ **سورەتی** (ال عمران)**ئایەتی** 137،یاخود﴿ افلم يسيروا في الارض فينظروا كيف كان عاقبة الذين من قبلهم دمر اللة عليهم﴾ **سورەتی محمد، ئایەتی** 10 . **هەروەها**﴿ قل سيروا في الارض ثم انظروا كيف كان عاقبة المكذبين﴾ **سورەتی الانعام،**

**ئایەتی** 11 ، چەند ئایەتێکی تری قورئـان بانگمـان دەکات بۆدەرهێنـانی ڕێسا گشتییەکان لەمیانەی ڕووداوە مێژووییەکانـەوە. وەکـو دەفـەرموێ﴿ فتلك بیوتهم خاویة بما ظلموا﴾ **سورەتی نمل، ئایەتی** 52. **هـەروەها** لەشـوێنێکیتردا دەفـەرموێ﴿ فتلـك مسـاکنهم لـم تسـكن مـن بعـدهم الا قلـیلا﴾ **سـورەتی القصـص، ئایـەتی** 58، لەلایـەکیترەوە خـوای گـەورە ئامـــاژەی بەپەڕاوەکـــەی خـــۆی کـــردووەو زاراوەی مێـــژووی بەشـــێوەی وشـەی(ذکـر)نـاوی بـردووە، هـەروەکو دەفـەرموێت﴿ یسالونك عن ذي القرنین قل ساتلو علیکم منـة ذکری﴾ **سورەتی الکهف، ئایـەتی** 83. کورتەکـەی ئەوەیـە کـەقورئان ڕووداوەکـانی بـە(ذکـر)نـاوبردووە، چـونکە لەمیانەی بیرکردنەوەوە دێنەوە یادی مرۆڤو لەکۆندا ڕوویانـداوە. دەکرێـت بکرێتە **هاو**مانای مێژوو،کەواتای تۆماری ڕووداوەکانی ڕابردوو دەگەیەنێت. هـــەروەها ئامـــاژەی بۆچـــەند ڕێســـایەکی گشـــتگیرکردووە، کـــەدەکرێت پێیانبگـەین لەمیانـەی واقیعـە مێژووییەکانـەوە. هەنـدێ جـار بەراشـکاوی لەلێدوانیدا لەسەر ساڵەکانو کـاتێکی بۆجیاکردوونەتـەوەو بـە(اجـل)نـاوی بـردووەو ئاوێتـەی وشـەی مێـژوو بـووە، بۆئـەوەی تایبەتمەندیـەکی تێـدا بەرجەستە بکات بەچەمکی قورئانیانەی مێژووەوە، ئـەویش لەخۆنـەگرتنی زەمەنـــە بەتـــەنها ئـــەوەی دەردەکـــەوێ لەســـورەتی(الکهـــف)دا بریتیـــە لەگواستنەوەیەکی دوورو درێژی هەنـدێك واقیعـی مێـژوویی کەلەسـەرەتای سورەتەکەدا قورئان مەبەستەکەی لەباسـکردنیان دیـاری دەکـات، لـەپێش باسکردنی ڕووداوی ئەشـکەوتی(کهـف)ەوە، ڕووداوی گەیشـتنی پێغەمبـەر موسـی(ع.س)بـە(خضـر)و باسـکردنی چـەقڵێك لـەژیانی (ذی القرنین). خوای گەورە لـەم حاڵەتانـەدا دەفـەرموێ:﴿ساتلوا علیکم **منه** ذکری﴾

**سورەتی الكهف، ئایـەتی** 83 ، دەبینین لـەو رووداوە پێشـینەیە قورئـان بـە(ذکـری)تـەعبیرو گوزارشـتی کـردووە، ئێمـە بـە(مێـژوو)گوزارشـتی لێدەکەینو هەندێك بیروڕای وایـە کەوشـەی(ذکـر) واتـە(هـەواڵو چـیرۆك).
پاشان قورئان دەفەرموێت:﴿ئەی محەمەد هـەواڵو چـیرۆکێکیان بـۆ بـاس دەکەم﴾. بۆیە لێرەوە پێویستە بـاس لەچـەمکی (اجـل)بکـەینو تیشـکێك بخەینە سەری.

## ئەجەل چی یە؟

وشەی ئەجەل لەنزیکەی پێنج ئایەتی قورئاندا هاتووە، وەکو دەلالەتێك لەسـەر زەمـەنێکی دیـاریکراوو کۆتـایی هـاتوو. هـەروەها رەهەنـدی کـاتی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەخۆ، لەزۆرینەی ئـەو ئایەتانـەداو لەهەنـدێك ئایەتیشـدا دەلالەتە لەسەر رەهەندێکی زەمەنی گەردوون بەواتا فراوانەکەی. خـاوەنی تەفسیری(المیزان) لەمیانەی راڤەی ئایەتی﴿ هو الذی خلقکم من طین ثـم قضـی اجـلا و اجـل مسـمی **عنـده** بمـاکنتم تمتـرون﴾ **سـورەتی الانعـام، ئایـەتی** 2، دەبێـژێت:"ئـەم ئایەتـە ئاماژەیـە بۆدروسـتکردنی جیهانی مرۆڤ پاش ئاماژەکردن بۆدروستکردنی جیهانی گەورە، ئاشـکرایە خوای گەورە مرۆڤی خەلق کردووەو ئەجەلی بۆداناوەو مانـەوەی دونیاشـی لەگەڵـدا بۆدانـاوە، ئـەویش دیـاریکراوە بـەبوونی لـەنێوان گـڵ کـەلێوەی دروسـتبووە، هەرچـەندە وەچەکەشـی لەرێگـەی ژنو ژنخوازییـەوە دەمێنێتـەوە". لێـرەدا وشـەی ئەجـەل بەنـەزانراوی هـاتووە(ثـم قضـی اجلا)کەبەڵگەو دەلیلە لەسەرئەوەی کەئەجەل نەزانراوەو هیچ هۆکارێکیش نییـە دەری بخـات، وتـەی خـوای گەورەکـە دەفـەرموێت:﴿اجـل مسـمی عندە﴾ناوبردنو دیاریکردنی ئەجەل بریتیە لەکاتی پەیمان بەستنو قـەرزو

شــتەکانیتر. لێــرەوە وشــەی ئەجــەل بــەواتای زەمــەنێکی دیاریکراودێــت کــەمرۆڤ تێیــدا دەجولێــت، ئەمــەش ئەجــەل لەمێــژوودا جــودا دەکاتــەوە، چــەمکی قورئــان بۆمێــژوو دیــاریکردنی کــاتێکی زەمەنییــە، کــەمرۆڤ تێیــدا دەژی، ئەمەش پێویستی بـەدیاریکردنی سـەرەتاو کۆتـایی هەیـە. قورئـان لێرەدا هـیچ بـوارو دەرفـەتێك بۆگومـان ناهێڵێتـەوە، بـەڵکو زۆر بەئاسـانی سەرەتا دیاری دەکات، هەر لەسـەرەتای سـورەتی(البقرة)ەوەو لەهـەموو سورەتەکانی تریشدا هەر بەو شێوەیە، قورئان هێرش دەکاتە سەر ئەو ڕاو بۆچوونانەی کەجـەخت لەسـەر بـەردەوامی ژیـان دەکـەن، بـەڵکو لەدیـدی قورئاندا ژیان لەکاتێکی دیاریکراوی خۆیدا کۆتایی پێدێت کەئەویش هاتنی ڕۆژی دواییە(یوم القیامة)– وەرگێڕ–.

لێرەداچـەمکی ئیسـلامی بۆمێـژوو دەتـوانین کـورت بکەینـەوە لەچـەند خاڵێکدا کەگرنگترینیان:

1. گۆڕاوو دیاریکراوە بەکاتێکی زەمەنی دیاریکراوو دەستنیشانکراو.
2. کات دیاریکراوە بە(اجل).
3. نەفیکردنی عەبەسیەتو جەختکردنەوە لەسەر ئامانجداری.

لەراسـتیدا زۆر چـەمكو مـەفهومی دیکـەی قورئانیانـە هـاتوون لەمـەڕ ڕاڤەکردنی مێژوو، بەڵام لەم وتارەد ائەوەندەی لێخراوەتە روو

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری (التوحید)ی چاپی تاران، وتاری**(المفهوم القرانی للتاریخ).

# نوسینەوەو تۆمارکردنی مێژوو لای عەرەبو مسوڵمانان
(8)

خوێنەری بەڕێز.. هەرچەندە لەم نوسینەدا هەست بەهەناسەیەکی دەمارگیریو نەتەوەخوازی عەرەبی دەکرێت، بەڵام لەبەربوونی لایەنی ئەکادیمیو گرنگی بابەتەکە بەپێویستمان زانی وەریبگێڕینە سەر زمانی کوردی، تەنها لەبەرئەوەی لەم بوارەدا زانیاریمان بەزمانە رەسەنەکەی خۆمان کەمەو خوێندکارانمان لەزانکۆو پەیمانگەکان ئاتاجی مەعریفەو زانیارین لەسەر زانستی مێژوو فەلسەفەی مێژوو، تۆمارکردنو نوسینەوەی مێژوویی، بەو ئومێدەی کەلێنێك گەر هەبێت پڕ بکاتەوە...

مێژوو جێگەیەکی گرنگی لەنێوان سەرجەم لقەکانی مەعریفەی مرۆڤایەتی داگیرکردووە، مرۆڤ لەسەرەتای چاخە مێژووییەکانەوە بایەخی پێداوە بۆیە مێژوو جێگەیەکی جیاوازی لەنێوەندی زانستە مرۆییەکاندا داگیرکردووە، چونکە ئەو ژیانی نەتەوەکانو ئەزمونو شارەزاییەکانیانی

لەرابردوودا تۆماركردووە. عەرەب لەماوەی سەردەمە كۆنەكانەوە بایەخی بەمێژوو داوە، چونكە مێژوو زانستێكی رەسەنە، عەرەب وای ڕوانیوە بۆمێژوو كەهونەرێك بێت لەنێو هونەرەكان، نەتەوەو نەوەكان ئاڵوگۆڕیان پێكردووە، مێژوو دەربارەی رووداوەكانی رۆژگار دەكۆڵێتەوە لەڕووی هەستی دیاریكردنو كاتەوە، ئێستا ژیانی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە بەهەموو دیاردەكانیەوە لەسیستمە ئابوریو پەیوەندیە كۆمەڵایەتیو دابو نەریتی ئاینیو مەزهەبی خەلقیو هۆكاری ئەدەبیو هونەریەوە، ئەمەش واتە مێژوو دەبێتە زنجیرەی ڕووداوەكانی رابردوو، هەروەها چۆنێتی كەتیایدا ئەوڕووداوانە، دەگێڕدرێتەوە.

## مێژوو لەسەردەمی نەفامیدا

عەرەب لەسەردەمی نەفامیدا، كەبریتی بوو لەسەردەمێكی پێشوو بۆدەركەوتنی ئیسلام بەتایبەتی عەرەبی باكور، واتە عەرەبی حیجاز، هەواڵەكانی خۆیانو هەواڵی خواوەندو ژیانی كۆمەڵایەتیو سەروەریو جەنگەكانیانو رۆژگارە بەناوبانگەكانیان، ئاڵوگۆڕ پێدەكردو دەگواستەوە لەرێگەی گێڕانەوەی زارەكیو لەسەر شێوەی شیعرو چیرۆكو هەواڵی پچرپچر، لەوەشدا پشتیان بەهێزی یادەوەری دەبەست، ئەوەش لەبەرچاوپۆشین بوو لەو نەخوێندەواریەی كەلەنێوانیاندا هەبوو، بەلام عەرەبی باشورو بەتایبەت خەڵكی یەمەنو حیرە، بەشێوەیەكی باشتر بایەخیان بەتۆماركردنی هەواڵو دەنگوباسەكانی خۆیان دەدا. عەرەبەكانی وڵاتی یەمەن زۆرێك لەهەواڵو دەنگوباسی پادشاو

دەوڵەتــەكانیانو كاروبــاری گشــتیو هەنــدێ لــەو ڕووداوانــەی كەلــەنێوان هــەردوو ســەدەی دوازدەیــەمی پــێش زایــنو شەشــەمی زاینیــدا ڕوویــداوە بەخەتی بزماری لەسەر دیواری پەرستگەو كۆشكو تەلارەكانیان دەنوسیو هەڵـدەكۆڵی، تــوانراوە پــەی بــەزۆرێك لــەو نوســراوە مێژووییانــە ببرێــت كەدەگەڕێنەوە بۆدەوڵەتەكانی عەرەبی باشورو ئەو نوسراوانە دەگەڕێنەوە بۆماوەی نێوان هەردوو ســەدەی هەشــتەمی پــێش زایــنو حەوتــەمی دوای زایــین، ئــەو نوســراوانەش بەڵگەنامــەی پادشــایەتیو تۆمــاری دەوڵــەتی حەمیدی یەكــەمو دووەمــی لــەخۆگرتووە، بــەڵام عــەرەبی حــیرە بەخــەتو نوســینی خۆیــان دەنگوباســی مەملەكەتەكــەیان و دێرەكــانی حــیرەو كەنیسەكانیان نوسیوەتەوەو تۆماركردووە.

بایەخــدانی عــــەرەبی باشــــور بــــەتۆماركردنی دەنگوباســــەكانیان دەگەڕێتەوە، بۆبلاو نەبوونەوەی نەخوێندەواری لەنێویانداو بەپێچەوانەوە لەنێو عەرەبی باكوردا بەربڵاوبووە ئەمەش لەئەنجامی گواستنەوەیان بـوو لــەژیانی خێڵــەكیو ڕەوەندییــەوە بۆژیــانی شارنشــینیو ســەقامگیربوون لەدەوروبــەری نیمچــە دوورگــەی عــەرەبیو بەتایبــەت لەشــارەكانی حــیرەو یەمەندا. عەرەبە پێشووەكان دەنگوباسو هەواڵەكانی خۆیان بەناوی ساڵی فیلو ئاگری ئیبراهیمو ڕۆژگارە بەناوبانگەكانی عەرەبەوە تۆمار دەكرد.

## مێژوو دوای دەركەوتنی ئاینی ئیسلام

زاراوەی (مێــژوو) بــەمانای مــرۆڤو كــاتو هــەروەها بــارودۆخی مرۆڤــی لەخۆگرتبێ لەچوارچێوەی گۆڕانكاریــەكانی كاتــدا دەرنەكــەوتووە، تــەنها

لەسەردەمی خەلیفەی راشیدین (عومـەری کـوڕی خـەتتاب)دا نـەبێت (خ. ر). ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمجار هات، لەوکاتەوە کەعومەری کوڕی خەتتاب خستیە رۆژمێری کۆچیەوە ئەوەش کەمێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بۆسـاڵی (22ك). عومـــەری کـــوڕی خـــەتتاب کۆچـــکردنی پێغەمبـــەری(د.خ) لەمەککـەوە بۆمەدینـە کـرد بەسـەرەتای مێـژووی دەوڵـەتی ئیسـلامی، ئـــەوەش بـــەپرسو راوێـــژکردن بـــوو لەگـــەڵ پێشـــینەکانی زانســـت لەمسـولْمانان، چـونکە کـاتی کۆچـکردن هـیچ یـەکێك جیـاوازی نـەبوو لەسەری، لەکاتێکدا کاتی نێردراوێتـی پێغەمبـەر وەك پەیامبـەری خـوداو کاتی لەدایکبوونیشی جیاوازیو نـاکۆکی تێـدا هـەبوو، بـەوەش رێکـەوتن لەسەرئەوەی کەمانگی موحەڕەم سەرەتا بێ بۆساڵی کۆچی.

## هۆکاری بایەخدانی عەرەب بەنوسینەوەو تۆمارکردنی مێژوو دوای دەرکەوتنی ئیسلام

* ئـارەزووی مسـولْمانان بەگشـتیو عـەرەب بەتایبـەتو بایەخـدانیان بەراڤـە کردنـی قورئـانی پـیرۆزو سـوربوونیان لەسـەر وەسـتان لەسـەر هۆکارەکـانی دابـەزینی ئایەتـەکانی قورئـان. مسـولْمانان لەقورئانـدا شـەریعەتو یاسـاو هـەواڵو دەنگوباسـیان دۆزییـەوەو سـوربوون لەسـەر خوێندنـــەوەیو تێگەیشـــتنی ئەحکامـــەکانی کەلێیـــەوە رێســـاکانی هەڵسوکەوتی دونیاییان وەرگرت.

* بایەخـــدانی عـــەرەبو ســـوربوونیان لەســـەر زانینـــی مێـــژووی نەتەوەکـــەیانو باوباپیرانیـــانو وەســـتان لەســـەر ئـــەو هەواڵانـــەی

کەپەیوەستە بەداگیرکاریو والآکارییە ئیسلامیەکانەوەو هەروەها ئەوانەش کەپەیوەندیان بەکاروباری کارگێڕیو داراییو جگە لەوانیشەوە هەبووە.

* ئارەزووی عەرەب لەزانینی رەچەڵەکو نەژادو کەسە دیارەکانیان لەسەرجەم، بوارو گۆڕەپانەکاندا.

* هاندانی پیاوانی دەوڵەت لەخەلیفەو والیو فەرمانڕەواکان بۆنوسەرانو مێژوونوسان لەسەرجەم تۆمارکردنو نوسینەوەی مێژوو. هەروەها لەسەر تۆمارکردنی ڕووداوەکانی سەردەمەکەیان، سەرەڕای هەستکردنی هەندێك لەخەلیفەکان بۆزانینی دەنگوباسی نەتەوەکانی ترو بۆزانینی هۆکارو ئامرازەکانیان لەفەرمانڕەوایی کردنو کارگێڕیدا.

* ململانێی سیاسی یاخود جیاوازی سیاسیو بیروباوەڕی کەلەنێوان هەندێك لەگروپەکانی مسوڵمانانداندا بەدەست هات، بەشێوەیەك ئەم جیاوازیو ململانێیانە وایکرد هەر گروپێك هەوڵبدات پاساوی گۆشەنیگای خۆی بهێنێتەوە لەرێگەی گەڕانەوە بۆڕووداوە مێژووییەکان.

* بایەخدانو ئارەزوو لەزانینی دەنگوباسو هەواڵەکانی سەردەمی نەفامی، هەروەها پەیوەندیان بەهەندێك لەئایەتە هاتووەکان لەقورئانی پیرۆزدا وەك هەواڵو دەنگوباسی عادو سەمودو سەبەئو جگەلەوانیش.

* زۆرێك لەمێژوونوسان پاڵیان پێوەنراوە بۆنوسینەوەی مێژوو، سەرەڕای ئەوەی خۆشیان ئارەزوویان تیایدا هەبووەو مەبەستێکی زانستی چاك بووە.

## فرەیی شێوەی نوسینەوە مێژووییەکان

وێنـەی نوسـینەوە مێژوویـیـەکان لای عـەرەب هەمـەجۆر بـووە. مێـژوو لەبوارە فیکریە سەرەکیەکاندا کەعەرەب پاش دەرکەوتنی ئیسلام بایـەخی پێـداو بەشـێوەیەکی تایبـەتیش لەسـەردەمی عەباسـیەکاندا، ئاکـامی ئـەم بایـەخ پێدانـە بەرهـەمهێنانی سـەدان کتێبـی مێـژوویی بـوو کـەدەربارەی سەرجەم بوارەکان دواوە، ژمارەیەك لەمێژوونوسە عەرەبو مسوڵمانەکان، ئەوانەی کـەکاریان کـردووە لەدروسـتکردنی مێـژوودا، بەگشـتی بوارێکیـان جێنەهێشتووە، بەڵکو هەوڵیانداوە تیایدا بنوسن.

1- مێژوونوسانی سەردەمی نەفامی(دەنگوباسییەکان): ئەم گروپـە بایـەخیان داوە بەمێـژووی عـەرەب لەسـەردەمی نەفامیـدا وەك: کـەعبی ئەحبار(ساڵی 32ك مردووە)، عوبەیدی کـوڕی شـەریەی جورهـومی(سـاڵی 70 ك مردووە)، وەهبی کـوڕی مەنبـە(114ك مـردووە)، عەوانـەی کـوڕی حەکەم(147ك مردووە)، هیشامی کەلبی(204ك مردووە)، ئـیبن تـائیکی هەمەدانی(334ك مردووە).

2- مێژوونوسانی ژیاننامەو جەنگەکان: ئەم گروپـەی تـر بایـەخیان داوە بەمێژووی ژیاننامەو جەنگەکانی پێغەمبەر(د.خ) وەك: عـروەی کـوڕی زوبێـر(92ك مـردووە)، ئـەبانی کـوڕی عوسمـانی کـوڕی عـەففان(105ك مـردووە)، شـەرەحبیلی کـوڕی سـەعد(123ك مـردووە)، ئـیبن شـەهابی زوهـری (124ك مـردووە)، محەمـەدی کـوڕی ئیسـحاق(152ك مـردووە)، محەمەدی کوڕی عومەری واقیدی (207ك)مردووە.

3- مێژوونوسانی چینەکان: ئەم دەستەیەی دیکەی مێژوونوسان بایەخیان بەگێڕەرەوەی فەرموودەو دەنگوباسەکانیان داوە، بەشێوەیەك ریزبەندیان کردوون لەچینەکاندا، ئەوەش بەگوێرەی بایەخی زانستیان پاشان بەگوێرەی ئەو شارەی کەتیایدا نیشتەجێ بوون، وەك: واقیدی(207ك مردووە)، ئیبن ئەبی ئەصیبعە(668ك مردووە).

4- مێژوونوسانی والآکاریو داگیرکاری وڵاتان: ئەم مێژوونوسانە بایەخیان داوە بەتۆمارکردنی دەنگوباسی داگیرکاریو والآکاریە ئیسلامیەکانو لەبەناوبانگترینیان: واقیدی(207ك مردووە)خاوەنی کتێبی (فتوح البلدان)، خەتیبی بەغدادی(463ك مردووە)، لەکتێبەکانی(مێژووی بەغداد)، هەروەها ئیبن عەساکر(571ك مردووە)، لەکتێبەکانی (مێژووی دیمەشق)، ئیبن خەلەکان(681ك مردووە)لەکتێبەکانی (وفیات الاعیان)، یاقوتی حەمەوی(626ك مردووە)لەکتێبەکانی(معجم البلدان).

5- مێژوونوسانی مێژووە گشتیەکان: ئەمانە بایەخیان داوە بەمێژووی عەرەبو ئیسلام بەشێوەیەکی تایبەتو بەمێژووی جیهان لەماوەی دەستپێکردنی دروستبوونەوە بەشێوەیەکی گشتی وەك: واقیدی(207ك مردووە)خاوەنی کتێبی (التاریخ الکبیر)، تەبەری(310ك مردووە)خاوەنی کتێبی (تاریخ الرسل والملوك)، مەسعودی(346ك مردووە)، لەکتێبەکانی (مروج الذهب ومعادن الجوهر)، ئیبن ئەسیر(346ك مردووە) خاوەنی کتێبی (الکامل فی تاریخ)، ئیبن خەلدون (808ك مردووە) خاوەنی کتێبی (دیوان المبتداء والخبر...).

## تایبەتمەندێتی بیرکردنەوەو دانانی مێژوویی لای عەرەب

* زانستی مێژوو لای عەرەب گەشەیەکی سروشتی سەربەخۆی کردووەو مێژوو لەوبابەتە لەپێشینانە بووە کەعەرەب بایەخێکی زۆری پێداوە، بەرهەمی ئەو بایەخپێدانەش دەرکەوتنی زۆرێك لەدانراوە مێژووییەکانە کەسەرجەم بابەتەکانی لەمێژووی لۆکاڵیو گشتیو جیهانیو ژیاننامە گرتۆتەوە.

* بایەخدانی مێژوونوسانی عەرەب تەنها لەسەر لایەنە سیاسیەکان کورت نەکراوەتەوە، بەڵکو دەیەها کتێب دەرکەوتن کەپەیوەندیان بەلایەنە شارستانیەکانەوە هەبوو، بەتایبەت ئەوانەی کەپەیوەندیان بەکاروباری کۆمەڵایەتیو فیکریەوە هەبوو، نمونەی ئەوەش کتێبی تایبەت بوو بەزانایانو ئەدیبانو دادوەرەکانو جگەلەوەش .

* بایەخدانی مێژوونوسە عەرەبەکان تاوەکو کۆتاییەکانی سەدەی دووەمی کۆچی ئەم کاروبارانەی خوارەوەی تێنەپەڕاند:

1- ژیاننامەی پێغەمبەر(د.خ)و جەنگەکانی.

2- دەنگوباسو داگیرکاریو والآکاریە ئیسلامیەکان.

3- دەنگوباسو ڕووداوەکانی نەتەوەکانی پێشوو.

* ماوەی سەدەی سێیەمی کۆچی تاوەکو سەرەتاکانی سەدەی چوارەم زیادییەك لەماوەی مێژووییدا ڕوویدا، ئەوەش پاش جێگیربوونی دەوڵەتی عەبباسی بوو، مێژوونوسان سودیان وەرگرت لەتۆمارەکانی دەوڵەتی عەبباسیو ئەوەی کەتیایدا بوو لەسەردەمو ئامار، ئەو زیادییەش بەرهەم هاتبوو لەئاکامی پێشکەوتنی بزووتنەوەی وەرگێڕانو ڕەخنە

لەزمانە بیانیەکان. هاوکات ئاسانی هاتووچۆکردنو گواستنەوە لەنێوان پارچەو بەشەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ئەو سەردەمدا یارمەتی مێژوونوسانی داوە لەدەوڵەمەندکردنی زانیاریە مێژووییەکانیان.

* عەرەب دوو ڕێگەی سەرەکی گرتۆتەبەر بۆنوسینەوەو تۆمارکردنە مێژووییەکان، یەکەمیان دانانی مێژوویی بەگوێرەی ساڵ یان ئەوەی پێی دەوترێ میتۆدی حەولی، ئەم خوێندنگەیەش هەریەکە لەتەبەریو ئیبن ئەسیرو جگەلەوانیش نوێنەرایەتی دەکەن، هەروەها ڕێگەی دانان هەیە بەگوێرەی بابەتەکان کەزۆرێك لەمێژوونوسانی عەرەب شوێنی ئەم میتۆدە کەوتوون، لەنمونەی یەعقوبیو مەسعودیو ئیبن خەلدون. نوسینەوەو تۆمارکردن بەگوێرەی ئەم میتۆدە تایبەت بووە بەخەلیفەکان یان پادشاکان، ژیاننامە یاخود شارو دەوڵەتەکانو جگە لەوانیش.

* مێژوونوسە عەرەبو مسوڵمانەکان سوربوون لەسەر وەرگرتنی گێڕانەوەو ڕووداوە مێژووییەکان لەسەرچاوە ڕەسەنەکانیانەوە، هەندێکیشیان شوێنی ئەو وەرگرتنانە کەوتوون بۆدڵنیابوون لەراستیو تەندروستێتی هەواڵەکان، وەك تەبەری مێژوونوس.

* لاوازی دەوڵەتی عەبباسی سەری کێشا بۆ لامەرکەزییەتی سیاسیو ئەمەش بەرۆڵی خۆی سەری کێشا بۆ لامەرکەزێتی ئەدەبی، بەوەش رۆشنبیری ئیسلامی دابەشبوو بەسەر شارو ناوچەکانداو ئەم دابەشبوونەش بوو بەهۆی دەرکەوتنی زاناو مێژوونوسان لەوشارو ناوچانەداو کاریان کرد لەنوسینەوەی ژیاننامەو مێژوو جگەلەوانیش، ئەم هەوڵەش لەدەستپێکردنی نیوەی سەدەی سێیەمی کۆچییەوە بوو.

* دوای داڕوخانی خەلافەتی عەبباسی مێژوونوسان لەنوسراوەکانیاندا روویانکردە شیکردنەوەی هۆکارەکانی دامەزرانی دەوڵەتەکانو دواتر هۆکاری کەوتنو دیاردەکانی شارنشینی تیایدا، بەوەش چەندین کتێبیان دانا دەربارەی سروشتی مێژوو، سودەکانیو فەلسەفەی مێژوو، نمونەی ئەوکتێبو دانراوانەش،(المقدمة)کەی ئیبن خەلدونو (الاعلان بالتوبیخ لمن ذم التاریخ )ی ئەلسەخاوی بوون.

* زۆرێك لەمێژوونوسانی عەرەب سەربەخۆبوون لەبیرکردنەوەکانیانداو ئەوشتانەیان دەنوسی کەلەگەڵ بیرکردنەوەو بیروباوەڕیاندا دەگونجان، نەك ئەوشتانەی کەپادشاو والیو فەرمانڕەواکان دەیانویست.

## مێژوو.. مێژوونوسانی عەرەب لەسەردەمە نوێیەکاندا

زانستی مێژوو لای عەرەب لەسەردەمە نوێیەکاندا ئەو بایەخ پێدانەی لەخۆنەگرت وەك ئەو بایەخپێدانەی کەلەرابردوودا پێیان دابوو، ئەمەش بەشێوەیەکی بنەڕەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قۆناغە ناڕەحەتانەی کەوڵاتانی عەرەب توشی بوو لەماوەی کەوتنی پایتەختی خەلافەتی عەبباسیەوە، بەشێوەیەك وڵاتانی عەرەبی پێش کۆتایی هاتنی سەدەکانی ناوەڕاست ڕووبەڕووی جەنگێکی دەرەکی بوویەوەو هەریەکە لەخاچپەرستەکانو مەغۆلو تەتارەکان پێی هەستان، سەرەڕای داگیرکاری عوسمانیەکان لەسەرەتای سەردەمە نوێیەکان، پاشان داگیرکاری ئەوروپی لەسەردەمی دواتردا، ئامرازو هۆکارەکانی نوسینەوەی مێژوویی کاریگەربووە بەبارودۆخو ڕەوشی ئەو دوو قۆناغەی کەدەسەڵاتی عوسمانی پیایدا

تێپەڕبوو. یەکەمیان دەناسرێت بەقۆناغی پێش تەنزیمات (کارگێڕیو دارایی‌و دادوەری‌و سیاسی)و بەکۆتایی سەدەی هەژدەیەم ئەم قۆناغەش کۆتایی هاتو ئەم قۆناغە بەراوەستان‌و متبوون‌و داکشانەوە شرۆڤە دەکرێت لەژیانی زانستی‌و عەقڵیدا. هەرچی قۆناغی دووەم هەیە دەناسرێت بەقۆناغی دوای تەنزیماتو لەگەڵ سەرەتای سەدەی حەڤدەیەمدا دەست پێدەکاتو ئەم قۆناغە بەجۆرێك لەدنیایەك کاریگەربوون بەئامرازو هۆکارە خۆرئاواییەکان شرۆڤەدەکرێت. هاوکات پێویستە ئەوەش بوترێت کەتەنها داگیرکاری عوسمانی بەرپرسیار نەبوو لەو راوەستان‌و متبوونەی ژیانی زانستی‌و عەقڵی، بەڵکو چەند فاکتەرێکی تر یارمەتی ئەو حاڵەتی متبونەیاندا، لەوانەش کورتبوونەوەی هاتووچۆو گواستنەوەو ونکردنی گیانی داهێنان‌و بڵاوبوونەوەی رێبازی سۆفیگەری‌و ترازانی لەسەر ژیانی عەقڵی‌و کۆمەڵایەتی. هەروەها تەرکیز خستنە سەر زانستە عەقڵیە ئاینیەکان بەشێوەیەکی تایبەت بەبێ زانستە عەقڵیە دونیاییەکان، جگەلەمانەش بایەخ نەدانی تایبەت بەنوسینەوەو توێژینەوەی مێژوو، سەرەڕای رێزو پێزانین دانەنانی تایبەت بۆئەم جۆرە لەمەعریفە، ئەمەش سەری کێشا بۆ نزیکبوونەوەی شێوازی نوسینەوەی مێژوویی لەگشتێتی‌و گۆڕانی زۆربەی دانراوە مێژوویەکان بۆ لێکچوون لەراڤەکردنە پەراوێزیەکان‌و ئەو قسە لەسەرکردن‌و لێدوانانەی کەشتێکی نوێیان لەگەڵ خۆیدا نەدەهێناو دواجار ئەوەش کەبەپوکانەوەی بیروراکان‌و نەبوونی تەنسیق‌و پەیوەندی لەنێوانیاندا شرۆڤە دەکرێت، لەو مێژوونوسانەی عەرەب کەلەسەردەمی داگیرکاری عوسمانیدا دەرکەوتن

بـريتين لــه ئـيبن تولـونی ديمەشـقی(1545ز مــردووه)، ئــەلبورينی ( 1615ز مـــــردووه)، ئيــــبراهيم ئــــەلعوده، لـــــەدايكبوو لەفەلەســــتين لەكۆتاييــەكانی ســـەدەی هەژدەيـــەم، حەيـــدەر ئەحمـــەد ئەلشـــەهابی لەلوبنان(1835ز مردووه)، جورجی زەيـدان(1914ز مـردووه)، محەمـەد كـرد عـەلی(1953ز مـردووه)لەميسـرحەلەبی قـاهيری دەركـەوت(1634ز مـردووه)، لەميسـر قـاهيرەی دەركـەوت(1634ز مـردووه)، ئـيبن ئيـاس‌و جيبرتی، كەهاوسەردەمی هەڵمەتی فەرەنسی بوون بۆسـەر ميسـر، لەگـەڵ رەفاعە رافيع ئەلتـەهتاوی(1873ز مـردووه). هـەروەها ژمارەيـەكی تـری مێژوونوســان دەركـــەوتن لـــەعێراق‌و نيـــوە دوورگـــەی عـــەرەب‌و لـــەليبياو سودان‌و مەغريبی عەرەبی.

لەســەدەی بيستەميشـدا مێـژوو شـوێنی پەرەسـەندنی خـۆی كـەوت‌و خوێنـدن بڵاوبويـەوە لەسـەرجەم قۆناغـەكانی خوێنـدنی ئاسـايی‌و بـاڵادا، جۆرەكـــانی زۆربـــوون‌و بەشـــەكانی فرەبـــوون، هـــەروەها ژمارەيـــەك لەمێژوونوسان‌و پسپۆڕان تەفەروغ بوون بۆخوێندن، لەكاتێكدا ئەوانەی تـر رووبـان كـردە نوسـراوە مێژووييـە لقـدارەكان بـەگوێرەی لـق‌و بەشـەكانی مێژووە جياوازەكان هەروەك ژمارەيەك حەولیات‌و دانراوو گۆڤارو دەورياتی هەمـــەجۆری مێـــژوويی‌و دەركـــراو دەركـــەوتن لەســـەرجەم دەوڵەتـــەكانی جيهاندا.

**سەرچاوە:**

فيصل محمد شقير: كتابة التاريخ عند العرب والمسلمين، **گۆڤاری** (الفيصل)**ی چاپی سعودی، ژمارە(** 191 )**، ساڵی شازدەیەم، تشرینی دووەمی** 1992**ز،لاپەڕە(** 115-119 ).

# مێژوو لای عەرەب

(9)

**مێژوو تۆماری نەتەوەو شارستانیەتەکانە، هەر نەتەوەیەك بەشێوازێك بایەخی بەمێژوو داوەو رابردووی خۆی نوسیوەتەوە. میسریە پێشووەکان رووداوەکانی خۆیان لەسەر بەردی(صوان)و لەسەر کاغەزی بەردین نوسیوەتەوە، کاتێك (مانتیۆن)ی میسری مێژووی میسری کۆنی لەسەرەتاکانی سەردەمی بەتالیمەکان نوسیوە، ئەو نوسراوە بەردینانە لەسەر دیواری پەرستگەکانو لەسەر کاغەزی بەردین، سەنەدەکەیو مەرجەعەکەی لەگەڵیدا تۆمار دەکرا، کاتێکیش بەشی بنەماڵەکان، ئەوانەی کەفەرمانڕەوایی میسریان کردووە، بریتی بوون لەسێ خێزانو بنەماڵە، خێزانەکانیش بۆ سێ دەوڵەت دابەشبوون:**

1- **سەردەمی کۆن.**

2- **سەردەمی ناوەڕاست.**

3- سەردەمی نوێ.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەرهەستی مێـژوویی و هەسـتکردن بـەکاتو دەرك کردنی رەوتی رووداوەکان. مانتیۆن مێژووی بەتایبەت بۆکەسانی تایبـەتو پادشاکان نوسیوە، بەڵام هیرۆدۆت مێژووی بۆخەڵك نوسیوە لەژێر سایەی دیموکراسـیەتی شـارە دەوڵـەتی ئەسـینادا. هـیرۆدۆت زیـاتر نزیـك بـووە لــەگێڕەرەوەوە(الــراوی)، وەك لــەوەی مێــژوونوس بێــت، تەنانــەت مێژووەکــەی زۆر چــیرۆكو بەســەرهاتی تێدایــە، هــەموو ئــەو شــتانەی تۆمــارکردووە کــەگوێی لێبــووە بــەبێ ڕەخنــەو شــیکردنەوەو دیرۆکــی رووداوەکان، بەڵام هەستی مێژوویی بەبەهێزیو دیاری ماوەتـەوە، لەگـەڵ دەرك کردنی بۆمیتۆدیی مێژوویی هەڵسـەنگاندنانەبووە. لـەخۆبایی بـوونی تێدانیە کاتێك (شیشرون) هیرۆدۆتی بە(بـاوکی مێـژوو)بـانگکردووە، بـەڵام ئێمە ناتوانین هـیرۆدۆت بـەباوکی مێـژوو بـانگ بکـەین، چـونکە لەراسـتیدا باوکی مێژوو بریتیە لەو پیاوو کەسانەی کەلەئەشکەوتەکاندا ژیاون، کاتێـك لەســەر دیوارەکانیــان چــیرۆکی ژیــانی خۆیانیــان نوســیوەتەوە و تۆمــارکردووە، لــەو هەڵکۆڵینــەوە ســەرەتاییەوە یەکــەم تۆماریــان لەتۆمارکردنەکانی مێـژوو بۆجێهێشـتووین، ئەگـەر گێڕانـەوەی تۆمـارکردن پێشـکەوتبێت، کـە نـەوە دوای نـەوە گواسـتویەتیەوە، ئـەوا زۆرێـك لـەو هــەواڵو رووداوانــەی مێــژوو بــەهۆی زۆری گێڕانەوەیانــەوە گۆڕانکاریــان بەسەردا هاتووە، هەروەها راستی تیایاندا شێواوەو هیچی تێدانەماوەتەوە جگــە لەوێنەیــەکی گشــتی کەدرێــژکراوەکان تیایــدا پێکداچــوونو راستیەکانیش تیایدا تێکەڵاو دەبنو روون دەبنەوە.

## میتۆد لای عەرەب

مێژوونوسانی عەرەبیو گێڕەرەوەکانی فەرمودە یەکەم کەسن کەگێڕانەوەو سەنەدیان وەرگرتووە، وەك ئەوەی ئەوان شاهێدی بدەن لەسەر ئەوانەی کەدەربارەیان گێڕدراوەتەوە، سەنەد بریتیە لەرێسای میتۆدیی زانستی نوێ بۆمێژوو، مێژووش زانستە، بەڵام ناچێتە خانەی زانستە ئەزمونیەکانەوە، بەڵکو بریتییە لەزانستی گەڕانو پشکنین، هەروەها مێژوو گەڕانە بەدوای راستیەکاندا لەمیانەی رووداوو حەدەسە مێژووییەکانەوە. مێژوونوس تەنها رووداوەکان تۆمار ناکات، بەڵکو کۆشش دەکات لەپشتی ئەو ململانێو پاڵنەرانەوە کەرووداوەکانی دروستکردووەو بریتییە لەراستی ئەزەلی دەروونی مرۆییو مێژوونوس کاردەکات لەکۆتاییدا ئەو ململانێ مرۆییانە ئاشکرا بکات کە خەڵکی ناچار دەکات کاربکات. ئەو ململانێیانەی کە لەوزەی گەورەی نێو قوڵایی مرۆڤو لەرۆخی رۆحیەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆیە مێژوو ئەگەر رووداوگەلێك بێت کەروویدا بێت، ئەوا مەبەستەکەی بریتییە لەخستنەڕووی ئێستاو هەروەها ئاشکراکردنی راستیەکەی.

## ماهیەتی مێژوو

مێژوو تەنانەت لەمانا زانستیە رووتەکەشیدا، هیچ شتێك ناگەیەنێ بەرەهایی مەگەر ئەوە نەبێت کەبریتییە لەتوێژینەوەو گەڕان یاخود رێگەی توێژینەوە، وشەی (التاریخ) مانایەکی زۆر فراوانو وردو دەستنیشانکراو لەخۆدەگرێت لای عەرەب. زیاتر لای ئەوروپیەکان وشەی (استوریا)ی

یۆنانی واتـه " زانینـی هـەموو ئـەو شـتانەی کەجێگـەی مەعریفـەو زانیـنن بــەکارهاتووە". کاتێــك ئەوروپیــەکان ئــەو وشــەیەیان بــەکارهێناوەو خستویانەتە زمانەکانیانەوە، زیاتر بـەلای گشـتاندندا رۆیشـتووە لـەمانادا، وەك لەوەی بەلای دیاریکردندا بڕوات، تـاوەکو راڤەکردنـەکانیان بـۆ مانـای مێــژوو، بابەتــەکانی روون بۆتــەوە، بــەڵام عــەرەب زیــاتر وشــەکەیان دیاریکردووەو ماناکەیان لەدەلالەتەکەیـەوە کەمەبەسـت پێـی کـات بـووە، تێکــەڵاو کــردووە، بەشــێوەیەك وشــەی(تــاریخ) لای عــەرەب بریتیــە " لــەئاماژەدان بۆچــەند کاتێـك لەکاتــژمێرو رۆژو مــانگ"، بــەڵام لــەڕووی زاراوەییەوە بریتیـە" لـەو زانسـتەی کـە لـەرووداوەکانی سـەردەم لـەرووی کاتەکەیو بابەتی مرۆڤیەوە لەپەیوەندی بەشوێنو کاتەوە دەکۆڵێتـەوە". عەرەبەکان یەکەم کـەس بـوون کـەدەربارەی (تـاریخ التـاریخ)نوسـیویانەو لەهزرو ناخی خۆیاندا بیرۆکـەی کـاتو شـوێنیان روونکردۆتـەوە. هـەروەك چــاخو ســەردەمەکانیان پــۆلێنکردووەو گێڕاویانەتــەوە بۆخاوەنەکــەیو بەناوەکانیانــەوە ناودێریــان کــردوون. گرنگیانــداوە بــەکاتی رووداوە مێژووییەکان بەرۆژو مـانگو سـاڵەکانیانەوە، ئەمـەش ئـەو تایبەتمەندێتیـە کەمێژوونوســانی یۆنــانو رۆمــان نــەیانزانیوە. مێژوونوســانی عــەرەب لەگێڕانـەوە مێژووییەکانـدا پشـتیان بەسـەنەد بەسـتووە، ئـەوەش بریتیـە لەســونەتێکی سوپاســکراو کەلەگێڕانــەوەی فــەرموودەو ســوننەتدا بــۆ پارێزگاریکردن لەدەقو ئازادکردنی حەقیقـەت بـەکارهێنراوە. پاشـان ئـەم سـەنەدە بریتــی بــووە لــەئامرازێك لــەئامرازەکانی جێگیربــوونو یــەقین لەزانینی رووداوە مێژووییەکاندا، ئەمـەش ئـەو شـتەیە کـەمیتۆدی زانسـتی

نویَ لەنوسینەوەی مێـژوودا وەریگرتـووە، پاشـان گـەورەی مێژوونوسـانی عەرەب(عەبدو رەحمانی کـوڕی خەلـدون)ی تونسـی هـەروەك مێژوونوسـی ئینگلیزی(هرنشو)شرۆڤەی کردووە پێشەکیەکی بۆمێژووی گشتی نوسیوەو زۆر بـــەفراوانی پـــەی بەپێشـــبردنی تێپەڕانـــدووە، لەگـــەڵ راســـتیو تەندروســـتێتی روانـــینو قـــوڵایی فەلســـەفەکەی، ئەمـــەش وایکـــردووە راستگۆییەك بێت لـەوەی کـە(ملنـت)لەئاسـتی ئـەو زانـا تونسـیە گـەورەدا وتوویەتی کـە:"ئـیبن خەلـدون دانـەری زانسـتی مێـژووە". ئـیبن خەلـدون پەیوەندیو گرێدراویـەکی لـەنێوان تاکەکـەسو کۆمـەڵو رووداو و ژینگـەدا دروستکردووە هەروەك بنەماکانی رەخنەی مێژوویشی داناوە.

## شیعر تۆماری عەرەب بووە

شارسـتانیەتەکان لێکـدی جیـاوازن، بـەجۆرێك وێنـەو شـێوەکانی روون بۆتەوە، ژینگەو دەوروبەری شارستانیەتەکان کاریگەریان لەسـەرپێکهاتەی نەتەوەکان هەبووە، مرۆڤ دروستکەری شارستانیەتی یەکەمە، لەناوەڕۆکـدا جیاوازنین، لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی ترو لەژینگەیەکەوە بـۆ ژینگەیـەکی تر. هەریەکە لەئاینو وێـژەو دەوڵـەتو هونـەرو شـیعرو مۆسـیقاو زانسـتو روانینـــی عـــەقڵی، هـــەموو ئەمانـــە بـــریتین لەتایبەتمەنـــدێتی شارســـتانیەت لەهەموو شـوێنو لەهـەموو نەتەوەیەکـدا. ئەگـەر شـیعر یەکـەم ئامرازبێـت کەمرۆڤ بەهۆیـەوە گوزارشـتی لەخـەونو هەسـتو دانـاییو هەڵسـوکەوتیو مەبەســتەکانی کردبێــتو هـــەروەك ئەرســـتۆش وتویـــەتی:"شـــیعر پـــێش پەخشـان کـەوتووە"، ئـەوا بەمانایـەکی تـر شـیعر یەکـەم سەرچـاوەیە

لەسەرچاوەكانی مەعریفە. هاوكات داستانە شیعریەكان ئەگەر ئەفسانەش گێڕابێتنیەوە، ئەوە یەكەم چنراوە بۆمێژووی مرۆڤ. ئێمە دەتوانین لەشیعرەكانی شاعیری میسری كۆن(بنناهور)دا، وێنەیەكی سەروەریەكانی میسری كۆن لەچاخی فیرعەونەكاندا ببینینەوە، سەرەڕای ئەوەی كەمێك لەشیعرەكانمان پێگەیشتووە. ئەگەر بڕۆینە لای یۆنانیەكان، ئەوا داستانی (هۆمیرۆس)دەبینین كەپڕە لەوێنەی ژیانی یۆنانی، لەرووی گەشەكردنیەوە. هەروەك داستانەكانی (مهابهاراتاو رامایانا) لای هیندیەكان، سەرەڕای ئەوەی وێنەی مێژوویی تێدایە كەتێكەڵاو بووە بەئەفسانە، بەڵام لەلایەكیترەوە ئاماژەدەكەن بۆ(خولی مێژوو)، هەروەها داستانی (ئەنیادە)ی شاعیر(ڤرجیل) دەربارەی سەروەریەكانی رۆماو پەیامەكەی بۆ جیهان دەدوێ، كاتێك وێنای فیكری رۆمانیو رۆشنبیری ئاینی رۆمانەكانی كردووە، كەلەروانگەی نەمریدا دەمێننەوەو داگیری دەكات دوورتر لەوەی كەمێژووی (بولیبیوس)دەربارەی ملكەچكردنی رۆما بۆجیهان داگیری دەكات. بۆیە داستان ئەگەرچی پڕبێت لەخەیاڵ نزیك تر لەمەزاجی مرۆڤ لەراستیەكانی واقیعی روون، ئەوا شیعر بەهێزترە لەیادەوەری خۆی، بەبەراورد لەگەڵ پەخشاندا، ئەگەر بڕوانینە رۆڵی شیعر لای عەرەب، ئەوا هێزێكی گەورەی یادەوەریان هەبووەو لەشیعری نەفامیو فەرموودەكانی پێغەمبەردا(د.خ)، دەركەوتووە.

عەرەبەكان لەشیعرەكانیاندا كاریان لەسەر دەمارگیری كردووەو هەوڵیانداوە ئەو دەمارگیریە بگوێزنەوە بۆ ئینتیما، بەشێوەیەك ئەو ئینتیمایەش سەربكێشێ بۆهەستكردن بەئارامیو ئاسایش. تەنانەت

خوازیـاری ئـەم ئـارامیو ئاسایشـەش بـوون نـەك بۆخۆیـان، بـەڵكو بـۆ گیانەوەرو مەڕو ماڵاتەكانیشیان(دیـارە لێـرەدا مەبەسـتی لەمێـژووی كۆنـە نەك مێژووی نوێو هاوچەرخ كەپڕە لەكارەساتو تراژیدیای مرۆیـی گـەورە كەبەدەستی عەرەب خولقێنراوە لەنموونەی ئەنفالو كیمیابارانكردنی كورد لەعێراقدا–ئامادەكار–). تەنانەت زۆرێك لـەو شـەڕانەی كـە لـەنێوان خێڵـە عەرەبیەكانـــدا روویانـــداوە بـــەهۆی ئاژەڵێكـــەوە بـــووە یـــان بـــەهۆی خۆشگوزەرانیەوە بووە، بۆنموونە: شەڕی (بەسوس)ی نێوان تیرەی بەكرو تیرەی تەغەلوبی كوڕی وائیل. بەم هۆیەوەشەوە بۆئەم شەڕە خێڵایەتیانە زۆر شـوێنیان تـەرخانكردووە. هـەروەها شـەڕی داحـسو غـەبرا لـەنێوان عەبەسو زوبیانی كوڕی بەغیصی كوڕی ریسی كوڕی غەتەفانـدا كەبـەهۆی گرەوێك بوو لەسەر داحسو غەبرا، كەدووانەیەكی ئەسپ بـوونو پێشـبڕكێ بووە لـەوەدا كامیـان پێشـی ئـەویتریان دەكـەوێت، ئـەم شـەڕە چـل سـاڵ درێژەی كێشا، دەربارەی ئـەم شـەڕە شـاعیر(عـەنترەی عەبسـی) شـیعری وتـــووە لـــەبارەی سوارچـــاكی عەرەبـــەوە. هـــەروەها شـــاعیرانی هەڵواسراوەكان(المعلقات)مەبەست لـەو هۆنراوانـەبوو كەشـاعیرانی عـەرەب دەیاننوسی و بەدیواری كەعبەدا هەڵیان دەواسی –ئامادەكار– بەدرێـژایی سەردەم بەنەمری ماونەتەوەو ئـەو شـیعرانە پاڵـەوانی زۆری تێدایـەو پـڕە لەچیرۆك. لەشیعرەكانی عەنتەرەدا، تیایدا هاتووە:

فلله عينا من راى مثل مالك
عقيدة قوم ان جرى فرسان
فليتهما لم يجريا قيد غلوة

وليتهما لم يرسلا لرهان

لەشـــەڕی داحـــیس‌و غـــەبرادا زۆر شـــیعری عـــەرەب هـــاتووە، لەبانگەشەکەرانی ئاشتی نێوان هەردوو هۆزەکە.(زوهـەیری کـوڕی سـلمی) کە یەکێکە لەشاعیرانی هەڵواسراوەکان، لەشـیعرێکیدا ستایشـی (هـەرەمی کوڕی سنان‌و حاریسی کـوڕی عـەوف)دەکـات، کاتێـك کۆششـیان کـردووە بۆئاشتەوایی نێوانیان: زوهەیرلەشیعرەکەدا دەڵێ:

فاقسمت بالبيت الذى طاف حوله

رجال بنوه من قريش وجرهم

يمينا لنعم السيدان وجدتما

على كل مال من سحيل وجرم............... تاکۆتایی شیعرەکە.

بۆیە شـیعر تۆمـاری عـەرەب بـووە لەسـەردەمی نەفامیـداو تۆمارکـەری ڕۆژگـارو مێـژووەکانیان بـوون، لەژیانیانـدا خـەیاڵ‌و سـۆزیان وروژانـدووە، لەدەمارگیری‌و دەمارگیربوونیاندا شانازی هەڵگرتووە، بەڵام ئەمانـە نابێتـە توێشـوویەك بۆحەقیقـەتی مێـژوویی کەمێـژوونوس بانگەشـەی بۆدەکـات، بەشێوەیەك ڕووداوەکان لەنێوان هەموو گێڕانەوەکاندا وون دەبێت، ئەگـەر لـەدەنگوباس‌و هەواڵەکانیانـدا هەنـدێ وردەکـاری هـەبووبێت ئـەوا خـاڵی نەبووە لەخودێتی‌و لایەنگیری کەبریتین لەلەناوبەری حەقیقـەتی مێـژوویی، بـەڵام لەنـەژادو ڕەچـەڵەکیاندا حەقیقـەتیان سەربەسـت کـردووە، چـونکە پەناگەیان بووە لەهێمن‌وئاسایشیانداو بریتیش بووە لـەئاڵای دەمارگیریـان کـاتێکیش سـەردەمی ئیسـلام هـات، ئـەوا ئـەم دەمارگیرییـە تاڕادەیـەك لەمێشکیاندا مایەوە، بەتایبەت لەجەنگەکانـدا هەنـدێ جـار بەدەردەکـەوت

بەتايبــەت بانگــەوازی عــەرەب لەشــەڕی قادســيەدا هــاواركردن بــوو بۆعەشيرەتو هۆزەكەی(واعشيرتاه) بۆئەوەی خەڵكی چاكەو پێگـەی هـەر هۆزو تيرەيەك لەكوشتاردا بزانێت.

بەهــەرحاڵ تائێســتاش شــيعری ســەردەمی نــەفامی بەسەرچــاوەيەك دادەنرێت، لەسەرچـاوەكانی مێـژووی عـەرەب، كـەهيچ توێـژەرێك ناتوانـێ لەناوی بداتو هيچ مێژوونوسێكيش ناتوانێ پشتگوێی بخات.

## عەرەبو نوسينەوەی مێژوو

نوســينەوەی مێــژوويی دياردەيــەكی شارســتانيە، بــەجۆرێك پێكنايــەت تەنها كاتێك نەبێ كەشارستانيەت تێروتەواو دەبێت. يۆنانيەكان دەسـتيان نــــەكردووە بەنوســــينی مێــــژووی خۆيــــان، تــــەنها دوای ئەوەنــــەبێت كەشارستانيەتەكەيان سەقامگيربووە. پەخشان جێگەی شيعری گرتۆتــەوە بۆ گوزارشت كردن لەخود، بەوەش نوسينەوەی مێژوويی جێگەی داسـتانە شيعريەكانی گرتەوە. هيكاتيۆس دوای هۆميرۆس هـات بۆئــەوەی مێـژووی يۆنان لەسەدەی شەشەمی پێش زايندا بنوسێتەوە، پاشان هـيرۆدۆت هـات لەسەدەی پێنجەمی پ. ز دا، دوای ئەويش مێژوونوسـە مەزنـەكانی يۆنـان هاتنو بنەماو ميتۆديان بۆنوسينەوەی مێژوويی دانا.

هەروەها مێـژووی رۆمـان هاتــە پێشــەوەو نوسـينەوەی ئـەم مێـژووەش زاڵبوو بەسەر مێژوونوسەكانی يۆناندا تاوەكو ناوەڕاستی سەدەی دووەمـی پ.ز، كاتێـــــك وتاربێـــــژی رۆمـــــانی(كـــــاتو)كتێبەكـــــەی بـــــەناوی (الاصـول)بڵاوكـردەوەو (بوليبيـوس)ی كۆتـا مێژوونوسـی يۆنـانی مــەزن

کتێبێکـی دەربـارەی مێـژووی کۆمـاری ڕۆمانیـا لەسـەدەی دووەمـی پ. ز نوسی، ئەو لەڕۆما دەژیاو دوورخرابـۆوە، پـاش تێکشـکان‌و هەرەسـهێنانی مەکدۆنیا لەبەرامبەر ڕۆمانـدا سـاڵی(167پ. ز). کـاتێکیش مێژوونوسـانی ڕۆمان جێگیربوون بەنوسینەوەی مێژووی خۆیان، ئـەوا شـتێکی ئـەوتۆیان زیـاد نـەکرد لەسـەر میتـۆدی یۆنانیـەکان لەنوسـینەوەی مێـژوودا، کاتێـك عەرەبەکانیش هاتن، توانیان لەو شـوێنەوە دەسـت پێبکـەن کەیۆنانـەکان کۆتاییـــان پێهێنـــابوو. نوســـینەوەی مێـــژوویش لای عـــەرەب زیـــاتر بەسـەقامگیربوونی دەوڵـەت‌و سـەرهەڵدان‌و گەشـەکردنی شارسـتانیەتی ئیسلامی دەستی پێکرد. سەرەتا بەشێوەی گێڕانەوەو دەماودەم، هەواڵ‌و دەنگوباسی رابردووی خۆیان‌و باو باپیرانیان‌و شانازیەکانیان دەگێڕایـەوە، دواتـر پێویسـتیان هاتەسـەر ژیاننامـەی پێغەمبـەر(د.خ)و پارێزگـاریکردن لەفـەرموودەکان. بۆیـە نوسـینەوەی ژیاننامـە یەکـەم کـاری کارەکـانی نوسـینەوەی مێـژوویی بـوو کەعـەرەب پێـی هەسـتا، بـەوەش ڕووداوی مێـــژوویی لـــەبواری گێڕانـــەوەو دەنگوباســـەوە گواســـترایەوە بۆبـــواری نوسینەوە، هەروەك گێڕەرەوەو فەرمودەوان‌و هەواڵدەرەکان بریتـی بـوون لەمێژوونوســانی چــەرخی نــوێ. بــیروڕاش وایــە مێژوونوســانی عــەرەب دووربووبن لەکاریگـەری سـوڵتان‌و دەسـەڵاتی دەوڵەتـەوە، گوایـە ئـازادی‌و سەربەخۆیی خۆیـان هـەبووە لەنوسـینەوەی مێـژوودا(بـەڵام ئـەم بیروڕایـە لەگەڵ ڕاستیە مێژووییەکاندا یەکنایەتەوەو چەندین مێژوونووس‌و شـاعیری عــەرەب هــەبوون کــە بۆدەســەڵاتدارو پادشــاکانیان نوسـیوەو گوێشـیان لەوەنــەبووە کەمێژووەکــە بشــێوێنن–ئامادەکــار–)، لەگــەڵ بایەخــدانی

خەلیفـەکان بەهــەواڵو دەنگوباسـی رابـردوو ئێسـتایان. هــەوڵیان نـەداوە بەگشـتی بۆنوسـینەوەی ئەودەنگوباسـانەو داواشـیان لـەگێڕەرەوەکانیان نەکردووە ئەوان بینوسنەوە. ئەگەر دەوترێ موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان سـەرقاڵ بـووە بەگوێبیسـتی دەنگوباسـی عــەرەبو رۆژگــارو مێــژووی پادشـــاکانی عەجـــەمو سیاســـەتەکانیان لەبەرامبـــەر ژێردەســـتەو رەعیەتەکانیاندا، ئەوا گێـڕەرەوەو هـەواڵو دەنگوبـاس(عوبیـدوڵای کـوڕی شـەریەی یەمـەنی) لەسـەنعاوە دێـت بۆدیمەشـق بـۆلای معاویـە بۆئـەوەی دەنگوباسـی عەرەبەپێشـینەکانو ژیاننامـەی پادشـاکانیان بـۆ بگێڕێتـەوە (معاویــە)ش فـــەرمان دەکــات بەنوســـینەوەوتۆمارکردنی دەنگوبـــاسو گێڕانــەوەکانی لـــەدوو نامـــەداو دوو کتێبـــی لێپێکهـــاتوون. یەکـــەمیان پادشـــاکانو دەنگوباســـەکانی رابردوویـــان لەگــــەڵ کتێبێکـــــی (الامثـال).هــەروەها ئـیبن شــەریە تاسـەردەمی (عەبدولمـەلیکی کـوڕی مەروان)ژیاوەو سـاڵی ($67$ک)مـردووە، نـاوبراو یەکـەم کـەس بـوو کـە لـەو گێڕانەوەدا روخساری مێـژووی زیـاد کـردووە. بڵاوبوونـەوەی خوێندنـەوەو نوسـینەوە لـەنێوان عەرەبـدا، کاریگـەری خـۆی هـەبووە لەپێشـوازیکردن لەمێــژوو تۆمــارکردنی. بۆیـــە نوســـینەوەی ژیاننامـــە بەیەکـــەم کـــاری تۆمارکردنی مێژوویی دادەنرێت، دەڵێن: یەکەم کەسێك کەتیایـدا نوسـیوە (عروەی کوڕی زوبێر)ە، کەلەسـاڵی($94$ک)مـردووە، لەگـەڵ(ئـەبانی کـوڕی عوسمـانی عـەففان) کەئـەویش سـاڵی($105$ك) مـردووە، (عەبـدورەحمانی کـوڕی مـوغیرە)ی خوێنـدکاری ئـەبان هەسـتاوە بەکۆکردنـەوەی پـەڕاوی مامۆســتاکەی لەژیاننامـــەی پێغەمبەرایەتیـــدا. بەهـــەرحاڵ لەپێشـــترینی

ژیاننامــه دەربــارەی پێغەمبــەر(د.خ) کــەپێمان گەیشــتبێت بریتیەلــەوەی کە(محەمەدی کوڕی ئیسحاق)نوسیوێتیو خۆشــی ساڵی(151ك)مـردووە، دواتریش خوێندکارەکەی (ئەبو محەمەدی عەبدوڵلای کوڕی هیشامی کوڕی ئەیوبی معافری حمیـدی) بـووەو ناسـراو بـووە بـە (ئـیبن هیشـام)و سـاڵی (218ك)مردووە، هەستاوە بەپاککردنو ڕێکخستنی کتێبی مامۆسـتاکەی کەئێسـتا پشـتمان پێبەسـتووە لەژیاننامــەی پێغەمبەرایەتیـداو ناسـراوە بەژیاننامەی ئـیبن هیشـامو ناونیشـانەکەی بریتیـە لـە(پـەڕاوی ژیاننامـەی پەیامبەری خودا)(د.خ). لەنوسینەوەی مێژووی جەنگەکانیشدا (محەمەدی کوڕی موسلیمی کوڕی شەهابی زوهـری)کەسـاڵی(122ك) مـردووە، پـێش دەکەویو یەکەم کەس بووە کە دەربڕینی ژیاننامە (السیرة)ی لەنوسـینی پەیامبــەردا(د.خ) بــەکارهێناوە، هــەروەك بەرابــەری خوێندنگــەی مەدینــە لەبواری مێژوودا دادەنرێت، هەرچەندە خـۆی بەرەچـەڵەك خـەڵکی مەککـە بووە. شاری مەدینە لەو سەردەمەدا شـوێنی کـۆڕو کۆبوونـەوەی زانایـانو شــەرعزانانو گێرەڕەوەکــان بــووە. (زوهــری) کەســێکی زۆر یــادەوەری بــەهێزبوو، زۆر لەبەرکــەربووە ئــەو بــە لەپێشــینەکان دادەنرێــت لــەم میتۆدەدا، بەجۆرێك دەربارەی خـۆی دەدوێتو وتویـەتی:" هـیچ کەسێك لەخــەڵکی ئــەم زانســتەی بڵاونەکردۆتــەوە لــەوەی مــن، هــەروەها هــیچ کەسـێکیش ئەوکۆشـشو توانایـەی بەسـەر نـەبردووە هێنـدەی کۆشـشو توانــای مــن ). لەنوســینەوەیەکدا بۆژیاننامــەو دیــارترین زانیاریــەکانی ژیاننامــەی پێغەمبەرایــەتیو ســریەو مــەفرەزەکانو شــەڕەکانو فــەتحی مەککـەو هەنـدێك لـەنێردراوەکانی پێغەمبـەری(د.خ) بـۆلای پادشـاکانو

ئەونوێنەرانـــەش هـــاتوون بـــۆلای لـــەخۆگرتووە. لەتەنیشـــتی زوهـــری یـــەوە(موســـای کـــوڕی عەقەبـــە)دەوەســـتێت، گـــەورەی زوبێریـــەکان کەساڵی(141ك)مـردووە، ئـەم مێژوونوسـە زانیـاری مێـژوویی لـە(عـروەی کـوڕی زوبێـر)وەرگرتـووە، کەلـەگێڕەرەوەکانی جەنگـەکان بـووەو (ئـیبن سەعد)ی مێژوونوس لەکتێبەکەمێژووییەکەیدا (الطبقات)و تەبەری هەواڵی مێـــژوویان لێگواســـتۆتەوە. هـــەروەك(ئـــەبو فـــەرەجی ئەســـفەهانی) لەکتێبەکەیـدا (الاغـانی)دەنگوباسـی زەیـدی کـوڕی عـەمری کـوڕە مـامی لێپرسراوی موسوڵمانان عومەری کوڕی خەتتاب لێگێڕاوەتەوە.

دەربـارەی موسـای کـوڕی عەقەبـەش لەنوسـینەوەی مێـژوودا ئیمـامی مالیـــك دەربـــارەی وتوویـــەتی:" لەســـەرتانە پشـــت ببەســـتن مێـــژووی جەنگەکانی ئیبن عەقەبە، چونکە راستترین مێژووی جەنگەکانە"، زۆربـەی پەڕاوەکانی ژیاننامەو جەنگەکان ئینتیمایان بۆخوێندنگەی مەدەنی هەیـە. دواجـار عـەرەب گۆڕەپانێکیـان جێنەهێشـتووە بۆژیاننامـەو گێڕانـەوە، ئەگـــەرنا پـــەنایان بـــۆبردووە. لـــەمڕووەوە (کتـــاب الـــولاة وکتـــاب القضـاة)ی(کنـدی) مـان هەیـە کەسـاڵی(350ك)مـردووە، لەگـەڵ پـەڕاوی (مێـــژووی بەغـــدادو نـــاودارانی)ی (خـــەتیبی بەغـــدادی) کەســـاڵی (463ك)مــردووە، هــەروەها پــەڕاوی(مێــژووی دیمەشــقو نــاودارانی) مێـژوونوس(ئـیبن عەسـاکر)کەسـاڵی(571ك)مـردووە، پـەڕاوی (معجـم البلـدان)و (ارشـاد الاریـب الـی معریفـة الادیـب)ی یـاقوتی حـەموی کەسـالی(627ك)مـردووەو پـەڕاوی(وفیـات الاعیـان)مێـژوونوس (ئـیبن خەلەکان) کەساڵی(681ك)مردووەو پەڕاوی(الدر الکافیـە)ی (عەسقەلانی)

کەمێـژووی بۆنـاودارانی سـەدەی هەشـتەمی کۆچـی دانـاوەو بریتیـە لـەو ساڵەی عـەرەب تـەرخانیکردووە بۆنوسـینی زانیـاری دەربـارەی نـاودارانی سەردەمەکەیان. لـەمڕووەوە مێـژووی نـاودارانی چـاخەکان دەبیـنین دوای ئـەوە پێکـەوە گرێـدەدرێن سـەدە دوای سـەدە بـەوەش پـەڕاوی(الضـوء اللامع)ی(سەخاوی) دەردەکەوێت لەمێـژووی نـاودارانی سـەدەی نۆیـەمی کۆچیداو پەڕاوی(الكواكب السائرة)ی (غزی) لەمێژووی پیـاوانی سـەدەی دەیـەمی کۆچـیدا لەگـەڵ پـەڕاوی(خلاصـة الاثـر)ی (محبـی) لەمێـژووی پیاوانی سـەدەی یانزەیەمدا. پـەڕاوی(سـلك الـدر)ی (مـورادی) لەمێـژووی پیاوانی سـەدەی دوانزەیـەمی کۆچـیداو دواجـار پـەڕاوی(تـراجم الاعیـان القرن الثالث عشر و اوائل الرابع عشر)ی (ئەحمەد تیمور).

## عەرەبو مێژووی گشتی

عـەرەب تـەنها لـەبواری مێـژووی ژیاننامـەو بەسـەرهاتەکاندا مێـژووی نەنوسـیوەتەوە، بـەڵکو لـەبواری مێـژووی گشـتیدا توانیویـەتی بایـەخی پێبـداتو چـەندین بەرهـەمی مێـژوویی لـەمبارەوە بەجێهێشـتووە. لەسەردەمی عەبباسیەکاندا فیکری عـەرەبی پەیوەنـدی کـردووە بـەفیکری ئەوروپیـەوە، بەشـێوەیەك عـەرەب پاشمـاوەو فەلسـەفەی یۆنانـەکانیان گواسـتەوە بـۆ زمانەکـەی خۆیـان، کـاتێکیش ئەوروپیـەکان لەمیانـەی شەڕەکانی خاچپەرستیەوە پەیوەندیان لەگەڵ عەرەبەکاندا پەیداکرد، زۆر شتی نوێو زانستو هونـەریان لێـوەرگرتن. مێژوونوسـی نـاوداری ئینگلیـز (ج. هیرنشـو) لـە کتێبەکەیـدا بەناونیشـانی(زانسـتی مێـژوو) وادەبینـێ

کەکاریگــەری فیکــری جەنگــە خاچپەرســتیەکان لای ئەوروپیــەکان دوور مەودایانە بوونی هەبووە.

لــەبواری مێــژوودا، مەســعودی مێــژوونوس بــەدی دەکــەین (902 – 956ز)کەلەکتێبەکەیدا (مروج الذهب) وەك شارەزایەکی لیهـاتوو مێـژوو ئــەتنۆگرافیای ڕۆژئــاوای ئاســیاو بــاکوری ئــەفریقیاو ڕۆژهــەڵاتی ئاســیای خســتۆتەڕوو. هــەروەها ئــیبن خەلــەکان(1211 – 1282) توانیویــەتی موعجــەمێك لەبەســەرهاتە مێژووییــەکان دابنــێ، بەشــێوەیەك کەبــەراورد دەکرێت بە بەسەرهاتەکەی مێژوونوسی ڕۆمـان بلوتـارك. پاشـان گـەورەی مێژوونوسانی عەرەب دێت، عەبدو ڕەحمانی کوڕی خەلدونی تونسـی(ئـیبن خەلدون) (1332 – 1406ز)کەپێشەکیەکی بۆمێژووی گشـتی نوسـیوەو فراوانی گرتنــەوەو تەندروســتی ڕوانــینو قــوڵایی فەلســەفەی تێپەڕانــدووە، بەجۆرێك بووە بەراستگۆییەك کەمێژوونوسە ئەوروپیەکان لەچەرخی نوێـدا هـاودەنگن لەســەر ئــەوەی کــەئیبن خەلــدون داڕێــژەری زانســتی مێـژووە. هــەروەها (هیرنشــو) دەبێژێتــەوە:" کاریگــەری ئــەو ڕۆشــنبیرییە عەرەبیــە گواسترایەوە بۆئەوروپای مەسـیحی لەرێگـەی خوێندنگـەکانی ئەنـدەلوسو باشــوری ئیتالیــاوە. هــەروەها فاکتــەرێکی بــەهێزبوون بۆکۆتــایی هێنــانی سەدەکانی ناوەڕاستو دەستپێکردنی سەرەتای چاخە نوێیەکان".

بیروڕا وایە کەعەرەب ئەو سەرەتایەی تەواوکردبێت کەیۆنانو ڕۆمانەکان لــەبونیادنانی فیکــری مێژوویــدا دەســتیان پێکردبــوو، بۆنمونــە: بــلازەری مێــــژونوس کــــەناوی (ئەحمــــەدی کــــوڕی یــــەحیای جــــابرە و ساڵی(279ك)مردووە. یەکەم کەس بـووە کەچـووەتە گۆڕەپـانی مێـژووی

گشــتیەوە لەکتێبەکەیــدا بــەناوی (فتــوح البلــدان). هــەروەك (تــاریخ الیعقوب)سەرچاوەیەکی گەورەیە بۆمێژوو، هەروەها(یەعقوبی)ی مێژونوس خۆی یەکێکە لەکەسایەتیە شیعیەکان کەپاشماوەو کاریگەرییەکی گەورەی لەمێــژوودا هەیــە. لەهاوســەردەمەکانی (یــەعقوبیو بــلازەری) هــەردوو دینــەوەری (ئــیبن قوتەیبــەی دینــەوەری کەســاڵی276ك)مــردووە، لەگــەڵ (ئەبوحەنیفەی دینەوەرییــە کەســاڵی 282ك)مردووە،یەکــەمیان کتێبێکــی گــەورەی هەیــە بــەناوی(عیــون الاخبــار)و دووەمیــان (الاخبـار الطـوال). هــەروەها (تەبــەری)ی مێــژونوس کەســاڵی (310ك مــردووە)بەکتێبــە ئەنسکلۆپیدیاییەکەی بەناوی(تاریخ الامم والملـوك) تـوانی قۆنـاغێکی نـوێ لەنوسینەوەی مێـژوویی دەسـت پێبکـات، تەبـەری زۆرتـر لەمێژوونوسـانی پــێش خــۆی تــەحقیقی کــردووە، هــەروەك بــۆ رووداوەکــان تۆمــاری ئەنجامداوە، بەشێوەیەك هـیچ مێژوونوسـێکی تـر ئـەم کـارەی نـەکردووە. تەبـەری مێژووەکەشـی بەسـەرەتای دروسـتبوون دەسـتپێکردووە تـاوەکو سـاڵی (302ك). بۆخۆیشــی ســەردانی بەغــدادو بەســرەو کوفــەو میســرو سوریای کردووە، هاوکات هەموو ئەو شتانەشی جێگیرکردووە کـە لەتـەنها رووداوێکدا گوێی لێبـووەو بڕیـار لەسـەر دانیشـی بۆخوێنـەر جێهێشـتووە، وەك دەڵێ:" ئەوەی راسـتە لای ئێمـە ئەوەیـە یـاخود مـن گومـان دەکـەم لــەوەدا". هــەروەك رووداوە مێژوویــەکانی بــەگوێرەی ســاڵی روودانیــان رێکخستووە، لەسـەر خوێنەریشـە کەشـوێنی رووداوە یـەك بەدوایەکـەکانی بکەوێت بـەگوێرەی درێژبوونـەوەی سـاڵەکانیان پـاش تەبـەری مێـژوونوس (عـــەرەبی کـــوڕی ســـەعیدی قورتـــوبی) دێـــت کەســـاڵی (366ك

مردووه)گەیشتووە بـەڕووداوەکانی تەبـەری بۆکۆتـایی سـەردەمی خەلیفـە موقتەدری عەبباسی سـاڵی(320ك) لەکتێبەکەیـدا  بـەناوی(صـلة تـاريخ الطبـــرى ). هــــــەروەها لەســـــەرمیتۆدی تەبــــەری مێــــژوونوس (مەســــکویە)کەســــاڵی(421ك)مــــردووە ڕۆیشــــتووە، لەکتێبەکەیــــدا بەناوی(تجارب الامم)لەهەندێکیدا گەیشتووە بـەو مێـژووەی کەتەبـەری لای ڕاوەسـتاوە بـۆ سـاڵی (369ك). مەسـکویە ئـەوەی لەتەبـەری زیـاترە کەدەربارەی کاروباری خەڵکیو گوزەرانیان دواوە، هاوکات ئـیبن ئەسـیری مێژوونوسمان هەیە کەساڵی(630ك)مردووەو خاوەنی کتێبی (الکامـل فـی التــاریخ)ە، کـــەخاوەنی خـــودێتیو ســـەربەخۆیی خۆیـــەتی لـــەبواری نوسـینەوەی مێژووییـدا. ئەنسـکلۆپیدیای ئیسـلامی لەبارەیـەوە دەڵـێ:" مێژوونوسێکە کەجیادەکرێتەوە بەتوندی جێگیرکردن، لەوانـەی کـەزانیاری لێوەرگرتوون و لێیانەوە گواستویەتیەوە، هەروەك چۆن ڕاڤەکردنیشـی بـۆ ڕووداوەکان وابووە". (ڕوبەرت فلنت) لەکتێبەکەیدا بەناونیشـانی(مێـژووی فەلســـەفەی مێـــژوو) ستایشــــی ئـــیبن ئەســـیر دەکـــات کـــە لەچـــینی تۆمارکەرەکانەو دەڵێ:" تەنها بەگێڕانـەوەی ڕووداوەکـان وازی نـەهێناوە، بـــەڵکو هەوڵیــداوە پێشــەکی ڕووداوەکــان ئاشــکرا بکــاتو ئەنجامــەکانی بخاتەڕوو".

لەهاوەڵانی تری مێژووی گشتی، دیسان مەسعودی مێژوونوسمان هەیـە، پەڕاوەکەی بەناونیشانی(مروج الذهب ومعادن الجوهر) تیایانـدا لەسـەر ڕێبـازی تەبـەری ڕۆیشـتووە، لەسـەرەتای دروسـتبوونەوە تـاپێش مردنـی ئەویش، وەك تەبەری وابووەو هەواڵی بەبینین بـەراورد کـردووە، هـەروەها

سەردانی شوێنی ڕووداوەکانی کردووەو بەناوچەکانی وڵاتی فارس‌و کرمان‌و هیندو دوورگەی سەرندیب‌و مەدەغەشقەردا گەڕاوەو بەوڵاتی پشت رووبارو ئازەربایجان‌و جورجان‌و شامدا سوڕاوەتەوە، لەوڵاتی میسردا نیشتەجێ بووەو لەفوستات کۆچی دوایی کردووە. ئەم گەڕانە رووی بینین‌و توانای لەسەر کۆکردنەوەو لێوردبوونەوەو زانینی ڕاستی چنگ خستووە. بۆیە بینینی ئەو شوێنانە گرنگی پێبەخشیوە لەسەر ئەوەی کەلەگەڵ ئەبی عوسمانی جاحیزدا جیاوازبێت. دەزانرێ کە مەسعودی زانیاریەکی گەورەو مەعریفەیەکی فراوانی هەبووە دەربارەی هەندێك لەو ڕاستیانەی کە لەهەندێ کتێبەکانیدا باسکراوەو دەڵێت:" جاحیز بانگەشەی ئەوەی دەکردو پێی دادەگرت کەرووباری مەهران کەبریتیە لەرووباری سند، لەنیلە، بەڵام دواتر مەسعودی ئەمە بەهەڵە دادەنێ‌و هەڵەکەشی بەمشێوەیە بۆ ڕاست دەکاتەوە و دەڵێت:" یان نازانێ کەرووباری مەهرانی سند لەچاوگو کانی گەلێکی ناودارەوە لەبەرزاییەکانی وڵاتی سندا لەزەوی کراوەی مەملەکەتی بوردەو زەوی کشمیرو قەفەندار و تافرەوە هەڵدەقوڵێ تاوەکو بۆ وڵاتی موڵتان کۆتایی دێت، ئا لەوێدا پێی دەوترێ رووباری مەهران".

## میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی لای عەرەب

میتۆد ڕێگەیەکە بۆتوێژینەوە، ڕاستگۆیی روداوو لەمێژوودا بریتیە لەیەکەم شتێ کەرێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی دەیخاتەڕوو، بۆیە ئەگەر یۆنان هەوڵیان دابێ کەعەقلی مرۆیی لەدەسەلاتی خورافە ئازادبکەن‌و

ئازادیان کردبێت، کاتێك کەمێژوونوس (هیکاتیوس)جیاوازی کرد لەنێوان راستیو ئەفسانە لەمێژووەکەیدا بۆ پەرەسەندنی یۆنان، ئەوا عەرەبەکانیش توانیویانە بەش بەحاڵی خۆیانستراکچەری میتۆدی زانستی بن بۆ توێژینەوەکانی مێژوو، بەشێوەیەك کە لەبیرو هۆشیاندا بیرۆکەی کاتو شوێن چەکەرەی کردو چاخەکانیان پۆلێن کردو بایەخیاندا بەکاتی رووداوە مێژووییەکان بەرۆژو مانگو ساڵەکانەوە. پێشتر مێژوونوسانی یۆنانو رۆمان ئەم میتۆدەیان پەیڕەو نەکردووەو مێژوونوسانی ئەوروپاش تاپێش ساڵی(1597ز) پەییان پێنەبردبوو، هەروەك (باکلۆ مارگلیوت)دەڵێن.

عەرەبەکان پشتیان بەسەنەدو گێڕەرەوەکان بەست لەگێڕانەوەی فەرموودەدا بۆپارێزگاریکردن لەدەق کەئەم میتۆدە زیاتر لەمێژووی ژیاننامەی پێغەمبەرایەتیو جەنگەکاندا پیادەکراوە، بۆنموونە: (یەعقوبی) مێژوونوس باسی سەرچاوەی زانیاریەکانیو ناوی گێڕەرەوەکان، ئەوانەی کەزانیاری لێوەرگرتوون لەسەرەتای کتێبەکەیدا(تاریخ الیعقوبی) کردووەو دەقەکەشی تۆمارکردووە.(مەسعودی)یش یەکێکی ترە لەو مێژونوسانەی کەرووداوەکانی بەبێ سەنەد یاخود دانەپاڵ لەدەقدا گێڕاوەتەوە، بەڵام سەرچاوەکانی لەگێڕەرەوەو پۆلێنکەرانو مێژوونوسان لەپێشەکی کتێبی (مروج الذهب)دا باسیکردووەو وردەکاری ئەنجامداوە لەوگێڕانەوانەدا کەلێیانی وەرگرتووە. بۆیە هەندێکیانی وەرگرتووەو هەندێکیشیانی رەفز کردۆتەوە. هاوکات هەموو مێژوونوسێك راستگۆیی و وردەکاری گێڕانەوەکەیو میتۆدی لەتوێژینەوەدا پێوانە دەکرێت، بۆیە ئەگەر هاتوو

مێــژوونوس هاوســەردەمی رووداوەکــان بــوو، ئــەوا ئامادەباشــی دەکــات بـــۆبینین و کۆشـــش لەپشـــتەوەی حەقیقـــەت لەگێڕانـــەوەدا، وەك مێژوونوس(مـەقریزی)کەسـاڵی(845ك مـردووە)لەپلانەکەیـداو مێـژوونوس (ئـــیبن تـــەغری بـــەردی)کەســـاڵی(874ك مـــردووە)لەکتێبەکەیـــدا بەناونیشــانی(النجـوم الزاهـرة فـی ملـوك مصـر والقـاهرة) لەگــەڵ مێـــــژوونوس(جـــلال الـــدین الســـیوطی)کەســـــاڵی (911ك مردووە)لەپەڕاوەکەیدا (حسن المحاضرة فی اخبار مصـر والقـاهرة). هـــەروەها مێـــژوونووس (ئـــیبن ئیـــاس) کەســـاڵی(930ك) مـــردووە لەپەڕاوەکەیدا بەناوی (بدائع الزهور فی وقائع الدهور)کە لەخوێندکارەکانی سیوطی بووە و مێژووی بۆ میسر داناوە تاپێش مردنی خـۆی بەدووسـاڵ، جگەلەوەش مێژوونووسـان (عەبـدو رەحمـان جبرتـی)کەسـاڵی(1240ك= 1825ز) مردووە لەهەردوو کتێبەکەیدا بەناونیشانی(عجائـب الاثـار فـی التـــراجم والاخبـــار)و (مظهـــر التقـــدیس بـــذهاب دولـــة الفرنسیس)کەمێژوونوسی هاوچـەرخی شـاری نەجـدی سـعودی(عوسمـانی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی بەشـر) لەپەڕاوەکەیـدا بـەناوی (عنـوان المجـد فـی تاریخ نجد)لەسەر رێبازی جبرتی رۆیشتووە.

بەهــەرحاڵ بیـنین سەرچـاوەیەکی نیگـا بەخشـبووە لەسەرچـاوەکانی مێـــژووی رابـــردوو، هـــەروەها سەرچـــاوەیەك بـــووە بـــۆ روانـــین لەمێـــژووی هاوچـــەرخ، مێژوونوســـی هاوچـــەرخ (محەمـــەد عەبـــدوڵڵا عـــەنان)ســـەردانی شـــوێنەکانی ئەندەلوســـی کـــۆنی کـــردووە لەئیســـپانیاو مـــەغریبو دواتـــر ئەنســـــکلۆپیدیا چـــــاکەکەی نوســـــیوە لەمێـــــژووی ئەندەلوســــــدا.

کـاتێکیش(د.محەمـەد حسـنین هەیکـەل) پەڕاوەکـەی بەناونیشـانی(حیـاة محمد)نوسـی، رای وابـوو بـەبینین تـەواوی بکـات، بۆیـە سـەردانی شـاری مەککـەو مەدینـەی کـرد بـۆبینینی دیمەنـەکانی پێغەمبەرایـەتی و بـوو بەبابەتی کتێبەکەی بەناونیشـانی (فـی منـزل الـوحی)و لـەنێوان رابـردوو ئێستادا لەچوارچێوەیەکی جواندا لەراستیو شرۆڤە لەسـەر شـانۆیی کـات پەیوەنـــدی دروســـت کـــردووە. هـــەروەها ئـــیبن خەلـــدون لەکتێبەکەیدا(المقدمة)توانیویـەتی دەربـارەی روانینـی گشـتی بـۆ مێـژوو، دەرککردنی قوڵ بۆکرۆکی مێژوو ئاشکرا بکات، بۆیە پاشمـاوەو ئاسـەواری ئـیبن خەلـدون لەسـەری زانسـتی مێـژوو ئەوەیـە کـەرووداوی لەچوارچـێوە جوزئیەکەیەوە هەڵگرتووە بۆ چوارچێوە گشتیەکەی، هەروەها رووداویشی گواستۆتەوە بۆچوارچێوەی کـاتو شـوێن، بەشـێوەیەك کۆمەڵـە هۆکارێـك تەحـەکوم بـەرەوتی مرۆڤـەوە لەسـەر زەوی دەکـەن، ئـیتر ئـەو کۆمەڵـە هۆکارە مرۆڤ خۆی دروستی کردبێ یـان لەسـەرەوەی توانـاو لەسـەرەوەی دەرککردنیەوە بێت. هـەروەها ئـیبن خەلـدون بـیروڕای وایـە کەمێـژوونوس خۆی هەڵدەستێ بەراڤـەکردنیو هـەر خۆیشـی هـۆو هۆکـارێتی پێشـکەش دەکـــات لـــەواقیعی روانینـــە گشـــتیەکەیەوە بـــۆرەوتی مێـــژوو، پاشـــان لەدەرککردنیەوە بۆ کرۆکی رووداوەکان، ئەگەرهاتوو مێژوونوس لەمیانـەی باسکردنی رووداوە مێژووییەکاندا هۆکارو هۆی ئاشکرا نەکردبوو، هەروەها بەبینینی خۆیشی ئەو هۆو هۆکارانەی جێبەجێ نەکردبوو بۆکرۆکی مێـژوو، ئەوا مێژووەکەی خاڵی دەبێ لەزیندوێتی، لەم گۆڕەپانەشـدا مێژوونوسـانی عـەرەب رۆشـناییان خستۆتەسـەر ئـیبن خەلـدون بـەوەی کـەنزیك نـەبووە

لـەپێش دەرکـەوتنی جـۆرج ڤیکـۆی مێـژوونوس و فەیلەسـوف پـێش سـێ سـەدە. بۆیـە ئەگـەر مێژوونوسـانی عـەرەب مـادەی مێـژوویان پێشـکەش کردبێ، ئەوا ئیبن خەلدون بەتەنها خۆی زانیوێتی چۆن ئەو مادە مێژووییە دروست بکاتو چۆنیش سودی لێوەربگرێت.

## عەرەبو میتۆدی ژیاننامەی مێژوویی

عـەرەب میتـۆدێکی تایبـەتیان لەنوسـینەوەی ژیاننامـەو بەسـەرهاتدا هـەبووە، ئەمـەش بریتیـی بـووە لەیەکـەم هـەنگاو هـەڵهێنانو پلانـدانان لەبواری مێژوودا، کاتیك نوسینەوەی مێژووییان بەنوسـینەوەی ژیاننامـەی پێغەمەرایەتیـەوە دەسـتپیکردووەو چـوونەتە گۆڕەپانەکـەوەو مێـژوویان بۆناودارەکان داناوە، هەروەك مێژووسیان بۆ شارو ناوچەکان داناوە، بەڵام نوسینەوەی مێژوویی ژیاننامـە لای عـەرەب پـڕ نـەبووە لـەتیۆری پاڵـەوان لەمێژوودا، وەکچۆن مێژوونووسانی یۆنانو رۆمان کاریان لەسەر ئەم تیۆرە کردووەو هەموو رەوتی مێژووشیان بۆخودی پاڵەوان گێڕاوەتـەوە. چـونکە پاڵەوان لەمێژووی ئیسلامدا جگە لەدیاردەیـەکی کۆمەڵایـەتی بۆجموجـوڵی کاتو شوێن شتێکی تر نەبووە.

پیرۆزکردنـی پاڵـەوانو کـارە نائاسـاییو مـوعجیزەو بلیمەتیـەکانیان کەماوەتـەوەو زاڵبـووە بەسـەر هەسـتو سـۆزی مێژوونووسـانی یۆنـانو رۆمانـدا لەکاریگـەری ئەفسـانە کۆنـەکان بـووەو هـەڵیان گرتـووە لەسـەر پیرۆزکردنی پاڵەوانێتیو رۆڵی پیاوی مەزن بەپاڵـەوان چـوێنراوە. هاوکـات پاڵەوان لەمێژوویی ژیاننامەی عەرەبدا نوێنەرایـەتی سـەردەمو ژینگەکـەی

دەکـاتو لەگـەڵ بـارودۆخی سـەردەمەکەیدا کارلێـك دەکـات. هــەروەها مێژوونووسـانی عــەرەب لەنوسـینەوەی مێـژوودا پشـتیان بەسـەنەدەکان بەستووە، بەتایبەت لەنوسـینەوەی مێـژوویی ژیاننامـەداو زیـاتر زانیاریـان لەو گێڕەرەوانە وەرگرتووە کەزۆر نزیکبـوون لەکەسـەکەوە. ئەگـەر مێـژوو نووسەکە خۆی هاوسەردەمی ئـەو کەسـە بوو‌بێـت کەمێـژووی بۆنوسـیوە، ئــەوا پەیوەنــدی پیــوەکردووەو راســتەوخۆ زانیاریــەکانی لەخۆیــەوە وەرگرتــووە. دواجـار ژیاننامــە بـوارێکی بەپیتــە بۆچـیرۆکی میللـی، وەك ژیاننامەی (عەنتەرەی شاعیرو سـەیفی کـوڕی زی یـەزنو ژیاننامـەی زاهـر بیبرسو ژیاننامەی بەنی هیلال).

**سەرچاوە:**

گۆڤاری (الفیصل)ی چاپی سعودی، ژمارە(339)، مـانگی(2/1980ز) سالّی سێیەم،لا(18-25).

# بیردۆزەکانی ڕاڤەکردنی مێژوو
(10)

مێژوو پێگەیەکی گرنگی لەنێوان لقەکانی مەعریفەی مرۆڤایەتیدا داگیرکردووە، مرۆڤ لەماوەی سەردەمە دێرینەکانی مێژووەوە بایەخی پێداوە، لەمیسری کۆندا، نوسراوە مێژووییەکان لەسەر گەڵای بەردی دەنوسرانەوە، بەڵام لەوڵاتی نێوان دوو ڕوباردا (میسۆپۆتامیا)، نوسراوەکان لەسەر تابلۆی قوڕین یان تاتەبەردی قوڕین دەنوسرانەوە، بەوەش زۆر دانراوی مێژوویی گرنگ کە لەسەردەمە مێژووییە کۆنەکانو ناوەڕاستو نوێدا دەرکەوتن زیادی کرد.

لەسەدەی حەڤدەیەمدا سەرجەم بیردۆزەکانی ڕاڤەی مێژوویی پەرەیان سەند، لەکاتێکدا زانراوە کە ژمارەیەك لەو بیردۆزانە ڕەگوریشەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە مێژووییە کۆنەکان، نموونەش وەك ڕاڤەی پاڵەوانی بۆ مێژوو، ڕاڤەی ئاینی بۆ مێژوو، هەروەها ڕاڤەی جوگرافی بۆ مێژوو، لەگەڵ ڕاڤەی خولی بۆ مێژوو.

### ڕاڤەی پاڵەوانی بۆ مێژوو

ئاڕاسـتەی پاڵـەوانی لەراڤـەکردنی مێـژوودا بەلەپێشـترینی ئـەو ڕاڤەکردنانـە دادەنرێـت، کـە مـرۆڤ ناسـیبێتی، واتـە کـارو کـردەوەی مەزنـەکان دەبێتـە هـۆی دروسـتکردنی ڕووداوە مێژووییـەکان لـەم جیهانـەدا. ئـەم ئاڕاسـتەیەش لەسـەردەمی یۆنانیەکانـەوە دەسـتیپێکردووە، هـەردوو داسـتانی (ئـەلیازەو ئۆدێسـە)ی شـاعیری یۆنـانی (هـۆمیرۆس) بـەپارادایمێك دادەنرێـت بـۆ مـەزنکردنی پاڵـەوان و پاڵەوانێتی.

لەپێشـەکی نـۆ پەڕاوەکـەی مێژوونوسـی یۆنـانی هـیرۆدۆت (484 – 425 پ.ن)دا هـاتووە، کـە ناسـراوە بـە (التـواريخ)، مێـژووی تۆمـارکردووە بۆئـەوەی سـەردەم کـارو کـردەوەی پیـاوە مەزنـەکان لەبیرنـەکات، هـەروەها بۆئـەوەی دەسـکەوتە چـاکەکان بـەبێ مـەزنکردن یـان سەرسـوڕمان نەمێننـەوە. [1] دوای هـیرۆدۆت مێژوونوسـی یۆنـانی توکیـدیس دێـت (465 – 401 پ.ن) ئـەو بـیردۆزی (پیـاوی مـەزن) بەرهەمـدێنێ و تیایـدا ئـەو ڕۆڵـە ڕووندەکاتـەوە کـە پاڵەوانـەکان لەدروسـتکردنی مێـژوودا دەیگێـڕن، چـونکە کـارو کـردەوەی پاڵەوانـەکان لەنمونـەی پادشـاو سـەرکردەکان و ئازایەتیـەکانیان مێـژووی دروسـتکردووە. [2] ئـەو بـیردۆزە بایەخـدانی یەکـەمی بـۆ ژیـانی ئـەو تاکەکەسـانە بـوو کـە یارمەتیان داوە لەگۆڕینی ڕەوتی مێژوودا.

پاشـان مێژوونوسـی ڕۆمـانی بـەناوبانگ پلوتـارك دێـت (125 – 46 پ.ن) کـە لـە کەسـایەتی خۆیـدا، کەسـێتی پـەروەردەکارو

کەسێتی مێژوونوسی کۆکردبوویەوە لەکتێبێکدا بەناوی (ژیانی مەزنەکان) وەك جەختکردنەوەیەك لەسەر ئەو شتانەی کە پێشتر توکیدیس لەبارەی تیۆری پیاوی مەزنەوە جەختی لەسەرکردبوویەوە. پلوتارك پشتی بەشیکردنەوەو مەزنڕاگرتنی کەسایەتیەکان بەستبوو کە بەشداریان کردووە لەدروستکردنی مێژووی جیهاندا.[3]

تیۆری پیاوی مەزن لەراڤەکردنی مێژوودا لەماوەی سەردەمەکانی ناوەڕاستو نوێشدا بەردەوام بوو، بەشێوەیەك فەیلەسوفی ئینگلیزی هربرت سپنسر ($1820 - 1903$ ز) ئاماژەی بۆدەکات، بەجۆرێك دەڵێت:"پادشا لەسەردەمە رابردووەکاندا نوێنەرایەتی هەموو شتێکی دەکرد، لەکاتێکدا پاشماوەی تاکەکانی گەل نوێنەرایەتی شتێکیان نەدەکرد، بۆیە کارو کردەوەکانی پادشا هەموو وێنەکەی دەخستەڕوو، لەکاتێکدا شێوازەکانی ژیانی گەل باکگراوندێکی ناڕۆشنو تەمومژاوی هەبوو".[4]

لەناودارترینی ئەوکەسانەی بەرگری لەتیۆری راڤەکردنی پاڵەوانی بۆ مێژوو کردووە (تۆماس کارلیل)ی فەیلەسوفو مێژونوسی ئوسکوتلەندی بوو کە لەنیوان ساڵانی ($1795 - 1885$ ز)دا ژیاوە، ئەوەش لەکتێبەکەیدا بەناوی (پاڵەوانەکان) کاتێك دەڵێت:"لەبیروباوەڕی مندا مێژووی گشتی – ئەو مێژووەی کە مرۆڤ لەم جیهانەدا دایهێناوە – ئەو مێژووەیە کە لەلایەن

مەزنەکانـــەوە لـــەدونیادا دەرکـــەوتووە، ئـــەوان پێشـــەوانو ئـــەوان راسـپێراون بـۆ کاروبارەکـان، ئـەوان پێشـڕەو و سەرمەشـقن، هـەروەها ئـەوان داهێنـەری هـەموو ئـەو شـتانەن کـە خـەڵکی دونیـا لەسـەری رێکـەوتوون، هـەموو ئـەو شـتانەش کـە جیهـان پێـی گەیشـتووە، هەروەها هەموو ئەوشتانەش کە لەم بوونەدا جیهان دەیبینێت". [5]

بەڵام زانای ئەمریکی (در دريك ئەدامز وود) توێژینەوەیەکی درێژی دەربارەی (386) سێ سەدو هەشتاو شەش پادشا لەئەوروپای خۆرئاوا نوسیوە، ئەو لەئاکامی توێژینەوەکانیدا وادەبینێ کە پاڵەوانی مێژووی لە پلەوپایەی یەکەمدا بریتیە لەپادشا. ئەدامز هەوڵدەدات بناغەیەکی ئەزمونی ببەخشێتە بیردۆزەکەی، هاوکات بەزۆرترین بانگەشەکار دادەنرێت دوای کارلیل کە زیادەڕەوی کردبێت لەتەئویلی پاڵەوانیدا بۆ مێژوو. [6]

ئەو رەخنە گەورەیەی کە نەیارانی تیۆری پیاوی مەزن ئاڕاستەی دەکەن ئەوەیە کە ئەم تیۆرە رۆڵی ژینگەی کۆمەڵایەتیو رەوشی ئابوری فەرامۆش دەکات کە لەمیانەیدا ئەو تاکەکەسە سەرکەوتووانە دەردەکەونو مومارەسەی چالاکیەکانی خۆیان لە(ژینگەکەیاندا دەکەن، چونکە هەر تاکەکەسێك کە مێژوویەك دروستدەکات، ئەوا ئەو رۆشنبیریو شارستانیەتەی کە ئینتمای بۆی هەیە سنوردارە. مرۆڤیش ناتوانێ کارێك بکات مەگەر شارستانیەتەکەی رێگەی پێبدات). [7]

بەڵام ئاڕاستەی پاڵەوانی لەراڤەکردنی مێژوودا تائێستاش لایەنگرانی لەزاناو فەیلەسوفو مێژوونوسەکان ماون کەوا دەبینن کاروکردەوەی

پیاوە مەزنەکان ئاڕاستەی ڕووداوە مێژووییەکان دەکاتو یارمەتیدەدات لەسەر گۆڕینی ڕووی جیهان لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر. هەروەك تائێستاش ژیاننامەو بەسەرهاتی پیاوە مەزنو پاڵەوانەکان بەلقێك لەلقەکانی مێژووی سیاسی دادەنرێت.

## ڕاڤەکردنی ئاینیی بۆ مێژوو

ئەم ڕاڤەکردنە لەسەردەمە کۆنەکانەوە دۆزراوەتەوە، لەو حاڵەتانەدا کە تیایدا مێژوونوسەکان نەیانتوانیبێت هەندێ ڕاڤەکردنی پاڵەوانی ببەخشنە مێژوو، هەستاون بەپێشکەشکردنی ڕاڤەکردنی ئاینی لەئاکامی بیروباوەڕیان بەبوونی هێزێکی باڵادەست کە زاڵو بەهەژموونە لەسەر جیهانو دونیا ئاڕاستە دەکات، ئەو هێزەشیان ناوناوە خواوەند.

لای یۆنانیەکانو لای گەلانی کۆن لەوڵاتی میسۆپۆتامیاو وڵاتی شامو میسر، باسی ئەو خواوەندە کراوە، هەمووکات پادشایان بەخواوەند یان نوێنەری خواوەند لەسەر ڕووی زەوی داناوەو ئەو ڕووداوە مێژووییانەشیان بۆ ئەو گێڕاوەتەوەو بیروڕاشیان وابووە کە جوڵەی مێژوو هیچ نیە جگە لە پلانی خواوەندی بۆ کۆتاییهێنانی جیهانو ئەو چرکەساتەش لەهێڵکاریە گشتیەکەیدا بڕیاری لێدراوە لەسەرەتای دروستبوونەوە تا ڕۆژی دوایی. ئەم ڕاڤەکردنە مێژووی تەوراتی گرتۆتەوە، هەروەك لەگەڵ میتۆدی مێژوویی کەنیسەی مەسیحیەتیشدا دەگونجێ، بەڵام بەشێوەیەکی قوڵتر، ڕاڤەکردنی ئیسلامی بۆ مێژوو، دیسان بانگەشە دەکات بۆ بڕوابوون بەبوونی خودایەکی باڵادەست لەسەرەوەی هەموو شتێك،[8] یاخود ئەو

ئاڕاستەکەرە بۆ هەموو شتێك، بەگوێرەی ئەم گۆڕانکاریەش جوڵەی مێژوو کە بەفراوانی گەردوون دەگرێتەوە یەك جوڵە دەبێت لەو ڕۆژەوە دەستپێدەکات، کە خودا ئاسمانەکانو زەوی دروستکردووەو دەڕوات بەرەو ڕۆژی دوایی. [9]

لێرەدا گروپێك لەمێژوونوسان کە خاوەنی بیردۆزە ئاینیەکانن لەکاتو مێژوودا، ئەوان کات دەبەستنەوە بەدروستکردنی یەکەمەوەو لەچارەنوسی مرۆڤ لەدونیاو بەکۆتاییەوە حسابو سزاو پاداشتی پێوە گرێدەدەن، لەدیارترینی نوێنەرانی ئەم ئاڕاستەیەش (فلیون 25 پ.ز – 50 ز) بەنیسبەتی ئاینی جولەکەوە، هەروەها قەشە ئۆگەستین (354 – 430 ز) بەنیسبەت ئاینی مەسیحیو ئیبن خەلدون (کە ساڵی 808 ك) مردووە بەنیسبەت ئاینی ئیسلامەوە. [10]

بەمەش دەبینین لایەنگرانی ئەم ڕاڤەکردنە وا دەبینن کە ویستی خودا بریتیە لەئاڕاستەکەر بۆ هەموو شتێكو هەر ئەویش ئاڕاستەی ڕووداوە مێژووییەکان دەکات بەهاوکاری ئاڕاستەکردنی کاروکردەوەکانی مرۆڤ، ئیتر تاکەکەس بێت یان کۆمەڵ.

## ڕاڤەکردنی جوگرافی بۆ مێژوو

ڕەگوریشـــەی ئـــەم ڕاڤەکردنـــە دەگەڕێتـــەوە بـــۆ بیریارەکـــانی یۆنـــان کـــە وایانـــدەبینی ڕاڤـــەکردنی مێـــژوو، گـــەڕان بـــەدوای سەرچـــاوەکانی گۆڕانکاریـــدا لـــەڕوداوە مێژووییەکانـــدا دەکـــرێ لەڕێگـــەی تێبینـــی بارودۆخە جوگرافیو ئاووهەواییەکانەوە ئەنجامبدرێت. [11]

لەلایــەنگرانی ئــەم راڤەکردنــە لەســەردەمە نوێیەکانــدا ئەوانــەن کــە هەوڵیانــداوە راڤــەی دیــاردە مێژووییــە فرەکــان لــەژێر رۆشــنایی یــەك فاکتــەردا بکــەن کــە ئــەویش فاکتــەری جــوگرافی بــووە، [12] لەوانــەش مێـــژوونوس‌و فەیلەســـوفی فەرەنســـی مونتســـکیۆیە (1689 – 1755 ز)، کـــە بایەخدانـــەکانی چـــڕکردەوە لەســـەر شـــیکردنەوەی مێــژوویی بــەهۆی هۆکــارە فیزیاییەکانــەوە، وەك ئاووهــەواو بــارودۆخی جــوگرافی تــر، [13] هــەروەها یــەکێکی تــر لــەوان فەیلەســوفی ئــەڵمانی هــــردرە (1744 – 1830 ز)، کـــە گەشـــەکردنی مرۆیـــی لەرێگـــەی گـــەڕان لەماهیـــەتی پەیوەنـــدی مـــرۆڤ بەژینگـــەی سروشـــتیەوە راڤەکردووە. [14]

هــەروەها یــەکێکی تــر بیریــار (هنتنگتــۆن)ی ئەمریکیــە (1876 – 1947) کـــە پێشـــکەوتنی شارســـتانیەتە مرۆییـــەکانی لەهەنـــدێ ناوچــەدا پێشخســتووە بــەبێ شارســتانیەتی تــر. هــەروەك هۆکارەکــانی هەڵوەشــانەوەو دواکەوتنیشــی گەڕاندۆتــەوە بــۆ فاکتــەرە ئاووهەواییــە جوگرافیەکان. [15]

## راڤەی خولی بۆ مێژوو

راڤەکردنی خولی بۆ مێژوو لەماوەی سەردەمی یۆنانەوە دەرکەوتووە، ئەم راڤەکردنە لەدەوروبەری مانایەکی سەرەکی دەسوڕێتەوە کە بریتیە لەوەی: مێژووی جیهان لەخولی یەك بەدوای یەك‌و لێکچوودا دەڕوات‌و دەسوڕێتەوە. فەیلەسوفی یۆنانی بەناوبانگ ئەفلاتۆن (428 – 348

پ.ن) لەنوێنەرانی راڤەکردنی خولی بۆ مێژوو لەو سەردەمەدا دادەنرێت، ئەفلاتۆن وایدەبینی کە مێژوو گوزارشتە لەکۆمەڵێك خول و دەوران، کە بێگومان بەهەڵسانەوەو شیبوونەوەو رووداوە سروشتیەکان کۆتایی دێت،[16] هەروەها لەلایەنگری دیکەی ئەم راڤەکردنە مێژوونوسی عەرەبی (ئیبن خەلدون)ە کە وا دەبینێ هەموو دەوڵەتێك پێویستە بەژمارەیەك خولدا بڕوات، کە بریتین لەخولو سەردەمی عیمرانو شارنشینی، پاشان خولو سەردەمی هێزو پەرەسەندن، پاشان خولو قۆناغی لاوازبونو هەڵوەشانەوە.

هەروەها لایەنگرێکی تری ئەم بیردۆزەمان هەیە لەسەردەمی نوێدا کە ئەویش مێژوونوسی ئیتالی ڤیکۆیە (1668 – 1744 ز) ڤیکۆ بیردۆزێکی لەپەرەسەندنی گەلاندا داناوەو ناوی لێناوە بیردۆزی خولو قۆناغەکان. بەگوێرەی ئەم بیردۆزە هەموو نەتەوەیەك لەنەتەوەکان بە سێ خولو قۆناغو سەردەمدا تێدەپەڕێت کە دواجار بەسەردەمی بەربەری بوونو هەڵوەشانەوەی کۆتایی دێت.

ئەو خولو قۆناغو سەردەمانەش بریتین لە: (قۆناغی خواوەندی، تیایدا خەڵك بڕوایان وایە کە خواوەند هەموو شتێك بەڕێوەدەبات، قۆناغی پاڵەوانی، کە قۆناغی کەسایەتیە گرنگە بەهێزەکانە، قۆناغی مرۆیی، کە بریتیە لەسەردەمی شارستانیەتی راستەقینە کە تیایدا یەکسانی سروشتی لەنێوان خەڵکیدا بڵاودەبێتەوە، هەروەها ئەو یاسایانەش بڵاودەبێتەوە کە تیایدا هەمووکەس یەکسانن، دوای ئەو قۆناغو سەردەمانەش

شارستانیەتەکە تووشی هەرەس‌و شکستی دەبێتەوەو دەگەڕێتەوە بۆ بەربەریەتی نویێ).[17]

هاوکات لێرەدا مێژوونوسی ئەڵمانی (شپنگلر)مان هەیە (1880 – 1936 ز) کە بەگوێرەی بیروباوەڕی خۆی پێی وایە مێژوو بریتیە لەشانۆیەك بۆ ژمارەیەکی گەورە لەشارستانیەتەکان، مێژووی هەموو شارستانیەتێکیش وەك مێژووی بونەوەرێکی ئۆرگانیە، واتە سەوز دەبێت‌و پێدەگات پاشان تیادەچێت‌و دەمرێت. هەروەك پێی وابوو کە چوارچێوەی ژیان یەکێکە بەنیسبەت بونەوەرە زیندووەکانەوە، بۆیە هەموو شارستانیەتەکانیش یەك چوارچێوەیان هەیە کە لەسەری دەڕۆن. بۆیە مێژوو بریتیە لەکۆمەڵێك قۆناغ‌و خول‌و سەردەمی ژیانی شارستانیانە، هەموو شارستانیەتێکیش خول‌و قۆناغ‌و سەردەمێکی ژیانی داخراوی هەیە کە تایبەتمەندێتی تایبەت بەخۆیشی هەیە.[18]

لەلایەکی ترەوە فەیلەسوف‌و مێژوونوسی ئینگلیزی ئارنوڵد تۆینبی (1889 – 1967 ز) سەرسام بووە بە بیردۆزی پێشووی شپنگلر، تۆینبی بیردۆزی مەیدانبازی (التحدی)ی داناوە کە تیایدا دەڵێت:"هەموو شارستانیەتێك بە سێ قۆناغ‌و بازنەدا دەڕوات‌و تێدەپەڕێت‌و لەکۆتاییەکەیدا لاوازدەبێت". دیسان تۆینبی وادەبینێ کە شارستانیەت بەمەیدانبازییەوە دادەمەزرێ، کاتێك رووبەڕووی بارودۆخی کۆمەڵگەکە دەبێتەوەو کەمینەکی داهێنەر دادەمەزرێنێ کە ئەرکی وەڵامدانەوە لەسەر ئەم مەیدانبازیە دەگرنە ئەستۆ لەڕێگەی هەستان بەوەڵامدانەوەی پێویست بەو

مەیدانبازیــەوە، واتــە دامــەزرانی شارســتانیەت بریتیــە لەپرۆســەیەکی مەیــدانبازیو روبەڕوبوونــەوەو وەڵامدانــەوە، مێــژووی مــرۆڤیش بریتــی دەبــێ لەزنجیرەیــەك لــەو مەیــدانبازیو وەڵامدانەوانــە.[19] بەمــەش دەبیـــــنین ژمارەیـــــەك لەفەیلەســـــوفە هاوچـــــەرخەکان بڕوایـــــان بەگەشــەکردنی شارســتانیەتەکانو پەرەســەندنیو پاشــان لاوازبــوونو هەڵوەشانەوەشی هەبووە.

## راڤەی ئایدیالی بۆ مێژوو

فەیلەسوفی ئەڵمانی جۆرج ویلیەم فردریك هیگڵ (1770 – 1831 ز) بەسەرۆکی خوێندنگەی ئایدیالیزم لەراڤەکردنی مێژوودا، دادەنرێت، کە وایدادەنا فیکر یان عەقڵ بنەمای هەموو شتێکە لەبووندا. فەلسەفەکەی هیگڵ سەدەی هەژدەی تەواوکردو چووە نێو سەدەی نۆزدەشەوە، بەوەش کەوتە نێو دوو سەدەو خاڵی گۆڕانەوە لەنێوان دوو سەردەمدا.[20] بەدڵنیاییەوە فەلسەفەی مێژوو بەشێکی زۆرتری داگیرکردووە لای هیگڵ لەوانی تر، ئەگەر راست بێ بڵێین، ئەوا زۆرترین نفوزی هەبوو لەکاری هیگڵدا، لەراستیدا عەقڵ لەتێڕوانینی هیگڵدا بریتیە لەجەوهەرو کرۆکی مێژوو، هەموو شتێك لەمێژوودا، هەروەك لەبوارەکانی تریشدا بەشێوەیەکی عەقڵانی دەڕوات.[21]

فەلسەفەی مێژوو بەدڵنیاییەوە – بەگوێرەی تەسەوری هیگڵ– لەسەریەك رەوتی راست دەڕوات بەدرێژایی کات، ئەم رەوتەش بەمرۆڤدا تێدەپەڕێت، کە لەرەوشی بەربەرییبوونی سروشتیەوە دەگوازێتەوە بۆ

ئاستی یاسایی‌و سیستەمی، هەروەها مێژووی مرۆڤایەتی دەکرێ وا شرۆڤە بکرێ کە پرۆسەیەکی دوورودرێژەو مرۆڤایەتی توانیویەتی لەمیانەیدا پێشکەوتنێکی رۆحی‌و مۆراڵی بەدەستبهێنی‌و ئەم پێشکەوتنەش لەرێگەی عەقڵی مرۆییەوە بەدەستدێت.[22]

ئەمەو هیگڵ وایدەبینی کە ویستێکی پلان بۆدارێژراو و سیستماتیکی لەپشتی رووداوە مێژووییەکانەوە ئامادەیی هەیە، چونکە ئەو رووداوانە جێنەهێڵراون بۆ رێکەوت.

## راڤەی ماتریاڵی بۆ مێژوو

لەلایەکی ترەوە ژمارەیەك لەفەیلەسوف‌و مێژوونووسەکان روویان کردۆتە ئاڕاستەیەکی مادی‌و ماتریالیزمیانە بۆ راڤەکردنی مێژوو، لەناودارترینیان (کارل مارکس)ی فەیلەسوفە (1818 – 1883 ز) کە بانگەشەی تیۆری ماتریالیزمی لەمێژوودا کردووەو گرێیداوە بەپەرەسەندنی ئابورییەوە لەکۆمەڵگەدا، لەئاکامی ئەم پەیوەستکردنەوە راڤەی مێژووی لەسەر بناغەیەك کردووە کە مادە بڕیاری لێبدات، واتە کۆنترۆڵکردنی رێگەکانی بەرهەمهێنان کە هەر چینێك یان هەر پارادایمێکی فیکری بڕیاری لێدەدات. دەکرێ لەماوەیەکدا بڵاوبووبێت بەشێوەیەك ململانێی بەردەوام لەنێوان چینە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکاندا لەکۆتاییدا سەردەکێشێ بۆ سەرکەوتنی چینی پرۆلیتاریا، واتە چینی کرێکاران.[23]

بەمەش بەگوێرەی ئاڕاستەی مارکسیزمی مێژوو لەرێگەی فاکتەری ئابوری‌و ماتریالیەوە راڤەدەکرێت کە خۆی لەململانێی نێوان چینەکانی

کۆمەڵگەدا بەدرێژی سەردەمەکان دەبینێتەوە، کە لەسیستمی کۆمۆنەی سەرەتاییەوە پەرەدەسێنی بۆ سیستەمی ململانێی نێوان چینە جیاوازەکان کە دواجار خۆی دەبینێتەوە لەململانێی نێوان گەورەو کۆیلەدا لەسەردەمە کۆنەکانو هەروەها فیوداڵەکانو ژێردەستەکانیان لەسەدە ناوەڕاستەکانو هەروەها لەنێوان کەپیتالیزمو بەشەکان لەسەردەمە هاوچەرخەکاندا.

بێگومان دەبێ ئاماژە بکەین بەبیریاری شۆڕشگێڕو زانای ئابوری فەرەنسی سان سیمۆن (1760 – 1825ز) کە لەرێگەخۆشکەران بوون بۆ راڤەی مارکسیزمی بۆ مێژوو، ئەو دەڵێت:"مێژوو لەململانێیەکی پەیوەستدایە لەنێوان دوو فاکتەردا، جوتیارو پیشەساز لەلایەكو لەنێوان خانەدانەکانو فیوداڵەکانو پیاوانی ئاینی لەلایەکی ترەوە". [24]

دواجار لەمیانەی ئاڕاستە جۆراوجۆرەکانەوە لەراڤەکردنی مێژوودا کە لەسەدەی نۆزدەدا پەرەیان سەندو دەرکەوتن، زانیاریمان دەستکەوت لەسەر ناودارترینی ئەو راڤەکردنانەو ناودارترینی فەیلەسوفانی مێژوو، مێژوونووسانیش کە ئەو راڤەکردنانەیان بەرهەمهێناوە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پەرەسەندنی دانانو بیرکردنەوەی مێژوویی لەماوەی ئەو سەدەیەدا، کە هەندێك کەس بەسەدەی مێژووی دادەنێن.

## پەراوێزەکان:


1- لويس جوتشلك: كيف نفهم التاريخ؟ ترجمة (عائدة سليمان عارف وأحمد مصطفى ابو حاكمة) دار الكتب العربي، بيروت، ص 245، 1966. أيضاً أنظر محمد عواد حسين: (صناعة التأريخ) مجلة (عالم الفكر)، عدد خاص بفلسفة التأريخ، المجلد الخامس، العدد الأول، الكويت، 1974، ص 123) أنظر حكمت أبوزيد: التأريخ تعلمه وتعلمه حتى نهاية القرن التاسع العشر، مكتبة الانجلوا المصرية، القاهرة، 1961، ص 5.

2- نفس المصدر.

3- المصدر السابق، ص 17.

4- Spencer, Herbert: Essayson Education, J.M.Dentand sons Ltd, Jvery Mans Library, London, 1949. P (28).

5- توماس كارليل: الأبطال، ترجمة (محمد السباعي)، دار الكتب العربي، بيروت (بلا تاريخ).

6- سيدنى هوك: البطل في التاريخ، ترجمة (مروان الجابري)، مؤسسة الأهلية للطباعة والنشر، بيروت، 1959، ص (50-53).

7- د. محمد نهاد حمودي: تقويم مناهج التاريخ في المرحلة الثانوية العامة في سورية (رسالة دكتوراه غير منشورة مقدمة الى كلية التربية في جامعة عين شمس في القاهرة، الطبعة عام 1972، ص (98).

8- محمد نهاد حمودي: طرق تدريس مادة التاريخ، أمالي كلية التربية في جامعة دمشق للعام الدراسي (1973-1974 م) ص(35).
9- د. عماد الدين خليل: التفسير الاسلامي للتاريخ، دار العلم للملايين، بيروت، الطبعة الأولى، 1975، ص (14).
10– عبدالرحمن بدوي: أحدث النظريات في تفسير التأريخ، مجلة (عالم الفكر)، عدد خاص بفلسفة التاريخ، مصدر سابق، ص (215-216).
11- Childe, V. Cordon: What is History. New York, Inc. 1953. P.V. 8.
12- جوردن ايست: الجغرافية توجه التاريخ، ترجمة (جمال الدين الدناصوري). القاهرة، (بلا تاريخ)، ص (11).
13– البان ج. زيدجرى: التاريخ وكيف يفسرونه من كونفوشيوس الى توينبي، ترجمة (عبدالعزيز توفيق جاويد) الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، 1972 م. ص (143).
14- هرنشو: علم التاريح، ترجمة (عبدالحميد عبادي) مطبعة لجنة التأليف والنشر والترجمة، القاهرة، 1937 م. ص (101).
15- نورى جعفر: التاريخ مجاله وفلسفته، مطبعة الزهراء، بغداد، 1955 م. ص (60).
16- محمد نهاد حمودي: طرق تدريس مادة التاريخ، مصدر سابق، ص (39).
17- نورالدين حاطوم واخرون: موجز تاريخ الحضارة، الجزء الأول، مطبعة الكمال، دمشق، 1965 م. ص (17).
18- المصدر السابق (18).
19- ليلى صباغ: منهج البحث التاريخي، أمالي كلية الاداب (قسم التاريخ) في جامعة دمشق للعام الدراسي (1975-1976م)، ص (173-174).

20- جان هيبوليت: مدخل الى فلسفة التاريخ عند هيغل، ترجمة انطوان حمصي، مطابع وزارة الثقافة والسياحة والأرشاد القومي، دمشق، 1969، ص (143).
21- رينية سيدو: هيغل والهيغلية، ترجمة نهاد رضا، دار الأنوار، بيروت (بلا تاريخ)، ص (47).
22- حسين مؤنس: التاريخ والمؤرخون، مجلة (عالم الفكر)، عدد خاص بفلسفة التاريخ، مصدر سابق، ص (50).
23- لويس جوتشلك: كيف نفهم التاريخ، مصدر سابق، ص (49).
24- حسين مؤنس: التاريخ والمؤرخون، مجلة (عالم الفكر)، عدد خاص بفلسفة التاريخ، مصدر سابق، ص (83).

**سەرچاوە:**

فيصل محمد شقير: نظريات التفسير التاريخي، مجلة (الفيصل)، الطبعة السعودي، عدد (22)، مارس (1979 م)، تصدر عن دار الفيصل الثقافية، ص (48-53).

## بۆنوسینی ئەم بەرهەمە سود لەم سەرچاوانەی تر وەرگیراوە:

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

1. دراسات في فلسفة التاريخ ،هاشم يحيي الملاح واخرون، دارالكتب للنشر والطباعة، موصل،1988،منهج جامعى.
2. طرق البحث العلمي في التاريخ والاثار، طة باقر واخرون.
3. د.سامى سعيد، د.جمال رشيد احمد: تاريخ الشرق القديم.
4. التفسير الاسلامى للتاريخ . د. عمادالدين خليل.
5. موجز تاريخ الفلسفة، مجموعة من استاذة السوفيات.
6.

**سەرچاوە کوردییەکان:**

1- کتێبی (مێژوو،کورتەباسێکی مێژوو،کوردو مێژوو) د.کمال مەزهەرئەحمەد، چاپی 1999.

2- موحازەرەکانی د. نەبەز مەجید ئەمین لەسەر بابەتی (ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی)بۆخوێندکارانی بەشی مێژوو، قۆناغی دووەم، لەکۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی بۆسالی خوێندنی 1999 – 2000.

3- چۆن توێژینەوەیەکی زانستی ئەنجام دەدەین؟ نوسینی ئیبراهیم سالح.

4- موحازەرە نوسراوەکانی (م. ئارام عومەر)لەسەرمادەی (مێژووی سیاسی) بۆقوتابیانی یەکەمی بەشی مێژوو، لەکۆلیژی زانستی مرۆڤایەتی، زانکۆی سلێمانی بۆسالی خوێندنی (1998 – 1999).

## بەرهەمە بڵاوكراوەكان

• بزوتنەوەی شعوبیەت(گەلانی ناعەرەب)لەمێژووی ئیسلامدا، هۆكاری سەرهەڵدانو كاریگەرییەكانی، لێكۆڵینەوەی مێژوویی، چاپی یەكەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپو بڵاوكردنەوە، وەزارەتی رۆشنبیریی، سلێمانی، 2004ز.

• عوسمانییەكان، لەعوسمانی كوڕی ئەرتوغرولەوە تاسوڵتان عەبدولمەجیدی دووەم، پەیماننامەو جەنگەكان، وەرگێڕان، چاپی یەكەمو دووەم، بڵاوكراوەكانی خانەی چاپو پەخشی رێنما، سلێمانی، 2008ز.

• مێژووی پێكهاتنو پەرەسەندنی بیری تۆرانیزم، لێكۆڵینەوەی مێژوویی، چاپی یەكەم، بڵاوكراوەكانی پرۆژەی كتێبی(كۆچ)، بەشی رووناكبیریی سەنتەری رووناكبیریی ئێلبەگی جاف، سلێمانی، 2007ز.

• موقەددەسو كولتور، ئیشكالیەتی بەریەككەوتنی نێوان ئیسلامو رۆژئاوا، لێكۆڵینەوەی فیكری، چاپی یەكەم، بڵاوكراوەكانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2007ز.

• دەربارەی فەلسەفەی مێژوو... زانستی مێژوو، كۆمەڵە وتار، ئامادەكردنو وەرگێران. چاپی یەكەم، لەبڵاوكراوەكانی دەزگای چاپو پەخشی رێنما، سلێمانی، 2009.

## ئەو بەرهەمانەی ئامادەن بۆچاپ

- گوتاری ئیسلامی کوردیو گرفتی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی، لێکۆڵینەوەی فیکریو سیاسی.
- گوتاری دەسەڵاتخوازی ئیسلامیو گرفتی بەرهەمهێنانی توندوتیژی ئاینی، لێکۆڵینەوەی فیکری.
- ئازادی رادەبرین لەنێوان ئایینو ئازادیدا، لێکۆڵینەوەی فیکریی.
- لەبارەی رۆژهەڵاتناسییو کوردناسییەوە، ئامادەکردن.
- سیستمی پەروەردەیی لەدەوڵەتانی ئەسکەندەنافیا(سوید، نەرویژ، دانیمارك)، وەرگێڕان.
- سیستمی دیموکراسیی ئەمریکی، وەرگێران بەهاوبەشی لەگەڵ(حەسەن حسێن).
- لەنێوان ئازادی رادەربڕین و سوکایەتیکردن بەموقەدەسدا، وەرگێڕان.